

# بەشێک لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی

## هاوڕێ کاروان مێراوی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# بەشێک لە "هەڤپەیڤینەکان"ی هاوڕێ "کاروان مێراوی"

## پێڕست:

١- **فەریبا محەممەدی:** داهاتووی شۆڕشی ئەمجارەمان هیوابەخشە و مژدەی ئازادیمان پێ دەدات ......................... ٣
٢- **د. محەممەد حوسێنزادە:** ڕاپەڕینی ئەم جارەی خەڵک، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرەو لێواری داڕووخان بردووە.... ٨
٣- **شنە درووودگەر:** ژنان چەخماخەی ڕاپەڕینی ئەم جارەیان لێی داوە................................................... ١٥
٤- بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ............................ **دیبەیت** ...... ١٩
٥- **د. فەراز فیرووزی:** ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و ئێراندا تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەخولقێنێت.................. ٢٦
٦- **وانیار ئەهوورایی:** خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادارن.......................... ٣٦
٧- بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران... دیبەیت ...... ٤٠
٨- **بیرا سنە:** خوێندکاران بەشێک بوون لە ڕاپەڕینی کوردستان و ڕێژیمی داگیرکەر.................................... ٤٦
٩- **ئاڵا کوردستانی:** کورد بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە یارمەتیی وڵاتە زلهێزەکان هەیە......................... ٥٠
١٠- **هەڵۆ ئەردەڵان:** کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێک دەکات کە بنەمای هزریی ویژمانی ئێرانیی خستووەتە ژێر پرسیار....... ٥٧
١١- زمانی کوردی و بەرنامەی دواڕۆژی زمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات......................................... دیبەیت ...... ٦٧
١٢- **د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە................................................ ٧٩
١٣- **سۆران عەلیپوور:** کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد.................................... ٨٩
١٤- **د. جەعفەر شێخولئیسلامی:** زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم بیکاتە یەکپارچە........... ٩٤
١٥- **عومەر باڵەکی:** پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو........................................ ١٠٠
١٦- **مستەفا مەولوودی:** نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە......
............................................................................................................ ١٠٦
١٧- **چرۆ ئەردەڵان:** داخوازیی مامۆستایانی کورد جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ نارەزایەتیی مامۆستایانی ئێران هەیە...... ١١٥
١٨- **شوان عەتۆف:** نابێ لەسەر شاشەی تیڤییەکانمان دراما ئامانجدارەکانی ڕێژیمە فاشیستەکانی فارس، تورک و عەرەب
بڵاو ببنەوە............................................................................................................ ١٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## فەریبا محەممەدی: داهاتووی شۆڕشی ئەمجارەمان هیوابەخشە و مژدەی ئازادیمان پێ دەدات



### ئاماژە:

شەهیدبوونی شەهید ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی شاری سەقز لە شاری تاران و لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بە بیانوویەکی بێبنەما بەناوی حیجابی زۆرەملێ، بوو بە هەوێنی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان و ئەم ڕاپەڕینەش بە شێوازێکی جیاوازتر لە ڕابردوو ئێرانی سیاسیشی گرتەوە و هەنووکەش پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە یەک مانگ لە شەهیدبوونی شەهید ژینا و دەستپێکی ئەم سەرهەڵدانە، ڕاپەڕینەکە هێشتا بەردەوامە و تاکوو دێت تینی خرۆشانی شەقامەکان زیاتر دەبێت. لەم پێوەندییەدا و بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز فەریبا محەممەدی، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**کاروان مێراوی: با دەستپێکی وتووێژەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ ڕوانگەی بەڕێزتان لەسەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ئەمجارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟**

**فەریبا محەممەدی**: ڕاپەڕینی ئەمجارە بە کوشتنی کچە کوردێکی خەڵکی شاری سەقز بە ناوی "ژینا ئەمینی" لە تاران دەستی پێ کرد، کە ئەکرێت بڵێین جیاوازترە لەگەڵ ناڕەزایەتی و ئاخێزەکانی پێشوو لەبەر ئەوەی کە ژنان و مەرگی ئەوان زۆر بە کەمی دژکردەوەی هەمەگیری لێ کەوتووتەوە. بەتایبەت لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ژن بەرەوڕووی زیاترین هەڵاواردن و ستەم بوونەتەوە و دەنگیان نەبیستراوە. بۆیە ئەمجارە ئاخێزەکە لە ناڕەزایەتی بە مەرگی "ژینا" لە شاری سەقزەوە دەستی پێ کرد و دواتر سنە و سەرتاسەری کوردستان و ئێرانی گرتەوە.

هەروەها ئەمجارە هەموو شارەکانی کوردستان خۆیان بە خاوەنی ئەم کەیسە دەزانن و خاوەنداریەتیی لێ ئەکەن. بۆیە من ئەم سەرهەڵدانەم پێ جیاوازترە کە بزاڤی کوردی بردە قۆناغێکی تر و پرسی ژنی بەتەواوەتی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و پرسەکانی دیکەی گرێ دایەوە.

**کاروان مێراوی**: ئەم ڕاپەڕینەی کوردستان چەندە کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانی ناوچەکانی تری ئێرانی سیاسیی هەنووکە هەبووە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکانی ڕابردوودا هەیە؟

**فەریبا محەممەدی**: ئێستە دوای تێپەڕبوونی مانگێک لەم شۆڕشە کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکردووە، بۆ هەموو لایەک ڕوون بووەتەوە کە کوردستان پێشەنگ و پێشڕەوی ئەم شۆڕشە بووە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەموو ئێران و تەنانەت جیهانیشی تەنییەوە. لە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا زۆر جار لە شوێن و ناوچەیەکی ئێران نارەزایەتی و خۆپیشاندان هەبووە و بەرچاوترینی ساڵەکانی ئەم دواییانە وەکوو؛ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ و بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بووە کە تەنیا چەند شاری گرتەوە و دوای چەند ڕۆژیش لەبەر سەرکوتی درندانەی ڕێژیم کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام ئەمجارە سەرتاسەری ئێرانی گرتووەتەوە، تەنانەت شارگەلێک کە ناوەندی پێگە و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بوون و قەت بەشداری هیچ نارەزایەتییەک نەبوون. لە هەمان کاتیشدا سیما و ناوەڕۆکی خۆپیشاندانی لە ئێران گۆڕی و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەشداریی بەرچاوی ژن ئاستەکەی بەرز کردەوە و هەموو سنوورەکانی تێپەڕاند و کورد و کوردستان بوو بە سەمبۆلی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە سەرتاسەری ئێراندا. بۆیە ئەگەر لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ئەوە تەنیا کورد و بزووتنەوەکەی بووە کە لە بەرانبەر ڕێژیمی ئیسلامیدا وەستاوەتەوە و قوربانیی داوە، ئێستە کوردستان ڕێنوێنیکەر و ڕێنیشاندەری هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە بۆ خەبات و بەرەنگاری دژی ڕێژیمی سێدارە.

ئێستە "ژینا" ڕەمزی بەرخودانی ژن و پیاوە لە هەموو بەشەکانی ئێران و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش. هەشتەگی ژینا (مەهسا) ئەمینی بوو بە ترێندێکی جیهانی و سنووری ٣٠٠ میلیۆنی تێپەڕاند کە ئەمە لە جیهاندا بێوێنەیە. لە هەمان کاتیشدا سەرنجی جیهانی بۆ لای پرسی ژن و نەبوونی ئازادی لە ئێراندا ڕاکێشا و ئەمڕۆ هەموو کەس، ژینا و شۆڕشی ژینا دەناسێت و هاوسۆزی و هاوپشتیی لەگەڵ دەکەن.

بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە هێرش بۆ سەر مافی ژنان و سەرکوتی ئەوان دامەزرا و ٤٣ ساڵە لە زیندانێکی گەورە بە ناوی ئێران ئەوانی خنکاندووە و بەردەوامیش ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتییان دەربڕیوە، قەت نەبوو بە شۆڕشێکی سەرتاسەری و پاڵپشتییان نەکراوە، بەڵام ئەمجارە کوردستان توانی بە هەڵوێستی

دروست و بەجێ، هەموو ئێران یەک خەت بکات بۆ پشتیوانی و پشتگیریی ژنان بۆ ڕزگاربوون لە چنگ دژەژنترین ڕێژیمی سەردەم. ئەمەش لاپەڕەیەکی زێڕینە لە بزاڤی کورد و ئاست و پێگەی کوردی بەرزتر کردەوە.

**کاروان مێراوی**: ڕۆڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕێکخستنی شەقامەکان بۆ ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینن؟

**فەریبا محەممەدی**: بێگومان نابێت ڕۆڵی حیزبەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرچاو نەگرین. هەر لە یەکەم ساتەکاندا کە ژینا کەوتە بەر هێرشی گەشتی ئێیرشادی کۆماری ئیسلامی (پۆلیسی بەناو ئەخلاق) و دواتر لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران بوو، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران خێرا هاتە سەر خەت و ڕاگەیەندراوی دا و دوای ئەوەش کە بەداخەوە ژینا گیانی لەدەست دا، هەر ئەو شەوە ناوەند و لایەنی دیکەش بڕیاری مانگرتنی گشتییان لە کوردستان بۆ ڕۆژی دووشەممەکەی ڕاگەیاند کە هەر وەک بینیمان خەڵک بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتن و کوردستان لە ناڕەزایەتی و تووڕەبوون بە مەرگی ژینا مانی گرت، هەروەها داوایان لە خەڵک کرد کە بێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی دەرببڕن. بۆیە حیزبەکان زۆر بە دروست ئەم هەلەیان قۆستەوە و بە هاواهەنگی لەگەڵ تێکۆشەرانی ناوخۆ چەخماخەی شۆڕشی ئەمجارەیان لێ دا کە ئەوەندە بەهێز بوو هەموو ئێرانیشی هێنایە سەر شەقام.

لە مێژووی کورد و بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەر کات حیزب و لایەنە سیاسییەکان هاودەنگ و یەکگرتوو بوون توانیویانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر خەڵکی کوردستان دابێنن و وەڵامی داواکارییەکانیان بدەنەوە و چەندین حەماسە و مانگرتنی پڕشکۆیان خوڵقاندووە. بۆیە ئەتوانین بڵێین خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە و لێک دانابڕێن.

**کاروان مێراوی**: ئاکامی ئەم ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە و ڕەوڕەوەی داهاتووی چۆن دەبینن؟

**فەریبا محەممەدی**: ئەوەی تاکوو ئێستە دەبیندرێت بەردەوامی ئەم شۆڕشەیە کە ئەمەش یەکەم جارە شتی وا ڕوو دەدات، خاڵی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی. لە هەمان کاتیشدا بەرفراوانی ئەم شۆڕشە هەم لە باری جوگرافیایی و هەم لە باری ویست و داواکاری و بوونی دروشم و خواستێکی سەرەکی وەک "ژن، ژیان، ئازادی" کۆدەنگییەکی بەهێزی پێک هێناوە. فاکتەرێکی تر کە دەتوانێت کاریگەر بێت، هاتنە سەر خەتی وڵاتانی ڕۆژاوایی و ڕۆژەڤبوونی شۆڕشی ژینا لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەگەر لە ئێستەدا ئەم شۆڕشە کۆتایی بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەهێنێت، بەڵام قەت قەت کۆمەڵگەی ئێران ناگەڕێتەوە بۆ پێش مەرگی ژینا. چونکە ئێستە کچانی خوێندنگەکان و



سەرچاوە
Serchawe

مێرمندالان دێنە سەر شەقام و لەچکەکانیان فڕێ دەدەن و هاواری ئازادی دەکەن کە ئەمەش لە هەر کۆمەڵگەیەک فاکتەرە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەو کۆمەڵگەیەدا.

**بۆیە داهاتووی ئەم شۆڕشە هیوابەخشە و مژدەی ئازادیمان پێ دەدات.**

**کاروان مێراوی**: خاتوو فەریبا وەک دەوترێت کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاستی پێویستدا پاڵپشتی لە ڕاپەڕینی جەماوەریی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێرانی سیاسیی هەنووکە نەکردووە، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

**فەریبا محەممەدی**: من وادەزانم تا ئێستە هەنگاوی باش نراوە بۆ پاڵپشتیکردن لە شۆڕشی خەڵکانی ئێران لەلایەن دەوڵەتان و کەسایەتییە سیاسی و هونەری و ...ەکانی ڕۆژاوایی. بەڵام ئەوەی کە ئێمە چاوەڕانین لەوان و ئەوەی کە ئێمە وەزاڵەهاتووین بەدەست ئەم ڕێژیمە جینایەتکارەوە، لای ئەوان جۆرێکی ترە و بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێکە. یەک خاڵی تر ئەوەیە کە لە ئاستی ئێراندا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و خاوەن پێگە نابینین کە بتوانێت ئالترناتیڤی دوای ڕێژیمی ئیسلامی بێت. تەنانەت ناوەندێکی ڕێکخراو لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی پێک نەهاتووە تاکوو یەکدەنگ بکەونە وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژاوا. بۆیە کێشەکە سەرەتا لەنێو خودی دژبەرانی ڕێژیمی سێدارەیە.

**کاروان مێراوی**: خۆپیشاندانی کوردستانی و ئێرانییەکانی تاراوگە چەندە کاریگەریی لەسەر ڕاپەڕینی ناوخۆ هەیە؟

**فەریبا محەممەدی**: بە دڵنیاییەوە خۆپیشاندانەکانی کوردستانی و ئێرانییەکانی تاراوگە زۆر زۆر کاریگەرە و دەتوانێت هێزێکی گەورە بێت بۆ هەژاندنی شەقامەکانی هەموو جیهان کە تاکوو ئێستەش زۆر باش بووە و یەکەم جارە کە بە هەزاران کەس دێنە سەر شەقامەکان و لە بەردەم باڵوێزخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆپیشاندان دەکەن و سەرەنجی جیهانی زیاتر ڕاکێشاوە. بۆیە ئەگەر لە ڕابردوودا ئەوە تەنیا کوردانی تاراوگە یان چالاکانی سیاسیی ئێرانی بەشێوەی پچڕپچڕ بوون کە نارەزایەتییان دەردەبڕی، هەنووکە هەموو تاراوگەنشینەکان بەم شۆڕشەی ژینا دڵخۆشن و دێنە سەر شەقام. ئەتوانم بێژم کۆدەنگییەکی بەهێز لە دەرەوە دروست بووە کە خەریکە ئەبێتە گوشارێک بۆ سەر دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تا ڕادەیەک پاڵپشتیی کەسانێکی وەک پەرلەمانتار و سناتۆر و کەسایەتییە سیاسییەکانیان بەدەست هێناوە. ڕوو بە ناوخۆش زۆر کاریگەرە، کاتێک کە خەڵکی ڕاپەڕیو هەست بە تەنیایی نەکەن و دەنگیان ببیسترێت و پێکەوە تێ بکۆشین بۆ ڕووخانی ئەم ڕێژیمە کە ئەڵبەت ئەرکی ناوخۆ گەلێک قورسترە.

**کاروان مێراوی**: خاتوو فەریبا سپاس بۆ ئەوەی کە کاتتان دانا و لەم وتوویژەدا هاوکاریی ئێمەتان کرد، لە کۆتاییدا



سەرچاوە Serchawe

**ئەگەر هەر شتێک ماوە بۆ باسکردن یان هەر پەیام و قسەیەکتان هەیە بفەرموون.**

**فەریبا محەممەدی**: **سپاسی بۆ ئێوەی ئازیز و بە هیوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاخێزی ئەمجارەمان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

---

## د. محەممەد حوسێنزادە: ڕاپەڕینی ئەم جارەی خەڵک، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرەو لێواری داڕووخان بردووە



**بەرایی:**

ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە چوارەمین حەوتووی تێپەڕاند و خەڵک بەردەوام لە سەنگەری شەقامی شاردا بەرەڕووی ئوختاپووسی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بوونەتەوە و تاکوو ئێستەش تاوانە جۆراوجۆرەکان و دڕندەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە نەیتوانی ئیرادەی کۆڵنەدەرانەی شەقام و شار بەچۆکدا بێنێت. چاوەدێران و شرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وایە کە ڕاپەڕینی ئەم جارە زۆر جیاوازترە لە سەرهەڵدانەکانی پێشتر و بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو کە بەردەوام خەڵک لە شەقامدا بوون. بۆ تاوتوێکردن و باسکردنی زیاتری ئەم پرسە، ڕۆژنامەی "کوردستان" وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز د. محەممەد حوسێنزادە، دوکتۆرای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لێکۆڵەر، چاوەدێر و شرۆڤەکانی سیاسی پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**کوردستان: ڕاپەڕینی جەماوەی و ڕووداوەکانی ئەم جارەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسی بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**د. محەممەد حسێنزادە:** ڕێژیمی ئیسلامی وەک سیستەمێکی حوکمڕانی کە ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و ژیانێکی ئاسایی بۆ هاووڵاتییانی ئێرانی لە ئەستۆیە، ساڵانێکە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری تووشی قەیران و دارمان بووە، بە جۆرێک کە لە ئێستەدا هیچ چین و توێژێک نییە کە لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە ڕازی بێت و هەست

بەوە بکات کە سەرەتاییترین ویست و مافەکانی دابین بوون. ئەمە جگە لە هەندێک مافی تایبەت و لەوانە مافی نەتەوەکانی نێو جوگرافیای سیاسیی ئێران. لە ئاستی دەرەوە و نێونەتەوەییشدا سیاسەتەکانی تووشی شکست هاتوون و لە لایەکەوە لەبەر پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی سیستەمی نێونەتەوەیی و لە لایەکی ترەوە بە هۆی چوونە نێو بەرەی وڵاتانێکی وەک کۆریای باکوور، سووریە، تورکیە و ڕووسیە کە بە وڵاتانی دیکتاتۆری و یاخی ناسراون و هەروەها بە هۆی هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی سزا و گەمارۆی زۆری بەسەردا سەپاوە کە گوشاری ئەو سزا و گەمارۆیانەش دیسان دەکەوێتەوە سەرشانی خەڵک و هاووڵاتییانی ئێران.

ڕێژیمی ئیسلامی لەپاڵ ئەو هەموو گوشارە و بەتایبەت دۆخی نالەباری ئابووری کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە تەنانەت لە ژیانی تایبەتیشیاندا دەستێوەردان دەکات. تەنانەت بۆیان دیاری دەکات چەند منداڵیان ببێت و چۆن منداڵیان بێت یان چی بپۆشن و چۆنی بپۆشن! کەڵەکەبوونی ئەم هەموو کێشە و گرفتە خەڵکی ئێرانی سیاسی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئامادەی ڕاپەڕینێک کردبوو، هەرچەندە کەمتر کەسێک چاوەڕوانی دەکرد ڕاپەڕینەکە لەم ئاستەدا بێت.

کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی پۆلیسی ڕێژیمی ئێران لە تاران وەک تاوانێکی گەورە دەرحەق بە مرۆڤێکی بێتاوان بوو بە چەخماخەی خۆپیشاندان و هەر لەو ڕۆژەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوابەدوای ئەوەش خەڵکی ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی ئێرانی سیاسی هاتنە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان لەو ڕێژیمە.
لێرەدا بەگشتی دەمەوێت بڵێم کە ڕاستە کوشتنی ژینا دەستپێک و چەخماخەی ڕاپەڕینەکە بوو و دواتریش بە هۆی بەشداریی زۆر و بەرفراوانی ژنان و هەروەها زاڵبوونی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەو بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەیەکی ژنانە ناسرا، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بزووتنەوە دەرئەنجامی شکستی گشتییەتیی سیستەمی حوکمڕانیی ئێستەی ئێرانە. نێوەڕۆکی درووشمی ژن، ژیان، ئازادیش بە جۆرێکە کە دەتوانێت زۆرێک لە خواست و داواکارییەکان لەخۆ بگرێت و هەر تاکێک دەتوانێت چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەژێر ئەو دروشمەدا ببینێتەوە.

**کوردستان**: ئەو ڕاپەڕینە چوارەمین حەوتووی خۆی تێپەڕاند، پێتان وایە دەستکەوتەکانی ئەو چوار حەوتووە ڕاپەڕینە چی بوون؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: هەر ئەوەی کە ماوەی زیاتر لە مانگێکە خۆپیشاندانی سەرانسەری و ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەردەوامە، خۆی دەستکەوتە. دەسەڵاتی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئیسلامی کە لەوە دڵنیا بووەتەوە خەڵک وەک پێشوو لە دامودەزگا و مەکینە سەرکوتکەرەکەی ناترسن، دەستی کردووە بە دروستکردنی چیرۆک و چەواشەکاری کە گوایە ئەمە پیلانێکی نێودەوڵەتییە و لە چەندین لاوە کاری بۆ کراوە و دەکرێت. ئەمە نیشانەی لاوازی و ترسی

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی لە نەترسی و بوێریی خەڵکە. بەڵام بەگشتی وەڵامی ئەو پرسیارە بەستراوەی ئەوەیە کە مەبەست لە دەستکەوت چییە و دەستکەوت بۆ کێ مەبەستمە؟ ئەوە بۆیە دەڵێم چونکە ڕەنگە هەندێک شت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک دەستکەوت سەیر بکرێن بەڵام لە ناوچەکانی تری ئێرانی سیاسی دەستکەوت بە هەژمار نەیەن یان بە پێچەوانەوە. لە ڕوانگەی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە بڕوای من یەکێک لە دەستکەوتەکان پووچەڵبوونەوەی ئەو سیاسەتەی ڕێژیمی ئیسلامی بوو کە ساڵانێکی زۆرە هەوڵی داوە هەر جۆرە جینایەت و تاوانێک لە کوردستان ئەنجام بدات لەژێر ناو و ئێتیکێتی "تەجزیەتەڵەبی"دا ڕەوایی پێ بدات. ئەم بزووتنەوەیە کە دوابەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا و بوو بە هۆی ڕاپەڕینی باقی نەتەوەکان و ژمارەیەکی زۆر لە فارسەکانیش، شکستی ئەو سیاسەتەی ڕێژیمی ئیسلامی بوو.

هەر لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە نزیکبوونەوەی زیاتر و هاوکاریی چڕتری حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری و ئەوەی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بە دەم داواکارییەکانیانەوە بۆ مانگرتن چوون، ڕەنگە بکرێت وەک دەستکەوتێک سەیر بکرێت. جگە لەوە ئەم خۆپیشاندانانە جارێکی تر هەستی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردیان لە ڕۆژهەڵات بووژاندەوە، هەرچەندە تێچوویشی هەبووە و ژمارەیەک لە هاونیشتمانییان شەهید کراون و ژمارەیەکی زۆریش تا ئێستە دەستبەسەر کراون.

لە ڕوانگەیەکی سەرانسەرییەوە لەم خۆپیشاندانانەدا ئەگەرچی بە بزووتنەوەی ژنان ناسراوە بەڵام وەک ئاماژەم پێدا، دەکرێت بڵێین هەموو چین و توێژەکان کەم تا زۆر تێیدا بەشدارن و هەمووشیان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە سیستەمی ڕێژیمی ئیسلامی هیچ جۆرە ڕیفۆرمێک هەڵناگرێت و مەرجی هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتەیە، ئەمەش لە دروشمەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو پاڵپشتییە بەرفراوانە نێونەتەوەییەش کە لە خۆپیشاندەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کراوە سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەیە. بەگشتی ئەم ڕاپەڕینە تاکوو ئێستە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرەو لێواری داڕووخان بردووە. لانیکەم چاوەڕوان ناکرێت بەبێ گۆڕانکاریی بنچینەیی و لەم فۆرمەی ئێستەیدا ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە و بێگومان ئەگەر ڕاپەڕینی ئەم جارەش سەرکوت بکات، جارێکی تر خەڵک توندتر و بەربڵاوتر و بەهێزتر لەمە ڕادەپەڕن.

**کوردستان**: لە ماوەی دوو دەیەی ڕابوودا چەندین جار ڕاپەڕینی لەو چەشنە سەری هەڵداوە و پاش ماوەیەک سەرکوت کراوە، بەڵام وەک دەوترێت ڕاپەڕینی ئەم جارە جیاوازترە. بەبۆچوونی بەڕێزتان ئەم جیاوەزییەکەی لە چیدایە؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: ڕاستە ڕاپەڕینی ئەم جارە هەرچەندە درێژەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی پێشووترە، بەڵام لە هەندێک لایەنەوە زۆر جیاوازترە. ئەگەر بمەوێت زۆر بەکورتی و وەک سەردێڕ ئاماژە بە چەند خاڵی جیاکەرەوە بکەم بریتین لەمانە: ئەو کاردانەوە بەرفراوانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەلایەن کەسانی ئاسایی وەک هونەرمەندان و

وەرزشکاران و نووسەران و باقی چین و توێژەکانەوە، هەم لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرانبەر بە ڕووداوەکان و پاڵپشتیی بەرفراوان لە خۆپیشاندەران و ئیدانەکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم. جیاوازیی دروشمەکان بەو مانایە کە ئەم جارە ژمارەیەکی زیاتر لە هاووڵاتییانی ئێرانی سیاسی و بگرە نەتەوەکان دەتوانن داخوازییەکانیان لەناو دروشمەکاندا ببیننەوە. بەرویێشچوونی هاوکاریی ئۆپۆزیسیونی بەناو سەرانسەری و ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە نوێنەری نەتەوە جیاوازەکان دەزانن، هەرچەندە هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە چاوەڕوان دەکرێت، خۆپیشاندانی هاووڵاتییانی ئێرانی سیاسی و دیاسپۆرای کورد بە شێوەیەکی هاوکات و هەماهەنگ لە وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا و بەشداریی بەرفراوانی ژنان و پێشەنگایەتیی گەنجان لە خۆپیشاندانەکان و هەروەها هەڵوێستی توندیان بەرانبەر بە حکوومەت.

**کوردستان**: پێتان وایە ڕەوتی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات و داهاتووی ئێرانی سیاسی بەگشتی و بەتایبەت بۆ کوردستان چۆن دەبینن؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: لەڕاستیدا پێشبینیکردنی داهاتووی ئەو بزووتنەوە و بەگشتی داهاتووی ئێرانی سیاسی کارێکی زۆر زەحمەتە. لە لایەکەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ڕێژیمی ئیسلامی لاوازتر لەوەیە کە هەندێک چاوەڕوانییان دەکرد، لەلایەکی ترەوە هێشتا مەکینەی سەرکوتی ئەو حکوومەتە توانای سەرکوتکردنی تا ڕادەیەک هەر ماوە. ئەگەر بەو جۆرەی کە هەندێک لە تیئۆرییەکانی شۆڕش باس دەکەن، لەتبوون و دووبەرەکی لەنێو هێزە سەرکوتکەرەکاندا ڕێگەی ڕووخانی سیستەمەکان نزیکتر بکەنەوە، تاکوو ئێستە ئەوە لەنێو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا لانیکەم بە شێوەیەکی دیار و بەرجەستە ڕووی نەداوە. هەروەها هەندێک هەڵپەرسەت و لەوانە ڕیفۆرمخوازەکان و لەپاڵ ئەوانیشدا کەسانێک کە لە خوانی ئەو ڕێژیمە سوودمەند بوون هەوڵ دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر خۆپیشاندەران دڵسارد بکەنەوە و تەمەنی ئەو ڕێژیمە درێژ بکەنەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەرچەندە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پاڵپشتییەکی زۆر لە خۆپیشاندەران کراوە، بەڵام پێی دەچێت هێشتا وڵاتانی زلهێز خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نین یان لانیکەم تاکوو ئێستە بە کردەوە ئەوەیان نیشان نەداوە.

دەمەوێت بڵێم هەلومەرجی شۆڕش و خواستی گۆڕانکاریی یەکجارەیی لە ئێراندا هەیە، بەڵام بەبۆچوونی من هەندێک فاکتەریش هەن کە ڕەنگە هێشتا ڕێگر بن لە بەدیهاتنی ئەو گۆڕانکارییانەدا. پێم وایە ئەگەر خۆپیشاندان و مانگرتنەکان تا ماوەیەکی تر بەردەوام بن ئەو لەمپەرانەش دەسڕدرێنەوە. سەبارەت بە کوردستان دەزانین کە خەباتی ئێمە تا ڕادەیەک جیاوازە و ڕەنگە ڕووخانی ڕێژیم هەنگاوی یەکەمی گەیشتن بە ئامانجەکان و هاوکات سەرهەڵدانی مەترسیی نوێش بێت بۆ



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەی کورد. دەتوانم بڵێم ئەم ڕاپەڕینە و خەباتی هاونیشتمانیبیانی کورد لە نێوخۆ تا ڕادەیەک دەتوانێت ببێتە هۆی نزیکبوونەوە و هاوکاریی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمەش دیسان هاونیشتمانیبیان هان دەدات و پێداگرتریان دەکات لە تێکۆشان و خەبات بە دژی دەسەڵاتی داگیرکەر.

**کوردستان**: خەڵک لە شەقامەکانن و چاویان لە کار و بەرنامەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەو دۆخە هەستیارەدا چین و دەبێت چی بکەن؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی نادێموکراتە. بێگومان شۆڕش لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی نادێموکراتیکی وەک ئێرانی سیاسیی ئێستە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تاکنەتەوە یان کەمنەتەوەی نادێموکرات سەختر و قورسترە. ئێمە دەزانین کە ڕێژیمی ئیسلامی هەموو هاووڵاتییان و هەروەها نەتەوەکانی ئێرانی سیاسی دەچەوسێنێتەوە، بەڵام هاوکات ئەوەش حەقیقەتێکە کە ڕێژیمی ئیسلامی وەک فۆرمی دەسەڵاتی ئێرانی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس دەکات و ساڵانێکی زۆرە بە هەموو شێواز و میکانیزمەکان باقی نەتەوەکان دەچەوسێنێتەوە و زیاترین قازانج لەو چەوساندنەوەش دەچێتە گیرفانی فارسەکانەوە. ئەگەر تەنیا کوردستان لەبەرچاو بگرین، ڕێژیمی ئیسلامی کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس دەکات بە شێوازی جۆراوجۆر کورد دەچەوسێنێتەوە وەکوو: تاڵانکردنی سەرچاوە مادییەکان و سەرچاوەکانی وزە و ئاو، تێکدانی سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگە و دارستانەکان، دزین و تاڵانکردنی کەلەپوور و شوێنەوارە مێژووییەکان، دابەشکردنی سەرچاوەکان بە شێوەی نایەکسان وەک تەرخانکردنی بوودجەی ساڵانەی کەم لە بەراورد لەگەڵ ناوچە فارسنشینەکان، قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان، بەئەمنییەتیکردنی پرسەکان و بەسەربازیکردنی کوردستان، داسەپاندن و ئاساییکردنەوەی کۆڵبەری، گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان و هەوڵدان بۆ داسەپاندنی شوناسی فارسی و هتد. هەڵبەت جگە لە کورد بەرانبەر بە هەندێک نەتەوەی تر وەک عەرەب و بەلووچ هەمان سیاسەتی پەیڕەو کردووە. ئەمە جیاوازە لەو تاوانانەی کە ڕەنگە فارسەکانیش بگرێتەوە، بۆ نموونە لەسێدارەدان، ئەشکەنجە و حیجابی زۆرەملێ و هتد.

لێرەدا باسەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو تاوانانەی بەرانبەر بە کورد و هەندێک نەتەوەی تر ئەنجام دراون و دەدرێن، بۆ چەسپاندنی باڵادەستی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی فارسەکانە. لەم ڕوانگەوە تێکەڵبوونی فارس بە شۆڕشی سەرانسەری هەرچەندە نەلواو نییە، بەڵام تاکوو ئێستە دەرکەوتووە کە قورس و زەحمەتە. هەر بەو جۆرەش ئۆپۆزیسیونی فارس ئامادە نییە کە لەگەڵ نوێنەرانی باقی نەتەوەکان لەسەر پرسە سەرەکییەکان بە شێوەی پێشوەختە ڕێک بکەوێت. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ڕوانگەی ئۆپۆزسیونی فارس بەرانبەر بە باقی نەتەوەکان یان هەمان سیاسەتی ڕێژیمی ئێستەیە یان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە نییە. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە بە شێوەی هێزەکی و شاراوە ڕوانگەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

توندتریان هەبێت. ئەمە نوێنەرانی باقی نەتەوەکان (وەک کورد) ناچار دەکات هەوڵی زیاتر بۆ ڕازیکردنی ئۆپۆزیسیونی فارس بۆ هاوکاری بدەن و هەموو میکانیزمەکان تاقی بکرێنەوە.

ئەمانەم گوت کە بڵێم ڕەنگە هاوکاریکردنی ئۆپۆزسیون بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و سەرانسەری تا ڕادەیەک قورس بێت، بەڵام هیچ ڕێگەیەک جگە لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەو هاوئاهەنگییەش نییە، مەگەر ئەوەی کە هەر ناوچە یان نەتەوەیەک بە شێوەی سەربەخۆ و بۆ خۆی هەوڵ بدات کە دیارە ئەوەش هەم یارمەتیدەری دەربازبوونی ڕێژیمی ئیسلامی لەم قەیرانە دەدات و هەم ئەو پێویستییە دێنێتە ئاراوە کە حیزبە کوردستانییەکانیش وەک بزووتنەوەیەکی بە ڕەهایی کوردستانی و لە چوارچێوەی شۆڕشێکی کوردی نەک سەرانسەریدا لەو ڕاپەڕینە بڕوانن، دیارە ئەوەش پێویستی بەوەیە کە میتۆد و شێوازەکانی خەبات بگۆڕدرێن کە باسێکی جیاواز هەڵدەگرێت. لەبەر ئەوەی کە هێشتا کۆدەنگییەک هەیە کە وەک شۆڕشێکی سەرانسەری خوێندنەوەی بۆ بکرێت پێویست ناکات من زیاتر سەبارەت بەو بابەتە باس بکەم.

**کوردستان**: کاریگەریی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە لە ناوچەکانی تری ئێرانی سیاسی لەسەر ئەو ڕاپەڕین و ڕووداوانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: بازنەی چالاکیی ناوەندی هاوکاری کە پێکهاتووە لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گشتگیربوون و بەسەرانسەریکردنی خۆپیشاندانەکان گێڕا. ناوەندی هاوکاری بە ڕاگەیاندنی مانگرتنەکان لە کوردستان توانی تا ڕادەیەک پێشەنگایەتیی ڕووداوەکان لە ئەستۆ بگرێت. دوابەدوای ئەوەش لە خۆپیشاندانەکان لە باقی ناوچەکانی تری ئێرانی سیاسی و دەرەوەی ئێرانیش پشتیوانی کردووە. دەکرێت بڵێین کاریگەریی ناوەندی هاوکاری لە ڕۆژهەڵات لەسەر ڕاپەڕینەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەرفراوان و لەسەر باقی ناوچەکانی تریش ناڕاستەوخۆ بووە. ئەمە پەیوەندی بە بازنەی چالاکیی حیزبەکانی بەشدار لەو ناوەندەدا هەیە.

**کوردستان**: بەڕێزتان هەڵوێست و کاردانەوەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر ئەم ڕاپەڕینە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا کاردانەوەکان لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانکراودا بوون؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: لە ئاستی جیهانیدا وەک پێشتر ئاماژەم کرد دەبێت دوو ڕەهەند لەبەرچاو بگرین. بەگشتی ڕای گشتیی جیهان هاوسۆزی خۆپیشاندەران بوو. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکانی بوارە جیاوازەکان و سێلبریتییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتیی خۆیان بۆ خۆپیشادەران دەربڕی. ڕێکخراوە ناحکوومەتییە نێونەتەوەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە گواستنەوەی هەواڵەکان و بەتایبەت جینایەتەکانی ڕێژیم. بەڵام لە ئاستی سیاسی و دەوڵەتەکاندا



سەرچاوە
Serchawe

هەرچەندە پێشتر وتم تا ڕادەیەک جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو و ڕابەران و سیاسەتوانانی وڵاتانی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لێدوانەکانیاندا بە شێوەیەکی توند و جددیتر سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی ئیسلامییان ئیدانە کردووە و پاڵپشتیی خۆیان لە خۆپیشاندەران دەربڕیوە، بەڵام بە کردەوە تاکوو ئێستە گەمارۆ و سزای توندیان بەسەر ڕێژیمی ئیسلامیدا نەسەپاندووە. ئەم خۆپارێزی و نەرمینواندنەی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا ڕەنگە پەیوەندی بە دانوستانە ئەتۆمییەکانەوە هەبێت. بەداخەوە ئەمە ڕاستییەکە کە وڵاتانی زلهێز زۆر جار زیاتر گرنگی بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان دەدەن و مافی مرۆڤ دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانیان. ئەوان هێشتا بەئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری گۆڕانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئێرانن نەک گۆڕانی ڕێژیم. هەڵبەت ڕەنگە هەندێک نیگەرانیی تریشیان هەبێت. بۆ نموونە پرسی کۆچبەران و پەنابەران دوای شەپۆلی پەنابەرانی سووریە بووەتە پرسێکی ئەمنییەتی بۆ یەکیەتیی ئورووپا و لەم دواییانەدا وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی سەیریان کردووە، بۆیە ڕەنگە زۆر خوازیاری ئاڵۆزی و بشێوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبن، تەنانەت ئەگەر بە مانەوەی دیکتاتۆرەکانیش بێت. بەو حاڵەش وەک وتم لە ئەگەری بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان لە ناوخۆ و چالاکییەکانی دیاسپۆرای کورد و هەروەها باقی هاووڵاتییانی ئێرانی سیاسی لە دەرەوە و دەرگیرکردنی زیاتری ڕای گشتیی وڵاتانی ئورووپا، دەوڵەتەکان ناچار دەبن هەڵوێستی توندتر بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسلامی وەربگرن.

**کوردستان**: هەر وەک ئاگادارن لەنێوان ڕاپەڕینەکانی خەڵکدا جاروبار لەسەر داوای حیزبەکان مانگرتنی سەرانسەریی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی ئێرانیشدا بەڕێوە دەچوون، پێویستی و کاریگەریی ئەو مانگرتنانە چی بوون؟

**د. محەممەد حسێنزادە**: مانگرتن ڕەنگە شێوازێکی کەمتێچوو بەڵام هاوکات زۆر کاریگەر بێت. ئێمە دەزانین ڕێژیمی ئیسلامی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران هەموو شێوازێکی سەرکوت بەکار دەهێنێت، مانگرتن وێڕای ئەوەی کە پەیامی ناڕەزایەتی بە گوێی دەسەڵات و جیهان دەگەیەنێت، تێچوویشی کەمترە. ئەمە ڕەنگە وا بکات ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک تێکەڵ بە ڕاپەڕینەکە بن. بەگشتی بەبۆچوونی من هاوتەریببوونی مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکان هۆکاری سەرەکیی بەردەوامبوونی هاووڵاتییان لە خۆپیشاندانەکان تاکوو ئەمڕۆ بووە.

**کوردستان**: بەڕێز د. محەممەد حسێنزادە، زۆر سپاس کە کاتتان تەرخان کرد و لەم وتووێژەدا هاوکارمان بوون، ئەگەر لە کۆتاییدا هەر شتێک ماوە بۆ باسکردن و باسمان نەکردبێت، بفەرموون.

**د. محەممەد حسێنزادە**: سپاس بۆ ئێوە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## شنە دروودگەر: ژنان چەخماخەی ڕاپەڕینی ئەم جارەیان لێی داوە و لە بەرنگاریبوونەوەی داگیرکەردا بوونەتە پێشەنگ



### ئاماژە:

سەرهەڵدانی ئەم جارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە، هەر وەک لە هۆکار و دروشمی ڕاپەڕینەکەدا دیارە، ڕاپەڕینێکی ژنانەیە و ژنان پێشەنگ و ڕۆڵگێڕی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەن، شرۆڤەکارانی سیاسییش ژنان بە ڕێبەر و بەڕێوەبەری ئەو ڕاپەڕینە دەزانن و بە شۆڕشێکی ژنانەی لەقەڵەم دەدەن و ئەمەش چوونەپێشی قۆناغێکی تری خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسی بەگشتی ئەژمار دەکەن.

ڕێکخراوەکانی تایبەت ژنانی ڕۆژهەڵات کوردستان ماوەی نزیک بە ٧ ساڵە (لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیەوە) بە مەبەستی کاری هاوبەش و کۆدەنگیی زیاتری ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوەندێکیان لەژێر ناوی "ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێک هێناوە کە هەم لە ئاستی کوردستاندا کۆمەڵێک کاری هاوبەشی باشیان کردووە و هەم لە ئاستی دەرەوەی کوردستانیشدا وەکوو نوێنەرایەتیی ژنانی ڕۆژهەڵات هەنگاوگەلێکی باشیان ناوە. لەم پێوەندییەدا و لەسەر ئەم پرسە، ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز شنە دروودگەر، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، توێژەر و ڕێنوێنیکاری دەروونی لە قوتابخانە پێک هێناوە کە سەرەنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**کاروان مێراوی**: خاتوو شنە با سەرەتای وتووێژەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی



سەرچاوە Serchawe

**بەڕێزتان لەسەر ئەم ڕاپەینەی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە چییە؟**

**شنە دروودگەر**: مێژووی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هاوتەریب بووە لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەکەمان. هەمیشە ژنان لە کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی تێکۆشاون بۆ مافی یەکسانیخوازیی خۆیان، خەباتیان بۆ مافی نەتەوایەتییش کردووە و کاریان بۆ کردووە. ئەوی کە ئێستە لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ڕوو دەدات، ڕق و تووڕەییی ٤٣ ساڵەی حوکمڕانیی ڕێژیمی ئاخوندییە بەرانبەر بە ژنان و خەباتەکەیان لە ئێران و کوردستاندا. هەر وەک باسم کرد، ژنانی کورد بەردەوام پێشەنگ بوون و ئەم جارەش کوژرانی حکوومەتیی ژینایان کردووە بە دەرفەت بۆ بەرەنگاریی داگیرکەر و لە چەند کاتژمێرێکدا بوو بە شۆڕشێک کە هەموو ئێرانی تەنی و زیاتر لە مانگێکە درێژەی هەیە و تا هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی ئاخوندی، دانامرکێت. بۆیە لێرەدا و لەم قۆناغەشدا، دەبینین کە پێشەنگایەتییەکەی ئەم بزاڤە سەرانسەرییەش هەر ژنانن و تا بەئەنجام نەگات، ئۆقرە ناگرێت.

**کاروان مێراوی**: ڕۆڵی ژنان و بەتایبەت ژنانی کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا چۆن دەبینن؟

**شنە دروودگەر**: هەر وەکوو پێشتر باسم کرد، ئەگەرچی ژنی کورد بە درێژاییی مێژوو هاوتەریب خەبات بۆ مافی یەکسانی و نەتەوەییی خۆی کردووە و لە هەموو ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنانەی کە لە ئێران و کوردستاندا بەڕێوە چوون ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بەڵام ئەم جارە و لە شۆڕشی ژینادا، شریخە و چەخماقەی شۆڕشەکە لەلایەن ژنانی چاونەترسی کوردەوە لێی درا و بوون بە پێشەنگی ژنانی سەرانسەری ئێران.

**کاروان مێراوی**: دەزانین ئەم ڕاپەڕینە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک دەوترێت هەنووکە ژنانی کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئێرانی سیاسیدا دەکەن، بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟

**شنە دروودگەر**: ژینا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە لە پێتەختی ئێران و لەلایەن پۆلیسی بەناو ئەخلاقی ڕێژیمەوە شەهید کرا. هۆکارەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو کە، ژینا سەرەتا بە هۆی "ژن"بوونی و دواتر بە هۆی "کورد"بوونییەوە (هۆکارە سەرەکییەکەی) شەهید کرا. بۆیە هەر وەک لە ڕابردوودا ئەزموون کراوە، نەتەوەی کورد بەرانبەر بە پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی بێدەنگ نەبووە. ئەم جارەش و بە هۆی ئەم غەدرە گەورەیەی کە لە ژینا کرا، ژنانی دلێری نەتەوەکەمان بێدەنگ نەبوون و هاتنە مەیدان. ئەویش بە یەکگرتوویی و پاڵپشتیی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان کە پیاوانن. ئەوەش بوو بە چەخماغەی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە مەزنە کە تا ئێستە و ٣٢ ڕۆژە بەردەوامە و هەتا دێت زیاتر ڕێژیم لە لێواری زبڵدانی مێژوو نیزیک دەکاتەوە.

**کاروان مێراوی**: ئێوە وەک ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی باشتان لەتەک ڕێکخراوە و ناوەندەکانی تایبەت بە ژنانی نەتەوەکانی تری چوارچێوەی ئێرانی سیاسی هەیە و پێشتریش چەند ڕاگەیەندراوی هاوبەشتان بڵاو کردووتەوە، لە ئێستەدا بەرنامەی هاوبەشتان بۆ ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەردەوابوونی ئەو ڕاپەڕینەدا هەیە؟

**شنە درووگەر**: سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانی نەتەوکانی دیکەی ئێران، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە بەردەوام لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووین و هەر پرسێک و مژارێک کە پێوەندیدار بوویێت بە ژنان و تەنانەت مژارە گشتییەکانیش، پێکەوە ڕاوێژمان کردووە و ڕاگەیەندراوی هاوبەشمان بووە و بەردەوام پاڵپشتیی یەکتر و هاوئاهەنگ بووین. بۆ ئەم ڕاپەڕینەش بەدڵنیاییەوە بەردەوام لە پێوەندیداین و هەموو لایەکمان لەسەر خەتین بۆ هاوئاهەنگی و ڕێکخستینی زیاتر لە ڕاستای بەرنامە و پلانە تایبەتەکانمان بۆ داهاتووی ڕاپەڕین و ئێران.

**کاروان مێراوی**: ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات چ هەنگاوگەلێکی بۆ ڕاکێشانی سەرەنج و پاڵپشتیی ناوندە جیهانییەکانی تایبەت ژنان بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟

**شنە درووگەر**: ئێمە وەکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی خۆمان داوە کە ببین بە دەنگی ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ دنیای دەرەوە و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و لە ڕێگەی نوێنەرەکانمانەوە لە وڵاتان، هەروەها لە ڕێگەی نوسراوەوە داوای پاڵپشتیمان کردووە بۆ ژنان و خەڵکی کوردستان و ئێران، لەو پێوەندییەشدا تا ئەو جێگەیەی کە لە توانامانـدا بـووە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لە شۆڕشی ژینا و دۆخی ئێران و کوردستان، ئاگادار کردووەتەوە.

**کاروان مێراوی**: ئاسۆی ژنانی ئێرانی سیاسی و بەتایبەت ژنانی کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا چۆن دەبینن؟

**شنە درووگەر**: ئەم ڕاپەڕینە لە سەرەتاوە بە پێشەنگایەتیی ژنان بووە. ئەو پێشەنگایەتییەش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" درێژەی هەیە و بەخۆشیەوە هەر زوو سنوورەکانی کوردستان و ئێرانی تەنی و هەموو دنیای گرتەوە. چونکە لەڕاستیدا ژن سەرچاوەی ژینە و ژینیش بەبێ ئازادی واتای نییە. بۆیە من زۆر گەشبینم بە سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و کۆتاییهێنان بە زوڵم و داگیرکارییە.

**کاروان مێراوی**: ئێوە وکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیوتانە لە ئاستی پێویستدا هێز و چالاکیی ژنانی کورد

لەم ڕاپەڕینەدا بە جیهانی دەرەوە بناسێنن؟

**شنە دروودگەر**: وەکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینەوە، پشتیوانیی خۆمان بۆ ئەم شۆڕشە مەزنە ڕاگەیاند. هەر لە ڕاگەیاندن و پستیوانیکردن لە مانگرتنەکان بگرە، هەتا بەشداریکردنی ئەندامەکانمان لە مانگرتن و ڕژانە سەر شەقامەکان، جا چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵاتدا. هەموو ئەمانەش بە ئامادەکاری و هاوئاهەنگی بووە لەگەڵ ناوەند و ڕێکخراوەکانی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

**کاروان مێراوی**: خاتوو شنە دروودگەر، سپاس کە کاتتان تەرخان کرد و لەم وتووێژەدا هاوکارمان بوون، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ باسکردن یان هەر پەیام و قسەیەکتان هەیە بفەرموون.

**شنە دروودگەر**: سپاس بۆ ئێوە و بە هیوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەمان بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێر و چاونەترس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ




**بەرایی:**

**لە ماوەی ڕاپەڕینی خەڵکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکانی تری چوارچێوەی ئێرانی سیاسیی هەنووکە کە زیاتر لە چل ڕۆژی تێپەڕاندووە، ڕێژیمی داگیرکەری ئێران دەستی لە هیچ جۆرە جینایەت و تاوانێکی دڕندانە نەپاراستووە و لەم ماوەیەدا لە شارەکانی کوردستان و ئێرانیشدا زیاتر لە سەدان کەسیان شەهید و هەزاران کەسیشیان بریندار کردووە، هەروەها دەیان هەزار کەسیشیان دەستبەسەر یان بێسەروشوێن کردووە. لەم پێوەندییەدا تۆڕی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە و ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستەی کوردستان و ئێراندا، دیبەیتێکی لەنێوان چوار ڕێکخراوی چالاکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.**

**لەم دیبەیتەدا:**

**– تەیموور ئەلیاسی، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران – ژنێڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،**

**– ئاویەر شێخی، ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو،**

**– د. هادی ڕەسووڵزادە، وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هانا**

– و هەروەها شارۆخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز) بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەکانی خۆیان بەشدارییان کردووە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێزان سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیبەیتەدا. با بەم پرسیارەوە بچینە نێو باسەکانمان؛ جیا لە ڕوومالّی هەواڵی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ، لەم بارودۆخەی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵات چییە؟

**تەیموور ئەلیاسی**: بەپێی جێگەی و هەڵکەوتنی ڕێکخراوەکان ئەرکەکان جیاوازن، بۆ نموونە ئێمە وەکوو کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ـ ژنێڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، جێگە و پێگەی ئێمە وای کردووە کە کاری دادخوازیی ئێمە بریتی بێت لە گەیاندنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، کوشتنی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێران بە بەردەنگەکانمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پارلەمانی یەکیەتیی ئوروپا، بە وڵاتانی ئوروپایی و پارلەمانی وڵاتانی ئوروپایی، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە هەمان کاتدا ئێمە لەبەر ئەو بارودۆخەی کە هەمانە پێوەندیمان هەیە لەگەڵ میدیا جیهانییەکان کە ناوەندەکانی زۆربەیان لە ژنێڤە، بۆ نموونە ڕویتێرز و ... چەند ناوەندی هەواڵدەری کە لە ژنێڤ بنکەیان هەیە، ئێمە هەواڵەکان پێیان دەگەیەنین. بۆیە بەپێی بارودۆخی هەڵکەوتووی ڕێکخراوەکان و دەستپێڕاگەیشتنی ئەو ڕێکخراوانە، ئەرکەکانیان جیاوازن. ئێمە ئەو شانسەمان هەیە کە لە ژنێڤین و دەتوانین لەو بارودۆخەکە کەڵک وەرگرین و پەیامی خەڵکی کوردستان بگەیەنین بە گوێی ناوەندە جۆراوجۆرە جیهانییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییی دنیا.

**ئاویەر شێخی**: بێگومان تەنیا ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕوومالّی هەواڵە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ نییە، ئەرکێکی دیکە، بەتایبەت لە کات و ساتی ئەمڕۆی کوردستان و ئێران دەکەوێتە سەر شانی ئەم ڕێکخروانانە، گەیاندنی دەنگی خەڵک و داواکارییەکانیان بە میدیا جیهانییەکان و ناوەندە پەیوەندیدارەکانە، بەتایبەتی کە بەهۆی پچڕانی هێڵی ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان، ڕێگەکانی پەیوەندیگرتنی خەڵکی نێوخۆ و چالاکان بە جیهانی دەرەوە دژوارتر دەبێت. کارێکی دیکە کە ئەم ڕێکخراوانە ئەتوانن بیکەن پێشکەشکردنی داوای هاوکاری و هەڵوێستگرتنە لە ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ. لەم ڕاستایەدا ڕێکخراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشی لەگەڵ ٤٢ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ پرسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران بڵاو کردەوە.

**د. هادی ڕەسووڵزادە**: ئامانجی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی لە چاودێریکردن و بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئاگادارکردنەوەی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانە وەک ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، تێگەیاندنی ڕێکخراوگەلی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت بردنی سکالا بۆ ناوەند و ئۆرگانەکانی وەک دیوانی مافی مرۆڤی ئورووپا و شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان. لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستای ئێران و بەتایبەت کوردستاندا ئەرکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ جگە لە ئاگادارکردنەوە و دانی زانیاری و ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە ئۆرگان و دەزگاکانی بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراو و ناوەندە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتیی جیهانە تاکوو داوا لە دەوڵەتەکانی خۆیان بکەن لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پرسی مافی مرۆڤە لە ئێران نەکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان و ساتوسەودای بەسەرەوە نەکەن.

**شارۆخ حەسەنزادە**: ئێمەوە وەک ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز" پێشتریش بەردەوام هەواڵ و پێشێلکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەکرا، وەک بەڵگە بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤمان دەنارد، بەڵام ئیستە کە ڕەوشی ئێران و کوردستان بەتایبەت بەهۆی مانگرتن و خۆپێشاندانەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە زیاتر لە جاران بەهۆی دەستێوەردانی لایەنە ئەمنییەتییەکانەوە ئاڵۆز بووە، بەردەوام هەوڵمان داوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە لەسەر خەت بین و هەواڵ و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بخەینە بەر دەستی ئەو لایەنانەی ئەم دۆخەیان بۆ گرنگە. کەواتە ئێمە جیا لە ڕووماڵ و گواستنەوەی هەواڵەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، پێشێلکارییەکانی وەک کوشتنی خۆپیشاندەران، گرتن و برینداركردنیان کە زۆربەیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەپێکرێن، وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر و ئاشکرا لە پێشێلکارییەکان دەدەینەوە ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە و پێیان دەڵێین ئێمەوە وەک دەنگی ئەو خەڵکە مافخوراوە داوای پشتیوانی و هاوکاریتان لێ دەکەین، بەڵکوو خەڵک لەدەست ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە ڕزگاری بێت.

**کاروان مێراوی**: ئەو ڕێکخراوانە تا چ ئاستێک توانیویانە پرسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانەی کە ڕێژیمی ئێران پێشتر واژۆی کردوون و لەم بارودۆخەدا پێشێلیان دەکات، بە ناوەندی پێوەندیدارە جیهانییەکان بگەیەنن؟

**شارۆخ حەسەنزادە**: هەر ئەوەی کە هەتا ئیستا بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بەناوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چەندین کەس و لایەنی نیزام بخەنە نێو لیستی ڕەشی خۆیان و گەمارۆیان بخەنە سەر، ئەمە ڕێک کاریگەریی ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکان دەسەلمێنێت. لە دواهەمین هەڵوێستدا یەکیەتیی ئورووپا بۆ یەکەم جار و ڕاستەوخۆ بەرپرسانی هێزە نیزامییەکانی (انتظامی) شارەکانی بۆکان، سەقز و سنەی خستە نێو لیستی ڕەشی خۆیان کە ئەمە هەم بۆ ئێمەمانان دڵخۆشکەرە کە ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراو و وڵاتانەی جیهان بە واسیتەی ئێمەوە ئەو کەسانە دەناسن و لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەوان ئاگادار کراونەتەوە. جیا لەمەش، لە ئاستی هەموو ئێرانیشدا کاری لەم چەشنە کراوە، هەڵبەت ئەمە زۆر کەمە لە ئاست هەموو ئەو پێشێلکارییانە و ڕەنگبێت ئەم هەڵوێستەش زۆر کەمتر لە چاوەڕوانیی ئێمە بێت. بەڵام بۆ دەستپێک دەکرێت وەک کارێکی باش چاوی لێ بکەین کە هیوادارم لە داهاتوو و لە ئەگەری بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان کە دڵنیام بەڕێوە دەچێت و بەئاکام دەگات، سەرجەم وڵاتانی دیموکرات و لایەنگری مافەکانی مرۆڤ سوورتر دێنە سەر خەت و پێشێلکارانی مافی مرۆڤ باشتر سزا دەدەن.

**د. هادی ڕەسووڵزادە:** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێت بڵێم، ئەو ڕێکخراوانە کاریگەرییان لەسەر ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی بڕیاردەری دەوڵەتان و کاریگەرییان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە، بەڵام ڕادەی ئەم کاریگەرییە لە کات و زەمانی جیاوازدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ وێنە هەر لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، ٢٢٤ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی و ٦٧ کەسایەتیی سیاسی و مەدەنی داواکارییەکیان واژۆ کردووە کە داوا لە شورای ڕێکخراوی نەتەوەکان کراوە کە گوشار بخەنە سەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کوشتار، گرتن و ئەشکەنجەی خەڵکی نارازی ڕاگرێت، کە "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هانا"ش یەکێک بووە لەو ڕێکخراوانەی واژۆی کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی بەشداریی بەرینی خەڵک لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لەم ناڕەزایەتییانەدا، پێم وایە کاریگەریی زۆری دەبێت و گەشبینم.

**ئاویەر شێخی:** بێگومان دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوەکان و بەتایبەتی هەنگاو، لەم ڕاستایەدا ئەرکی سەرشانی خۆی وەک پێویست بەئەنجام گەیاندووە و لە ڕێگەی چەندین ڕاگەیاندراو و خستنە ڕووی بەڵگەی پەیوەندیدار توانیویەتی پرسی کورد و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمی ئێران بە میدیا گەورە جیهانییەکان بگەیەنن، بەتایبەت لەم ناڕەزایەتییانەی دوایدا. ئەگەر هەوڵی ئەو ڕێکخراوانە بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵک و ئاشکراکردنی زوڵم و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوایە، ئەوە دەستی حکوومەتی ئێران بۆ کوشتاری خەڵکی کورد ئاوەڵاتر دەبوو. ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە، کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتی ساڵانەی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە بە پشتبەستن بە ئامار و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، باسیان لە پێشێلکاری و سەرکوتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کردووە و مەحکوومیان کردووە. هەروەها ئێمە پێشبینی دەکەین کە لە ماوەکانی داهاتوودا هەر بە پشتبەستن بە ئامارەکانی ئەم ڕێکخراوانانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان هەڵوێستیان هەبێت. خاڵی گرینگ لێرەدا گواستنەوەی هەواڵ و سەرکەوتکاریی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان بە میدیا گەورە و جیهانییەکانە، کە ئەم ڕێکخراوانە بەتایبەتی هەنگاو بە شێوەیەکی بەرچاو توانیویەتی دەنگی خەڵک بن و زوڵم و پێشێلکارییەکانی حکوومەتی ئیسلامی لەقاو بدەن.

**تەیموور ئەلیاسی**: لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم پرسیارەدا، دەتوانم تەنیا باسی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ـ ژنێڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەم. ئێمە وەکوو کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان توانیومانە بۆ نموونە لە دواهەمین بڕیارنامەی پارلەمانی ئورووپادا دەور و ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕین و پێشنیارمان کرد بە دوو فراکسیۆنی پارلەمانی ئورووپا وەکوو گرووپی ڕینیوی ئورووپا کە لە لیبراڵ ڕادیکاڵەکانی پارلەمانی ئورووپا پێک هاتبوون و هەروەها گرووپی سۆسیال دێموکراتەکان، کە لە ڕێگەی ئەو دوو فراکسیۆنەوە کەڵک وەرگرین و پێشنیاریان پێ بکەین کە بڕیارنامەیەک لەسەر ئێران بخەنە پێش پارلەمانی ئورووپا کە ئەوانیش ئەو کارەیان کرد. ئێمە توانیومانە دوو خاڵی سەرەکی لەو بڕیارنامەیەدا بچەسپێنین، وەکوو؛ ١ـ ژینا ناوی ژینایە نەک مەهسا و خەڵکی کوردستانی ئێرانە. ٢ـ دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کورد و بەلووچ زوڵم و ستەمی زۆرتریان لێ دەکرێت. هەروەها لە بڕیارنامە و ڕاگەیەندراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسێری پرسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاوید ڕەحمان نوێنەری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا و بەتایبەت میدیاکانی ڕۆژاوا توانیومانە ئەو خاڵە بچەسپێنین کە کوردستان ڕۆڵی یەکەم و سەرەکیی هەیە و کوردستان ڕێبەریی ئەو شۆڕشە دەکات، بەو هۆکارەیشەوە کوردستان زۆرترین زوڵم و ستەمی لێ ئەکرێت. هەر بۆ نموونە لە تەلەفزیۆنەکانی سوئیس و لە هەندێک میدیای گەورە، لە ڕویتێرز، هەروەها بڕیار وایە لەو ڕۆژانەدا لە ئیسکای نیوز ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوتی خۆپیشاندانەکان لە ئێران و بەتایبەت لەسەر کوردستان پێشکەش بکەم.

بابەتێکی تر کە زۆر گرنگە، ئێمە وەکوو کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ـ ژنێڤ، لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی تر هاوپەیمانییەتییەکی نێونەتەوەییمان لە ڕێکخراوەکان دروست کردووە کە زیاتر لە بیست ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەندامی ئەو هاوپەیمانییەن و چەندین ڕاگەیەندراوی هاوبەشیشمان بڵاو کردووەتەوە کە زیاتر لە چل ڕێکخراو واژۆیان کردووە، لەوانە ڕێکخراوەکانی لێبوردنی نێونەتەوەیی و چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ.

ئێمە توانیومانە کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا هەندێک داواکاریی بخەینە پێش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەو پێوەندییەشدا بڕیارە بە ڕێبەریی وڵاتی ئاڵمان لە حەوتووی یەکەمی مانگی نۆڤامبردا لە چواچێوەی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، شۆڕای مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر پرسی ئێران بگیرێ کە داوای سەرەکیی ئێمەش لەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە میکانیزمێکی نێونەتەوەیی بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بکرێت کە لە کوشتنی خەڵکی ئێراندا دەستیان هەیە.

**کاروان مێراوی**: تاکوو ئێستە ئەو ڕێکخراوانە توانیویانە لەسەر بڕیاری ناوەند جیهانییەکان و هەروەها ناوەندە بڕیاردەرەکانی دەوڵەتەکان کاریگەرییان هەبێت؟



سەرچاوە
Serchawe

**د. هادی ڕەسوولزادە:** ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی مافی مرۆڤی چالاک لە ئێران و کوردستان ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشی بەڕێوە بردووە و هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە پێوەند لەگەڵ کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی پەنابەران، مافەکانی منداڵان و هەروەها پەیمان و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی مافە مەدەنییەکان کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران واژۆی کردوون، بە ئاگاداریی شۆرای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان و ڕێکخراو و ناوەندگەلی جیهانی مافی مرۆڤ گەیاندووە. تا ئەوە جێگایەی کە لە ڕێکەوتی ١٨ی نوڤامبری ٢٠٢٠ی زایینی، شۆرای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی وەک پێشێلکاری هەموو بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دانا و بە پێشنیاری کانادا لە دژی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بڕیارنامەیەک پەسند کرا، بەڵام ئەم بڕیارنامەیە تا چەندە دێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ شێوەی کاردانەوەی وڵاتانی ئەندام لە شۆرای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان.

**تەیموور ئەلیاسی:** لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو کۆنڤانسیۆنانەی کە ڕێژیمی ئێران واژۆی کردوون، لە کۆی ئەو ٩ کۆنڤانسیۆنە پەیماننامە نێونەتەوەییە، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێنج دانەیانی واژۆ و پەسەند کردووە. بۆ نموونە؛ کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی مافە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان، کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵان. دیارە ئێمە لە کۆی کۆمیتەکانی مافی مرۆڤی ئەو کۆنڤانسیۆنانە بە شێوەیەکی سیستەماتیک، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان توانیویەتی ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی پێشکەیان بکات و لە هەموو ڕاسپاردنامەکانی ڕاپۆرتەکان و ڕاسپاردنامەکانی ئەو کۆمیتانەی کۆنڤانسیۆنەکان، ئێمە توانیومانە پرسی مافی مرۆڤ و بەتایبەت پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی ئەو کۆمیتانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کۆنڤانسیۆنە پچەسپێنین.

**شارۆخ حەسەنزادە:** بە پێوەندیی بەردەوام و زانیاریی ڕاست و دروست هەروەها دانی ئەو بەڵگە و ناو و ئادرەسە جۆراوجۆرانەی ڕۆژانە بەدەستمان دەکەوێت و دەیاندەینەوە بە لایەنەکانی مافی مرۆڤی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کار و چالاکی دەکەن، هەروەها ڕووماڵ و هەواڵ و زانیاریی بەردەوام دەتوانین جیهان لە هەموو ئەو پێشێلکاری و کارەسات و جینایەتانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد دەکات، ئاگادار بکەینەوە و وەک پرسێکی هەنووکەیی بیخەینە بەرباس.

**ناوەیر شێخی:** ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان توانیویانە لە کاتی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی خەڵک سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامییان بە میدیا گەورە جیهانییەکان گەیاند، بێگومان ئەگەر هەوڵی ئەم ڕێکخراوانانە بۆ بەمیدیاییکردنی پێشێلکارییەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت نەبوایە، هیچ دوور نەبوو لە کوردستانیش کوشتارێکی

دیکەی هاوشەی زاهیدان لە بێدەنگیدا ڕووی بدایە. هەروەها گەمارۆکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانێکی وەک کانادا و ئاڵمان و هەروەها گەمارۆکانی ساڵانی ڕابردوو، بێگومان بە پشتبەستن بە ڕاپۆرت و ئامارە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بووە. دیارە تەنیا ئەمە فاکتەر نەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە. ئەگەر ڕاپۆرت و ڕاگەیاندنەکانی ئەو ڕێکخراوانە و بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی توانیویانە بێلایەنیی خۆیان لە گواستنەوەی هەواڵەکان بپارێزن نەبوایە، لەوانەبوو گوشارەکانی سەر ڕێژیمی ئێران لە ئەمڕۆدا بەو ڕادە بەرچاوە نەبوایە.

**کاروان مێراوی**: هاوڕێیانی هێژا، سپاس کە لەم دیبەیتەدا بەشداریتان کرد. وێڕای ماندووونەبوونی لە ئەرک و چالاکییەکانتاندا، هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## د. فەراز فیرووزی: ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و ئێراندا تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەخولقێنێت



### بەرایی:

ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە دوو مانگ بووەتەوە و قۆناغێکی نوێی تێپەڕ دەکات کە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وایە کە لە چوارچێوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان تێپەڕ بووە و چووەتە قۆناغی شۆڕشە و بەم هۆکارەشەوە بە شۆڕشی نوێی نەتەوەکانی ئێرانی لەقەڵەم دەدەن. لە ماوەی ئەم دوو مانگەشدا ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان بە چەکی نیوەقورس و گوللە شەڕ کۆمەڵێک تاوانی دژی مرۆڤایەتی خولقاندووە، کە دەکرێت ئەم تاوان و جینایەتانەی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان بە درێژەی فتوای خومەینیی جەلاد لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی نەتەوەی کورد ئەژمار بکرێت

ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" لەسەر ئەم پرسە و لە بواری یاسایی و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانەوە، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. فەراز فیرووزی، مافناس و توێژەری یاسا و هەروەها ڕاوێژکاری یاسایی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز فیرووزی سەرەتا سپاس بۆ ئەوەی کە لەم وتووێژەدا هاوکارمان بوون. باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ بەڕیزتان ئەم ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییانەی خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. فەراز فیرووزی**: لەڕاستیدا ئەو شتەی کە من ئەیبینم وەک خۆم، وەکوو کەسێک کە ساڵانێکە لە ئێران مامۆستای زانکۆ بووم لە بەشی یاسا و لە ڕێکخراوێکدا کارم کردووە کە پێوەندیی بە دەزگای دادی ئێران بوو واتە ڕێکخراوی بازڕەسی گشتیی وڵات، بە ئیستڵاح فارسییەکەی ئەوەی کە ئەیبینم، جورێک لە پوختەگیی سیاسییە، شێوازێک لە تێگەیشتنی کامڵی



سەرچاوە Serchawe

سیاسییە کە خەڵک و بەتایبەت لە کوردستاندا سەبارەت بە حاکمییەت و دەسەڵات سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی هەیانە. ئەوەی کە هەموو چینەکان بەبێ جیاوازی یەکیان گرتووە، وەکوو زنجیرێک هەر لە سەندیکای مامۆستایانەوە بگرە تاکوو ژنان و ... لە بەشی ئابوورییەوە بگرە هتد، تەنانەت دەبینین بۆ یەکەم جارە کە مافی منداڵان دێتە ئاراوە، هەموو قوتابخانەکان و قوتابییەکان ڕژانە سەرشەقام و ئەمە دەبێت زۆریش لەبەرچاو بێت، چونکە ئەمە تایبەتییەکی زۆر بێوێنەی بەم جووڵانەوە و بزووتنەوەیە دەبەخشێت کە بەڕاستی لە خۆ پێشاندانەکاندا جگە لەو دروشمانەی کە ئەدرێت، جگە لە جووڵە فیزیکییەکان، جۆرێک عونسوری مەعنەوی کە تێگەیشتنە لە ئەوەی کە تێگەیشتووییەکی سیاسییە لە پشت جووڵانەوەکەوە هەیە. ئەمە بە ڕای من ناهێڵێت بەم زووییە ئەم ڕاپەڕینە کپ بکرێت. با بڵێین ئاکامی نەبێت، بەڵام وەکوو جووڵانەوەکانی دیکە نییە کە بەس بۆ بێنزین یان شتێکی تری هاوشێوە بوو، جووڵانەوەی ئەم جارە هەموو شتێکی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و ئەم بەم هۆیەشەوە ئەم جووڵانەوەیە زۆر بەخێرا دەچێتە پێشەوە.

**کاروان مێراوی**: لە ڕووی یاسایی و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان و هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێرانەوە چۆنی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن؟

**د. فەراز فیرووزی**: سەبارەت بەم پرسیارە کە باری یاسایی بابەتەکەیە کە من زۆرم لەسەری نووسیوە و کارم لەسەر کردووە، ئەوەیە کە لەڕاستیدا ڕێژیمی ئێران هەموو ئەو پێبەندبوونانە و بەگشتی ئەوەی کە دەروەستیی هەیە بە کۆنڤانسیۆنەکان، وەکوو کۆنڤانسیۆنی مافی مەدەنی و سیاسیی ١٩٦٦ یۆئێن، کۆنڤانسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ١٩٦٦ کە ئەویش هەر یوئێن، کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵان کە ئێران پەسەند و واژۆی کردووە و هەموو ئەو کۆنڤانسیۆنانە و بڕێک لە کۆنڤانسیۆنەکان کە پێوەندی بە ڕێکخراوی جیهانی کارە کە هەمووی پێشێل کردووە. خۆپێشاندان مافێکی بنەڕەتییە کە لە گشت کۆنڤانسیۆنەکاندا ئاماژەی پێ کراوە و ئێرانیش پەسەندی کردووە و تەنانەت لەو یاسا ناتەواوەشەوە کە لە ئێراندا هەیە، ئەو یاسا بنەڕەتییە ئەمە پێشبینی کردووە و بەتایبەت لە بەندی ٢٧دا کە پێشبینی کراوە لە ئەو بەندە، ئەوەندە گشتی و ناڕوون لە بابەتەکە قسەی کردووە و جێی دەستی کراوە هێشتەوە کە شرۆڤەگەلێکی جۆراوجۆری لێ ئەدرێت و ئەو مافە پێشێل دەکردرێت. لەو بەندەدا تەنیا پیشبێنی ئەوە کراوە کە ئەگەر دژبەری ئیسلام نەبێت و چەکی لەگەڵ نەبێت، تەنانەت مۆڵەتی ناوێت. واتە بەپێی ڕەوایی (مشرووعییەت) موزاکراتە کە ئەیبینن لەو کاتەدا بلیمەتەکانی یاسای بنەڕەتی بەناو لەسەر ئەو بابەتە کە قسەیان کردووە و چوار - پێنج لاپەڕەی ڕەوای دانوستانەکە تۆمار کراوە و هەیە. تەنانەت مۆڵەتی فەرمیشی ناوێت، هەر ئەوەی کە ئەو دوو شەرتەی لێ دەرکەن، چەکی پێی نەبێت و دژبەری ئیسلام نەبێت، هەموو کەس دەتوانێت خۆپێشاندان بکات. ئەمە لە بواری یاسای نێوخۆ کە بە تەواوەتی پێشێل دەکردرێت و هیچ ڕێزێک بۆ یاسای خۆشیان دانانێن. لە بواری نێونەتەوەییەکەیەوە کە ئێران بەپێی یاسای مەدەنیی خۆی دەروەستی هەیە،

بە ڕەچاوی ئەو کۆنڤانسیۆنە بە تەواوەتی ئەو کۆنڤانسیۆنە پێشێل دەکرێت. زۆر ڕیپۆرت کراوە لەسەر ئەو بابەتەکە و تا ئەو جێگەیە کە بەرچاو و ئامارەکان دەبینین ئەوەیە کە دەتوانین بە سراحەت بێژین لە کەیسی شارە کوردەکان لە کوردستاندا و بەتایبەت لە سەقز و شنۆ و ورمێ و سنە بە شێوازێکی زۆر دڕندانە لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت دەکەن و لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤەوە دەتوانێت تاوانی دژە مرۆڤ بە ئەژمار بێت، تەواو بێت و دادگاکەر بێنن. واتە سەلاحییەتی پێڕاگەیشتنیان هەیە و زۆر لە دادگا نیشتمانییەکاندا وەکوو دادگای ئەڵمان، سوید،سوئیس و بلژیک یاسایەک هاتووەتە نێو دەسەڵاتی دادوەرییەکەیان ئەو مافە دەدات کە ئەگەر کەسێک لەو پیشە کاریان کردووە، بۆ نموونە سەرانی بان، فەرماندە باڵا سەربازییەکان بێنە ناو خاکی یەکیەتیی ئورووپا بۆیان فەرمانی دەستبەسەرکردن دەر بکەن و پەروەندەکە بە شیوەیەکی کەیفەری بخرێتە بەرباس. ئەمە لە بوار یاساییەکەیەوە کە ڕەنگە لە پرسیارەکانی تریشدا تۆزێ لەسەری ڕیزتر بمەوە.

**کاروان مێراوی**: وێڕای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان و ئێران بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاسایی داوای مافی سەرەتایی خۆیان دەکەن، بەڵام ڕێژیم یەکلایەنە بە دژی خەڵک و بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستاندا شەڕی ڕاگەیاندووە و لە جۆرەکانی چەک بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵک وەردەگرێت. ئەو پەلامارە دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیو بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێن یان تاوانی شەڕ؟ هەروەها جیاوازیی نێوان ئەو دوو تاوانە لە چیدایە؟

**د. فەراز فیرووزی**: لەبارەی پرسیارە من لە بابەتێکدا ئەوەم شی کردووەتەوە و بە وردی شرۆڤەم کردووە و لێرەشدا دووپاتی دەکەمەوە. کاتێک ئەوترێت تاوانی دژە مرۆڤ جیاوازیی لەگەڵ تاوان لە کاتی شەڕ یان جینایەتی شەڕ چییە، پێوەندییەکە ئەوەیە کە تاوانی کاتی شەڕ تایبەتە بە دەورانی ئەو شەڕە چەکدارییەیە کە ڕەنگە ناوخۆیی بێت یان شەڕ و تێکهەڵچوونێکی نێودەوڵەتی بێت لە نێوان دوو وڵاتدا. لە شەڕ و تێکهەڵچوونی ناوخۆییدا لەوانەیە بۆ نموونە گرووپێک یان حیزبێک یان جووڵانەوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەست بە شەڕی چەکداری بکات، ئەمە تێکهەڵچوونێکی ناوخۆییە. ئەو جۆرەکەی دیکە پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتە کە بە شەڕێکی نێوان دوو دەوڵەت ئەژمار دەکرێت، بۆ نموونە وەکوو دەوڵەتانی ئێران و عێراق. چۆن شەڕ لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەداخەوە تاکوو ئێستاش ناڕەوا ڕانەگەیەندراوە و شەڕ بوونی هەیە. بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە بۆیان کراوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا سنووردارییان کردووەتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر تاوان و جینایەتەکە بەربڵاوتر و گەورەتر نەبێت. ئەو شتانە باسگەلێکیان بۆی گونجاندووە وەکوو مافی مرۆڤدۆستانە کە جیاوازە لە مافی مرۆڤ. ئەو مافی مرۆڤدۆستانە تایبەتە بە کاتی شەڕ وەکوو قەدەغەبوونی چەکی قەدەغەکراو، چەکگەلێک کە هێزی تەقینەوە و کاولکارییەکی یەکجار زۆری هەیە و نابێت لە جێگەیەک لە خەڵکی سڤیلی زۆری لێیە بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە ئەمە تاوانێکی شەڕە. یان بۆ نموونە هێرشکردنی هێزێکی سەربازی بۆ سەر کۆمەڵێکی زۆر و بە

تەواوەتی سڤیل وەکوو نموونە دەتوانین جۆرێک لە جۆرەکان هێرشی مووشەکی و درۆنیی ئەم ماوەیە کە ڕێژیمی ئێران کردی بۆ سەر کەمپی ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان، ئەمە بە جینایەتی شەڕ یان جینایەتی کاتی شەڕ ئەژمار بکرێت، چون بە تەواوەتی شەڕێک دەستی پێ کردووە و هەر کەسێکیش شەڕەکە دەست پێ دەکات، دەبێت و ناچارە کە ڕایگەیەنێت لەو کاتەدا مافی مرۆڤدۆستانە دێتە ئاراوە، چون کاتێکی تایبەت بە شەڕە. هەر چەند کە ئێران هیچ کام لەمانە تەنانەت لە هێرش بۆ سەر فرۆکە مەدەنییەکە کە ئەو مووشەکانەی ئامادە کردبوو بەرەو عێراق، ئەمەی ڕانەگەیاندبوو کە کاتی شەڕە و دەبێت مافی مرۆڤدۆستانە ڕەچاو بکرێت و لە فرۆکەی مەدەنی و موسافرهەڵگرەکەی دا.

ئێستە بێینەوە سەر تاوانی دژە مرۆڤ، تاوانی دژە مرۆڤ تایبەت بە دەورانی ئاسایش و ئاشتی لە کاتێکدا کە هیچ شەڕێک لە ئارادا نییە و ئەو دەوڵەتە ناچارە بە تەواوەتی یاسا و بەندەکانی مافی مرۆڤ، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژیان، ئەشکەنجەنەدانی خەڵک، دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەر لە کاتی دادگاییکردندا کە هەمووی ئەمانە دەبێت ڕەچاو بکرێت. بەڵام کاتێک کە سەیر دەکەین لە سەرەتای خۆپێشاندانەکان و لە دوای بەخاکسپاردنی ژینا لە سەقزەوە دەستی پێ کرد، دەبینین بە شێوازێکی دڕندانە لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت دەکرێت و بە شێوازێکی زۆرەملێ ئەمانە دەستبەسەر دەکرێن و ئەوانە هەمووی جینایەتە و دەچێتە بواری جینایەتی دژی مرۆڤایەتییەوە. پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئێمە بۆ جەختمان لەسەر ئەوەیە کە لەنێوان ئەم جینایەتانە (جینایەتی شەڕ و جینایەت دژی مرۆڤ) جیاوازیی دابنێین. ئەگەر لە بوارە یاساییەکەیەوە ئێمە بە جینایەتی شەڕی ئەژمار بکەین، زۆر لە شتەکان دەتوانین نکوڵی لێ بکەین یان سزای (موجازات) تاوانی کەمتر بەسەر ئەو تاکە دەسەپێندرێت، بەڵام لە جینایەتی دژی مرۆڤایەتیدا کە بەهێزترە لە بواری یاسایی و دەوڵەتەکەدا لە کاتی ئاشتی و ئاسایشدا ناچار و ئەرکدارە پێبەندی بێت و ڕەچاوی بکات. بەو هەموو پێشێلکاریگەلە سزا و موجازاتێکی قورستر بەسەر ئەو تاوانبارە ئەسەپێت، لەبەر ئەوە زۆر زۆر گرینگە کە تەنانەت لە نووسینی ژورناڵیستەکاندا بەو بابەتە سەرەنج بدەن و بەرچاو بێت کە ئەم جینایەتە لەم کاتەدا کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی کوردستان و لە شارەکانی دیکەی ئێران دەیکات، جینایەتی دژی مرۆڤایەتی یان تاوانی دژە مرۆڤە و تاوانی کاتی شەڕ یا جینایەتی شەڕ نییە. ئاماژە بەمەش بکەم کە لە بواری یاساییەوە ببەستین؛ ئەگەر ئێران بە پێی ماددەی چواری کۆنڤانسیۆنی مەدەنی و سیاسی ڕایگەیاندبا کە لە بواری بارودۆخی نائاسایی من پێبەندی برێک لە کۆنڤانسیۆنەکان نابم، بارودۆخەکە نائاساییە و ناتوانم، دیسان دەمانتوانی لەسەر جینایەتی شەڕ قسە بکەین. بەڵام ئێران لەبەر ئەوەی کە ڕاینەگەیەنێت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هیچ کێشەیەک نییە لەو مافە کە هەیەتی ماددەی چواری ئەم کۆنڤانسیۆنە کە هەڵیدەپەسێرێت، برێک لە ماددەکان ئەم کۆنڤانسیۆنە چۆن کاتی شەڕە هیچ لەسەر هیچ نییە، ئێران تا ئەو کاتە ئەوەشی ڕانەگەیاندووە. کەوابوو هەموو بەڵێنەکانی هەیە و چونکە پێشێلیان دەکات، تاوانی دژە مرۆڤ بەسەر ئەو کەسانە هەیە، هەم فەرماندەکان و ژێردەستەکانیان و تەنانەت لە دادگا ئوروپاییەکاندا دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

**کاروان مێراوی**: ئەو تاوانانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم چ لێکەوتەگەلێکی نەرێنیی نێودەوڵەتی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە؟

**د. فەراز فیرووزی**: بەداخەوە ئەو جۆرەی کە یاسای ناوخۆی هەر وڵاتێک هێزی یاسایی هەیە، هێزی بەڕێوەبەریی هەیە، بەداخەوە یاسای نێودەوڵەتی ئەو هێزەی نییە و زۆر دەبینین کە پێشێل دەکرێت. بۆ نموونە دەبینین کە هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین هەموو یاسا مرۆڤدۆستانەکان پێشێک دەکرێن، جینایەتی شەڕ و هەموو ئەو شتانە دەکرێت و تاکوو ئێستەش هەتا شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە لەسەری تەنانەت بڕیارنامەیەک بڵاو بکاتەوە. ئەمە لەو بوارەوە کە یاسای نێودەوڵەتی نیسبەت بە یاسای نێوخۆی وڵاتەکان زۆر زۆر لە بواری جێبەجێکردنەوە و هێزی کەمترە و تابعێکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەداخەوە ئەوە ڕاستییە. بەڵام بە لە بەرچاوگرتن ئەمانەش زۆر ئاسارێکی نەرێنی بۆ ئێران بووە، ئەوی کە دەبینین ئێستە پێشنیار کراوە کە ڕەشنووسێک ئامادە بووبێ لەسەر ئەوەی کە ئێران ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مەقامی ژنانە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە وابزانم یەک ساڵە دەستی بەم کارە کردووە و ئەندامە. ئێستە ئەو درفتە و ئەو ڕەشنووسە ئامادە بووە کە دەربکرێت. ئەمە جۆرێک لە پرستیژی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتە لەنێو دەبات، کەس حیساب ناکا لەسەر قسەی. لەولاوە دەبینین کە کانادا دەستی بە گەمارۆخستنە سەر ڕێژیمی ئێران کردووە و من زۆرتر لە گەمارۆکانی کانادا، گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا زۆر بەهێزتر دەبینم، چونکە هێزێکی جێبەجێکاریی هەیە وەکوو یاسا لە هەموو وڵاتە ئورووپاییەکاندا بەڕێوە دەچێت و ئاسەوارێکی ماڵی و سیاسیی یەکجار لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە، بە شێوازێکی قۆناغ بە قۆناغ دەچێتە بەرەوە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەبێت. ئەمە پارتی یەکی بووە واتە هەنگاوی یەکەم بووە کە دەست پێ دەکات و ئەمە بەڕاستی لە بواری ماڵییەوە دەست و باڵی ڕێژیم بە توندی دەبەستێت.

دەزانم کە گەمارۆکان گوشارێکی زۆری خستووەتە سەریان، دەستیان بە ئەو سەرچاوەی ماڵییە نییە. لە بواری ئەرزییەوە بەهۆی ئەوەی کە لە پارێزراویی دیپلۆماتیک کەڵک وەردەگرن و دێن کاری ڕەش دەکەن، واتە لە بازاڕی ڕەشی ئەرزدا کەڵ وەردەگرن و بۆ کڕینەکانیان لە چەک و لە هەموو شتێک کەڵک وەردەگرن، بەڵام زۆر کاریگەری لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە. ئەو گەمارۆیانە کە کانادا ئێستە سەپاندوویەتی، یەکیەتیی ئورووپا سەپاندوویەتی و چەند وڵاتی تریش بە جیا خەریکن لەسەر ئەو بابەتە کار دەکەن.

**کاروان مێراوی**: ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان تاوانی زیاتر لە ناوچەکانی تری ئێران دەخوڵقێنێت و تەنانەت ڕەحم بە منداڵانیش ناکات و خەڵک کۆمەڵکوژ دەکات، پێتان وایە کاردانەوە جیهانییەکان لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی ڕێژیم لە ئاستی پێویستدا بوون؟ (ئەگەر نە، بۆچی نە؟)



سەرچاوە Serchawe

**د. فەراز فیرووزی**: بەداخەوە ئەمە ڕاستییەکە، کە نەک لە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زۆر سەرەنج بەمە نادات، هەر لە ناوخۆش وایە و هەر لە ناوخۆش ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە ئەگەری هەیە (تەجزیە تەڵەبن) واتە جیاییخوازن. ئەم پرسە کە زۆر لەمێژە لە ئارادایە و دەبینین کە هەواڵەکان کوردستان و شارەکانی کوردستان یان بەلووچستان بەرچاو نییە، ئەوەندە ڕۆڵێکی گرینگ لە هەواڵەکانی ئێران نییە و بەداخەوە ئەوەش ڕاستییەکە کە زۆر پێویستە کە حیزبە کوردستانییەکان لەسەری کار بکەن، ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە ئەم پێشێلکارییە مافی مرۆڤە و تایبەتە ئەو عونسورە مەعنەوییە، تاوان - کە یەکێک لە ڕوکنەکان ئیرتکابی جورم یەکیان عونسور مەعنەوییە- ئەو عونسور مەعنەوییە کە لە کوردستان دەیبینین زۆر زۆر بەهێزترە ئەو ڕووداوە کە لە دەورەی فەتواکەی خومەینی بەرولادا هەیە لەسەر کوردستان، هەروا بەردەوام بەکار دەبرێت و لە بواری یاساییەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئەو فەتوایەدا ئەو دڕندەییە چڕە زۆرتر لە کوردستان هەیە و ئەبینین لە بەلووچستانیش وا بووە. ئەو کۆمەڵکەسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە زاهیدان کوژران، بەداخەوە ئەو ڕەنگدانەوە لە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە نەبوو و من لە تویتێر لەسەر ئەمانەشم نووسیبوون کە ئەوەندە بەرچاو و ڕەخنەیەکی زۆرم لێ گرت لە کەسانێک کە لە لەو بوارەوە کارە دەکەن وەکوو ڕیپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران، باسم ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینییەوە لە گوندێک لە سووریە هێزە ئەمنییەتییەکان یەکجار ١٠٨ کەسیان کوشت واتە ڕێژەیەک وەکوو زاهیدان بە فەورییەت بەخێرا هەموو وڵاتەکان کۆ بوونەوە و تەواو وڵاتە ئورووپاییەکان لە زۆرتر و گرینگەکەیان ئاڵمان، فەڕانسە، ئیتالیا بوو و ئوسترالیا لەولا بوو کانادا و ئامریکا لە ئامریکا بوو، ئەمانە کۆ بوونەوە و بەیاننامەیەکی سیاسییان دا و بە خێرا باڵوێزی سووریەیان لە وڵاتەکانیان دەرکرد و دواییش قۆناغ بە قۆناغ کارێکیان کرد کە باڵوێزخانەکان بەستران و پێوەندیی دیپلۆماتیکیان تەک سووریەشدا پچڕاند کە تاکوو ئێستەش لە زۆر وڵاتەکاندا بەردوامە. بەداخەوە کە دەبینین ئەو چاوە کە لەبەر چاوگریا بۆ سووریە، لەسەر کەیسی ئێران جێبەجێ نابێت و پشت ئەمەوە بابەتێکی سیاسیی هەیە. من پێم وایە کە یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لەوە دەترسن کە دیسان شەپۆلێکی پەنابەر بەرەو بێتەوە لە ئێران بۆ ئورووپا و زۆر شتەکان لە بواری ئابوورییەوە دەبینن تاکوو مافی مرۆڤیتر و مرۆڤایەتیتر بابەتەکە سەیر کەن.

**کاروان مێراوی**: لایەنە سیاسییەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی کوردستان دەبێت چ ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی کە ئەو تاوان و سەرکوتانەی ڕێژیم لەسەر خەڵک ڕابگیردرێت؟

**د. فەراز فیرووزی**: من وەکوو خۆم، وەکوو پارێزەرێک کە تایبەتی لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ کار دەکەم و ئێستاش لەگەڵ ڕێکخراوێکی بەناوبانگی کوردستان (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو) لە مافی مرۆڤدا وەکوو ڕاوێژکار یارمەتییان دەدەم و کار دەکەم، بەردەوام ئێمە پێوەندیمان هەیە و لە ڕیپۆرتەوە و بەدواداچوونەوە بگرە ... ڕیپۆرتگەرێک کە بە شێوەی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسەکە وەکوو چەکناسی، بۆ نموونە وەکوو ئەو چەکگەلە کە لەناو فیلمەکاندا بەڕوونی

دیارن و بەکار هێراون، لەسەری کار دەکرێت و لە پسپۆڕی جیاواز بۆچوون وەردەگرین کە ئەم چەکە چ چەکێکە و چون ئەم چەکانە هەمووی بۆ کاتی خۆپێشاندان قەدەغە کراوە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا زۆرتر لەسەر ئەو بابەتانە کار دەکەین و پێوەندییەکی یەکجار زۆرمان گرتووە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر بابەتەکە لێکۆڵینەوە دەکەن. لەگەڵ چل ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و کوردستانی و نەتەوەکانی تر وەکوو بەلووچەکانو و تورکەکان بەیانییەکمان ڕوو بە لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند و واژۆ کرد کە سەبارە بەو جینایەتانە داخوازیی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆمان کردووە و بەردەوامیش لەسەری کار دەکەین، لەسەر فیلمەکان کار دەکەین. ئەوەی کە وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بە پارەیەکی هیچەوە هەمووی ئێمە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و بۆخۆمان لەسەر بابەتەکان کار دەکەین، تاکوو ئێستا باش چووینە پێش و دەبینین ڕیپۆڕتەکانمان لە زۆربەی ئەو ڕۆژنامە بەناوبانگە نێودەوڵەتییە بڵاو کرانەتەوە و ڕیپۆڕتەکانمان سەرچاوەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە یەکیەتیی ئورووپا و لە زۆربەی بەیاننامەکان کە وزارەتی دەرەوەی وڵاتەکان بڵاوی دەکەنەوە، ڕیپۆڕتەکانی ئێمە هەیە و تاکوو ئەو جێگەیە کە بۆشمان بکرێت پلانێکمان هەیە لەسەر ئەوەی کە بتوانین لە بواری یاسییەوە بە شێوەیەکی کردەوەیی بتوانین لەسەر پێشێل کارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە ئێرانیش سکاڵا تۆمار بکەین.

**کاروان مێراوی**: ڕێژیمی ئاخوندی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە هەر ئەگەرێک کە لە ئێرانی سیاسیدا هاتووەتە ئاراوە، سیناریۆیەک دادەتاشێت. ئەم جارەش سیناریۆی بەندیخانەی ئێڤینی داتاشی، پێتان وایە ئەم سیناریۆیە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لێکەوتەی جیاواز لە تاوانەکانی تر بۆ ڕێژیم لێی دەکەوێتەوە؟

**د. فەراز فیرووزی**: سەبارەت بە بەندیخانەی ئێڤین، بەڕاستی بەندیخانەی ئێڤین یەکێک لە مەترسیدارترین بەندیخانەکانە کە لە کاتی حەمەڕەزا شادا دروست بووە و دەستپێڕاگەیشتن بەو بەندیخانەیە زۆر دژوار و ئەستەمە، واتە ئەو جۆرەی کە لە بواری ئاسایشی کۆنترۆڵ دەبێت، دەستپێڕاگەیشتن زۆر زۆر ئەستەمە و تاکوو ئەم کاتەش ڕیپۆڕتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەو بەندیخانەیە نابینین. ئەبینین دەوڵەتی ئێران تاوێک لەسەر بابەتێک بە شێوازێک قسە دەکات و ئەوەی گرینگە هەر لەو بەیانییامەیەدا کە ئێمە بڵاومان کردووەتەوە و داوای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ کراوە کە تاکوو ئێستا دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران لەسەر کار بوو، یەک جار ڕیپۆڕتێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان توانیویەتی سەردانێکی بەندیخانەی ئێڤین بکات، "گالیندۆ پۆل" بوو و ئەو کاتە کە ئەویش بە شێوازێکی ناتەواو نەیتوانیوە ڕیپۆڕتێکی گونجاو لەسەر ئەو بەندیخانەیە بنووسێ و ئامادە بکات. ئەم بەندیخانەیە بۆ یاساناسەکان و بۆ ئەو کەسەی کاری مافی مرۆڤی دەکا زۆر نەناسراوە. وا دیارە کە شۆڕشێک بووە و وا دیارە کە سەرهەڵدانێک بووە لەنێو بەندیخانەکە و بەتایبەت لەنێو بەندی سیاسییەکاندا کە لەنێوانیاندا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان تێکهەڵچوون دروست بووە کە بەداخەوە لە چەکی

قورس کەڵکیان وەر گرتووە و برێک تەڤینەوە و شتیش بووە کە تاکوو ئێستە ڕاستییەکەی کەس ناتوانێت بە تەواوەتی لەسەری قسە بکات کە بە چ شێوازێک بووە، تەنانەت ڕێژەی کوژراوەکان و برینداەرەکان تا ئەم کاتە نادیارە و ئەمە بەڕوونی تاوانی دژە مرۆڤە و هەموو کۆمەڵگەی مافی مرۆڤی نیگەران کردووە. لەسەر ئەو بابەتانە بەداخەوە ئەو دەستپێڕاگەیشتنانە نییە و دەوڵەتی ئێران ئەو ڕێگەیە نادات، بەڵام بەردەوام دەبینم کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وەزاراتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەسەر بابەتە قسە دەکەن. دەبێت چاوەڕوان بین بزانین کە چی دەبێت، بەڕاستی تاکوو ئەو ڕوون و دیار نەبێت کە چی بووە و چی ڕووی داوە و چ خوڵقاوە لەوێ، ناتوانین لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و یاساکانی دیکەوە لەسەری قسە بکەین.

**کاروان مێراوی**: سەرەڕای ئەو گشتە تاوان و جینایەتانەی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت لەم یەک مانگەدا لەسەر خەڵکانی ناڕازی و ڕاپەڕیو، بۆچی ئەو ڕێژیمە لە کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت کۆنڤانسیونەکانی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵان و مافەکانی ژنان دەر ناکەن؟

**د. فەراز فیرووزی**: زۆر سپاس بۆ پرسیارەتان. زۆر بەرچاوە ئەم دەرکردنە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بەخۆشییەوە پێشبینی کراوە. ئەڵبەت جێگەی ئاماژەیە کە ئێران تاکوو ئێستەش کۆنڤوانسیۆنی مافی ژنانی نە واژۆ کردووە و نە پەسەندی کردووە، بەڵام کۆنڤانسینی منداڵان و ئەو دوو کۆنڤانسیۆنەکەی تری واژۆ و پەسەند کردووە و بەپێی یاسای نێوخۆییش دەبێت پێبەندی بێت و پێشێلی دەکات. ئەو پێشێلەکردنەیش پێشبینی کراوە لە کۆنڤانسیۆنەکە و لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکەدا کە ئەگەر هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی زەق بە تەواوەتی ئەم مافانە کە لێرە بە ڕوونی تیشکی خراوەتە سەر، پێشێل بکرێت. ئەوە وڵاتەکانی دیکە دەتوانن لە ڕێگەی میکانیزمی تایبەتی هەر کۆنڤانسیۆن بە خۆیە کۆ ببنەوە و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەری قسە بکردرێت و تا ڕادەیەک دەرکردنی ئەو وڵاتە لەو کۆنڤانسیۆنە. بەداخەوە تاکوو ئێستە ئەو ئیرادە سیاسییە نابینین کە تەنانەت لە بواری یاساییەوە کە وڵاتەکان ئەو مافەیان هەیە پرسیار بکەن. وەک ڕێککەوتننامەی نێوان دوو کەس کاتێک یەکێک لە کەسەکان پێشێلی دەکات، ئەوەی دیکە مافی هەیە پرسیار بکا بۆ پێشێل دەکرێت و ساز و کارەکەی ڕەچاو بکرێت کە لە کۆتاییدا ئەو کەسە لەو کۆنڤانسیۆنە دەربکرێت. بەداخەوە تاکوو ئێستەش ئەو ئیرادە سیاسییە نابینین و جێگە ئاماژەشە من ئەو جۆرە کە لەگەڵ یاساناسانی ڕۆژاوایی یان ژۆرنالیستەکان ئەم بەینە پێوەندیم بووە، بەداخەوە ئەوان بەس حیجاب وەکوو داواکاریی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵات دەبینن و زۆر گرینگ و پێویست لەسەری قسە بکرێت کە ڕۆژاواییگەلە ئاگادار بکردرێنەوە و زانیاریی زۆرتریان پێ بدرێت کە حیجاب تەنیا بەشێک لە داواکاریی ژنانی کوردستان و ئێرانە و داواکاریی خەڵکی ئێران زۆر زۆر لەم بابەتانە فرەتر و گەورەترە. خەڵک خوازیاری گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسین کە بەداخەوە هێشتا ڕۆژاواییەکان لەسەر ئەوە گومانیان هەیە و بەپێی ئەوە دەبینین ئەو سیاسەتە و ئەو ئیرادەی سیاسییە بوونی نییە کە ئەو ساز و کارە مافی مرۆڤگەلە کە تایبەت بە خۆی لە هەر

جێگەیەکدا لە هەر کۆنڤوانسیۆن و ڕێککەوتنامەیەکدا هەیە، تایپ بکەن و پرسیار بکەن و سازوکار یاساییەکەیان گەرەک بێت.

**کاروان مێراوی: داهاتووی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی کوردستان و ئێران و هەروەها ئاسۆی کورد چۆن دەبینن؟**

**د. فەراز فیرووزی**: هەر ئەو جۆرەکە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا جوابم داوە، من زۆر خۆشبینم بەو جووڵانەوە و بەم خۆپێشاندانانە. چون هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، جۆری عونسۆر مەعنەوی کە ئەو تێگەیشتنە سیاسییە و ئەو پوختەگییە سیاسییە لەناو خەڵکدا دروست بووە، دەبینین لە منداڵێکی قوتابیی هەشت و نۆ ساڵەوە ئەو تێگەیشتنە سیاسییە دەستی پێ کردووە تا پیرپیاوێکی هەشتا ساڵە. واتە ئەوەندە خەڵکەکە ئاگادار بوونەتەوە جار بە جارێک کە من لەگەڵ کەسانێک قسە دەکەم، بەڕاستی سەیرە بۆم لە تێگەیشتنی سیاسییان، زۆر زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت کە ئەوەندە خەڵک ئاگادارە و ئەوەندە زانیاریی بڵاو هەیە سەبارەت بە بوارگەلی جۆراوجۆری یاسایی، ئابووری، سیاسی و ...، ئەمە جێگەی خۆشحاڵییە و هەر ئەوە ناهێڵێت کە ئەم جووڵانەوەیە بخەوێت، یانێ من زۆر زۆر خۆشبینم بەو جووڵانەوەیە. هەر چەند کە ناتوانین کاتێکی بۆ دیاری بکەین بێژین کە ئەم کاتە بە ئاکام دەگات و ئاکامی لەو کاتە دەبێت، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە کە هاتووەتە ئاراوە و ئەو زانیارییانەی کە خەڵک هەیەتی و ئەو تێگەیشتنە سیاسییە کە پێی گەیشتوون و لەسەری کار دەکەن، هەر ئەوەیە کە خەڵک دێنێتە سەرشەقام و خەڵک دێنێتە سەر خەت و بەم ڕاحەتییە هەر چییش کۆماری ئیسلامی وەحشییانەتر و دڕندانەتر لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکات. دیسان ئەم عۆنسۆرە سیاسییە و ئەم تێگەیشتنە سیاسییە ڕێگە نادات ئەم حەرەکەتە بەم ڕاحەتییە بخەوێت.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکەمەوە کە دەبینین ئێرانییەکان تەنانەت لەسەر ناوی مەهسا و ژینا کە دایکی وەکوو ژینا قاوی لێ دەکات، لەسەر مەزارەکەی دەبینین دایکی بە ژینا بانگی دەکات، بە ژینا دەیناسێنێت. تەنانەت لەسەر ئەوەش حەساسییەتیان هەیە بە جۆرێک دەتوانین بڵێین ناو کلۆنیالییەکەی زیاتر بەکار دێنن و زۆریان پێ خۆشە هۆڤییەت کوردی لەبەین بچێت و ئەمە شتێکی بەرچاوە. تەنانەت لە هەواڵی کاناڵە فارسییەکانیشدا دەبینین کە لە سنە خەڵکیان بەستووە بە ڕەگبار و بۆ نموونە لە تەلەفیزیۆنە فارسییەکان دەبینین دەڵێن لە شەقامی هین مەرگ بەر دیکتاتۆر دراوە، لە کاتێکدا کە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە. لەوێ خەڵک بە چەکی قورس و نیوە قورس بە ڕەگبار دەبەستێت لەگەڵ ئەوەی کە کەسێک دروشم دەدات و هیچیان بەسەر نایەت، ئەمە بەراورد ناکرێت و من وەکوو خۆم پێم وایە کە ترس لەم شتە هۆکارێکی سیاسی لە پشت ئەم بابەتەوە هەیە کە پێیان وایە زۆربەی ئەوانە کە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ پانئێرانیزم و ئەوانە وا دەزانن کە لە قۆناغێکدا بابەتەکان نوێتر و لیبڕاوانەترە دەبێت، ڕۆژهەڵات وەکوو ڕۆژاوا ڕێگەی خۆی ئەچێ بەر لە ئەولا دەچێت، ئەمە تۆزێک ترساندوویانییە کە بە شێوازێکی سیستماتیک و زیرەکانە

هەواڵەکانی کوردستان نکۆڵی لێ دەکەن و بڵاوی ناکەنەوە. هەواڵەکان زۆر بە ڕۆژ ناکرێت، کە من ئەمە بە قەست دەیبینم، بە جۆرێک نییەت لە پشت ئەم بابەتەوە هەیە یا باشتر بێژم مەبەستێکی خراپ لە پشت ئەو بابەتەوە هەیە. جا من پێشنیارم ئەوەیە دەسەڵاتە سیاسییەکانمان حیزبەکانمان، حیزبە کوردستانییەکان زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە کار بکەن و ئاگاداری ئەو باس و بابەتانە بن لە دانوسنانەکاندا زۆر پێویستە پتر بەرگری لە هۆڤیەتی سیاسیی خۆمان، شوناسی سیاسیی خۆمان، داخوازی سیاسیی خۆمان بکەین و بە هەر نرخێک بوو پارێزراو بێت. بە بۆچوونی من لەسەر هەر شتێک وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناکرێت تا ئەو ناسینە لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەیەتە ئاراوە. من لێرەدا لەسەر ئەوە قسە ناکەم کە ئێمە سەربەخۆییخوازی تەواوین و فیدراڵیخوازین یان کۆنفدراڵخوازین یان هەر شتێکی تر، من وەک یاساناسێک ئەمە مافی بنەڕەتیی کوردە لە ڕۆژهەڵات و لەم کاتەدا لە چوارچێوەی سیاسی ئێراندا هەین دەبێت مافەکانمان پارێزراو بێت. ئەو دانوستانە دەکرێت، ئەو جووڵانەوەیە کە لەگەڵ ئێرانییەکان دەکرێت لە داهاتوودا دەبێت ڕوون بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات، دەبێت بەرچاو بێت و شێ بکەنەوە چی ئەدەین و چی دەگرین، ئەوە زۆر گرنگە و بە تەواوەتی لەگەڵ دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا هەم و هەموو باڵەکان (جیناح) گشت بزووتنەوەکان، بەڵام بە مەرجێک کە شناسایی یاسایی سەبارەت بە مافی کورد شی بکرێتەوە. زۆر پێم خۆشە کە حیزبە کوردستانییەکان ڕەشنووسێکیان هەبێت، ناوی هەرچی دەنێن، ناوی دەنێن یاسای کاتیی بنەڕەتی یان هەرچێک کە ناوی دەنێن، کە لێرە لێژنەیەکی یاسایی بەهێز لەگەڵ هاوپارالێلێک لەگەڵ ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان ئەم دەرفەتە بێننە ئاراوە و لە هەموو دانوستانەکاندا وەکوو ڕێکەوتننامەیەکی یاسایی بەرچاو بێت کە لە هێڵە سوورەکانمان لا نەدەن. ئەوە خەڵکی کوردستان هاتوونە سەر شەقام، خەڵکی کوردستان کوژران، خەڵکی کوردستان لە ناوخۆ لەژێر گوشار و ئەشکەنجەدا مافی ئەوەی هەیە کە بزانێت بەندکراوە سیاسییەکانمان چی دەکەن، حیزبە کوردستانییەکان پیلانیان بۆ داهاتوو چییە. ئەو کاتە کە بانگەواز دەکەن و خەڵک بانگهێشت دەکەن بۆ سەرشەقام بۆ مانگرتن ،ئەو لای ئەو مافە کە خەڵک هەیەتی ئەوەیە کە خەڵک پرسیار بکات؛ دەی باشە پلانی ئێوە چییە بۆ داهاتوو؟ لە ئەگەری هەر گۆڕانێکدا چۆن مافی ئێمە پارێزراو دەبێت لە داهاتووی ئێراندا؟

**کاروان مێراوی**: کاک د. فەراز زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتی پڕکاری خۆتان تەرخان کرد و لەم هەڤپەیڤینەدا هاوکاریی ئێمەتان کرد.

**د. فەراز فیرووزی**: سپاس بۆ ئێوەش و هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم.

دابەزاندنی دەنگ: ئارەزوو ئەندوودە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## وانیار ئەهوورایی: خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادارن



### ئاماژە:

لە سەرەتای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ئەم جارەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا ناوبانگی دەرکردووە، خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاو و جیاوازیان گێڕاوە و وەک ناوبانگی هەمیشەیی خۆی، جارێکی کوردستان وەک سەنگەری خۆڕاگری لە ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە و چاو و قەڵەمی میدیا جیهانییەکان لەسەر کوردستانە.

لەسەر ئەم ڕاپەڕینە ماڵپەڕی کوردستان میدیا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز وانیار ئەهوورایی (ناو خوازراو) چالاکی مەدەنی و یەکێک لە چالاکانی ئەم ڕاپەڕینە پێکهێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین:

**کاروان مێراوی**: کاک وانیار سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا، یەکەم پرسیارمان ئەوەیە؛ لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە کە لەنێو جەرگەی شۆڕشی شارن، ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە چەندە ئەگەری سەرکەوتنی یەکجارەکیی هەیە؟ یان بە واتایەکی تر سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە لە گرەوی چیدایە؟

**وانیار ئەهوورایی**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەگشتی، چ ئەوانەی کە لە دەرەوەن و چە ئەوانەی کە لە نێوخۆن، نیسبەت بە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە هیوادار و دڵخۆشن و دڵخۆشکەرن. بەڵام ئاکامی ئەم ڕاپەڕینە بە ئیرادە و

تێکوشانی خەڵک گرێ دراوەتەوە. ئێستە کە خەڵک لە دوخێکی ئابووریی نالەبارن، خەڵک دەبێت هیوادار بن و بۆ ئامانجەکەیان کە ڕزگاریی نیشتمان و ئازادییە، هەست بە ماندووبوون نەکەن و تاکوو سەرکەوتن کۆڵ نەدەن. خوێندکاران و بازاڕییان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەم شوڕشەدا بەشدارن، دەبێت هەر دەم بیر لە ئازادی و ژیانێکی خۆش بکەنەوە و بۆ داهاتوویەکی باش و گەش لە ماندووبوونی خۆیان تێپەڕن. خەڵک و بەتایبەت لاوان زۆر پێویستیان بە پاڵپشتی و دڵگەرمی هەیە. کۆبوونەوە، ڕێپێوان و ئاکسیۆنەکان لە تاراوگە و دەرەوەی وڵات وەکوو ئاکسیۆنە پڕجەماوەری و هەزاران کەسییەکەی شاری بێرلین لە وڵاتی ئاڵمان، کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبوو بۆ دڵگەرمی و بەردەوامبوونی خەڵکی ناوخۆ لەم ڕاپەڕینە. گرینگتر لەوەیش پاڵپشتیی دەوڵەتەکانە لە خەڵکی کوردستان و ئێران و ئەنجامدانی هەر شتێک کە بتوانن و بۆیان بکرێت، ئەمەش لەم قۆناغەدا ئەرکی حیزبەکانە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ لای ئەو ڕاپەڕینە و خەڵک و شەقامەکان ڕابکێشن.

بەگشتی بەردەوامبوونی خەڵک لە ناڕەزایەتییەکان و سەرهەڵدان و چوڵنەکردنی شەقامەکان دەتوانێت سەرکەوتوویی و ڕزگاریی بەدواوە بێت و خەڵک دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک پێک بهێنن.

**کاروان مێراوی**: به بۆچوونی بەڕێزتان هاوئاهەنگییەکی ئۆرگانیک لەنێوان سەرهەڵدانی شارەکان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە؟

**وانیار نەهوورایی**: تا ڕادەیەکی زۆر ئەم هاوئاهەنگییە لەنێوان شارە جۆراوجۆرەکاندا دەبینرێت. ئەم هاوئاهەنگییە لە شارەکانی کوردستان و هەروەها لە زانکۆکاندا زۆرتر لە بەرچاوە و ئەویش پاڵپشتی و یەکدەنگی و هاودڵبوونی یەکتر دەسەلمێنێت. بەڵام بە جۆرێک گشت شارەکانی ئێران هاوئاهەنگ بوونە و ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕۆژێک لە شارێکەوە دەبینرێت. میدیاکان دەبێت هەوڵ بدەن هاوئاهەنگییەکی باش ڕێک بخەن تاکوو لە هەموو جێگەیەکەوە خەڵک زۆرتر لە جاران بێنە سەرشەقام و ڕێژیمیش لە هەموو لایەکەوە سەرقاڵ بێت و نەتوانێت کونترۆڵی دۆخەکە بکات و بە سانایی خەڵک سەرکوت بکات.

**کاروان مێراوی**: مانگرتنەکان چ کاریگەرییەکان لەسەر خرۆشانی شەقامەکان هەبوو و ئەم کاریگەرییە چەندە بوو؟

**وانیار نەهوورایی**: بەشێکی زۆر لە خرۆشانی شارەکان ئاکامی لە مانگرتنەکاندا بووە. بەڵام بەداخەوە شارە فارسنشینەکان لە ناوەندی ئێران کەمتر پێشوازییان لە مانگرتنەکان دەکرد و بە ڕوونی دەرکەوت کە هەر کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مانگرتن هەبووە، دواترەکەی خەڵک بە حەشیمەتێکی زۆرترەوە هاتوونەتە سەرشەقام و بە دوو شێوە زەربەی قورسی لە

ڕێـژیم داوە و ئەمەش بێگومـان کـاریگەرییەکی بـاش و شـوێندانەری لەسـەر بەردەوامبـوونی ئەم ڕاپەڕیـنە هەبـووە و هەیە. هیوادارم ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت.

**کاروان مێراوی**: توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان یەکجار زۆرن. بۆچی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و بەلووچستاندا تاوان و جینایەتی زیاتر دەخوڵقێنێت؟

**وانیار نەهوورایی**: نەتەوەکانی کورد و بەلـووچ لە ئێرانـدا دوو نەتەوەی ستەملێکراون و بـۆ مـافی خۆیـان زۆرتـر خەبـات و تێکۆشان دەکەن. خەڵکانی ئەو دوو هەرێمەش باوەڕ و غیرەت و هەستی ئازادیخوازییان زۆرترە و بە یەکجاری و هاوکـات بە یەکبـوون حەماسە دەخـولقێن. لایەنە سیاسی و ئایینییەکـان لە کوردسـتان و بەلووچسـتاندا بـوونەتە هـۆی ترسـی ڕێژیمـی داگیـرکەری ئەو دوو هەرێـمە و خەڵکـیش بە جۆرێـک پێبەنـدی بیروبـاوەڕی لایەنە سیاسـی و ئایینییەکـانی کوردسـتان و بەلووچسـتانن. ئەمەش بـووەتە هـۆی ئەوەی کە ڕێژیمـی داگیـرکەر لە کوردستان و بەلووچستاندا زۆرتـر جینـایەت و تـاوان بخوڵقێنێـت تـاکوو لاوان لەو بیروبـاوەڕەی کە لەسـەر نیشـتمان، لەسـەر لایەنە سیاسـی و ئایینییەکـان و بەگشـتی هەسـتی شۆڕشگێڕییان بە دوور بخاتەوە.

**کـاروان مێـراوی**: ئەم ڕاپەڕینە دەتـوانین بڵێین سەرانسەرییە. چ وێکچوونییەک و جیـاوازییەک لەنێوان ڕاپەڕینی خەڵکی کورستان و ناوچەکانی تری ئێراندا دەبینن؟

**وانیـار نەهـوورایی**: بـۆ هەمـوو جیهـان سـەلمێندراوە کە کـورد و خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان چەنـدە پـێکەوەن و بە چە یەکبـوونێکەوە خەریکـی ڕاپەڕیـنن. یەکەم هەنگـاویش هەر لە کوردسـتانەوە دەسـتی پـێ کـردووە و دواتـر هەمـووی ئێرانـی گرتەوە. لە کوردستان بە هـۆی شەهیدکردنی شەهید ژینـا و دواتـریش ئەشکەنجە و شەهیدکردنی خەڵکـی مـافخواز، خەڵـک تـووڕەتر بـوون و هەمـوو شـارەکان پـێکەوە بەشـداریی ئەم ڕاپەڕینەیـان کـردووە. باشـیش دەرکەوتـووە کە تونـدوتیژی لە کوردستان زۆرتر و بەرچاوتر لە ناوچەکانی تری ئێران بووە.

بەڵام جیاوازییەکـان. جیـاوازی لە بەشـداری خەڵـکدایە. لە کوردسـتان هەمـوو شـارەکان چە شـارە گەورەکـان و چە شـارە بچووکەکان بەشدارییان کردووە کە چی هێشتا زۆربەی شارەکانی تری دەرەوەی کوردستان تاکوو ئێستە یان بێدەنگن یـان زۆر بە کەمـی دێـنە سەرشـەقام و مـاوەیەکی زۆر کەم لە شـەقام دەمێنـنەوە، بەڵام لە کوردسـتاندا لە کـاتی سـەرهەڵدانی ئەم ناڕەزایەتییـانەوە تـاکوو ئێسـتە بەردەوام لە شەقام، بـۆ نموونەش دەتـوانین ئـامـاژە بە شـاری سنە بکەیـن کە یەک ڕۆژیش

شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کاریگەریەکی زۆری لەسەر ناوچەکانی تری ئێران هەبووە و بێگومان ئەم کاریگەرییەش بەردەوامیش دەبێت. لە کوردستاندا زۆربەی خەڵک بەبێ هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی،تەمەن و ...، هاوبیر، هاوڕێ و بەشدار بوونە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە کە لە شارەکانی ناوچەکانی تری ئێران هەیە هێشتە سەری نەگرتووە و ئەنجام نەدراوە.

**کاروان مێراوی**: حیزبە کوردستانییەکان دەورێکی سەرەکییان لەو مانگرتن و ڕاپەڕینەکەدا هەیە. لە ڕوانگەی ئێوەوە چاوەڕوانی و داخوازیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەلات لەم قۆناغەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**وانیار نەهوورایی**: ئێستە ئەوان نە ئەبێت بێدەنگ بن و نە بە بەرنامەی زۆریشەوە بێنە مەیدان. ئەوەی کە ئەوان دەبێت لە ئێستەدا بیکەن، پاڵپشتی لە خەڵکی ڕاپەڕیو و دڵگەرمیدانە بەو خەڵکە. دەبێت شارەزا ڕێنوێنی خەڵک بکەن و بە باشترین شێوە ئامۆژگارییان بکەن تاکوو کەمتر خوێن برژێت و باشترین دەسکەوتیشمان بێت. داواکاری ئێمە ئەوەیە کە سەرجەم حیزب و لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە هاوبیری بکەن بۆ دارشتنی بەرنامە و پلان توکمە و ئەم ئەرکرش لە ئەستوی ئەوانە. دەبێت هەموو بۆ یەک ئامانج تێ بکوشن و پێکەوە هاوئاهەنگ بین.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز ئەهوورایی، زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم هەڤپەیڤینەدا، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ باسکردن یان هەر پەیامێکتان هەیە بفەرموون!

**وانیار نەهوورایی**: پەیامی من ئەوەیە: ئێستا کاتێکی بە نرخە و هیچ کات ئەم دەرفەتە نەڕەخساوە تاکوو خەڵک بەو شێوەیە بە یەکجاری و بەگشتی هاودەنگ بن. بۆیە دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشان و خەبات بکەین و هەوڵی خۆمان بدەین تاکوو بگەین بە ئاوات و ئامانج. لە هەموو خەڵک و لایەنێک داواکارم کە ئەم جارە بە هیچ شێوەیەک بێدەنگ نەبن و تاکوو سەرکەوتن و ئازادیی هەمیشەییمان کۆتا نەیەن. ئەگەر وا نەبێت دەبێت ئەم ڕێژیمە داگیرکەرە مرۆڤ و بەتایبەت مناڵکوژە بە کارەسات دەرووخێت!

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران


کوردستان
٥
بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

## ئاماژە:

لە پاش سەرهەڵدانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە نیزیک بە دوو مانگی تێپەڕ کردووە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەبات و شۆڕشی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە چووەتە قۆناغێکی نوێترەوە. بێگومان لەم شۆڕشەشدا کە هەنووکە لە کوردستان و ئێراندا ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی وەزاڵە هێناوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو لە هەموو ئێراندا ڕۆڵ و دەوری سەرەکیی هەبووە و بەرچاوترین بەڵگەش بۆ ئەم وابێژییە ڕاگەیەندراوەکانی ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و هاتنە سەرشەقامەکان و پێشوازیی خەڵکی کوردستانن. لەسەر ئەم پرسە و کۆمەڵێک پرسیار و دەنگۆ، لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دیبەیتێکمان لەگەڵ بەرپرسانی هەیئەتەکانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریدا پێک هێناوە.

### لەم دیبەیتەدا بەڕێز؛

– حەمەنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی و بەرپرسی هەیئەتی حدکا لە ناوەندی هاوکاری،

– ئەبووبەکر مودەڕسی، جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ناوەندی هاوکاری،



سەرچاوە
Serchawe

**– عەتا ناسری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری میوانی "کوردستان" دەبن.**

**کاروان مێراوی:** هاوڕێیانی بەڕێز سەرەتا زۆر سپاس لەو دەرفەتەی کە بە ئێمەتان دا و لەم دیبەیتەدا بەشدار بوون. کاک محەممەدنەزیف، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی شەهیدبوونی شەهید ژینا بەدواوە بەردەوام لە ڕاگەیەندراوەکانیدا داوای لە خەڵک کردووە بڕژێنە سەرشەقام و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، سیاسەتی ئێوە لە ئێستەدا چییە و بەرنامەی دیاریکراوتان بۆ درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە شەقامەکاندا چییە؟

**محەممەدنەزیف قادری** : دوای گیرانی ژیناخان و بەرخوردی دژی مرۆڤانەی گەشتی ئیرشاد کە لەڕاستیدا جگە لە بیانووگرتن هیچ هۆکارێک بۆ گرتن و ئازاردان و سەرئەنجام بێبەزەییانە شەهیدکردنی شەهید ژینا نەبوو، بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنەکەی سەرانسەری ئێران، کوردستان و هەموو دنیای هەژاند و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت ژنان و کچانی بوێر و بەهەڵوێستی یەکدەنگ هێنایە سەر خەت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەم وەک باوەڕمەندبوونی بە مافی ژن و بەها مرۆییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە کچە کوردێکی بێتاوان کە دەبێتە قوربانیی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و بە دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتی شەهید دەکرێت، ئەرکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییە کە ئەم تاوانە مەحکووم بکات و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و ڕای گشتی بکات کە بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن. بۆیە هەر لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای مانگرتن و خۆپیشاندانی لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد و بەخۆشییەوە بە وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پێشوازییەکی بەرین و بێوێنە لەو ڕاگەیەندراوەی ناوەندی هاوکاری کرا. ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانانە کە دەربڕی دەنگی میلیۆنان خەڵکی مافپێشێلکراوی ئێران و شەهیدکرانی هەزاران خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازی گەلانی ئێران بوو، وەرزێکی نوێی لە خەباتی جەماوەری کردەوە و پەیامێکی یەکگرتوویی و پێکەوەبوون و یەکگوتاریی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خۆی هێنا کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێراندا کەموێنەیە.

لەم خۆپیشاندانانەدا هەرچەند مرۆڤکوژانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەوڵیان دا بە هەڕەشە و گوڕەشە ئاوی چاوی خۆپێشاندەران بگرن و بە هێنانی هێزە دژەگەلییەکانیان ئاستەنگ بۆ خۆپێشاندەران دروست بکەن، بەڵام ئیرادەی ژنانی مافخواز و هەڵوێستی کوڕان و کچانی بوێر و بەگشتی گەلانی ئێران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و پێشوازیی سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردەکانی دەرەوەی وڵات، مێژوویەکی درەوشاوەی لە ئاستی ئێران و دنیادا تۆمار کرد. سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و دیاریکردنی دروشمەکان کە سیاسەتێکی ئەوڕۆییانە و ئازادیخوازانە بوو، هاندەر بوو بۆ ئەو یەکیەتی و یەکگرتوویە و هەر ئەوەش بوو زۆربەی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و کۆمەڵە ئێرانی و کوردستانییەکان و



سەرچاوە Serchawe

ڕاگەیاندنەکان لە ڕۆشنایی ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاریدا پشتیوانییان ڕاگەیاند و هاتنە ڕیزی خۆپێشاندەران. ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاری لەڕاستیدا پەیامی پێکەوەژیان و پێکەوە بوونیادنانی ئێرانی داهاتوویە. بەگشتی سیاسەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە خەباتکردنە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەسەر باوەڕمەندبوون بە ئازادی، دێموکراسی، مافی گەلانی ئێران و بەها مرۆییەکان، ڕۆڵی زیاتر بەخشین بە ژنان لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، یاسایی و... ئەم ئامانجەش تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا خۆی دەنوێنێت.

**کاروان مێراوی**: وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ڕۆژی خرۆشانی خەڵک لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی، ئێوە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێتان وایە ئەم خرۆشانەی خەڵک لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیدا ماوەتەوە یان چووەتەوە چوارچێوەی شۆڕشێکی سەرانسەرییەوە.

**ئەبووبەکر مودەڕسی**: بە بڕوای من بێگومان ئەم ئاخێزە یان بە وتەی جەنابتان خرۆشانە، هەر زۆر زوو پەرەی سەند لە سەرتاسەری ئێران و بوو بە جووڵانەوەیەکی سیاسی - نارەزایەتیی سەرانسەری. ئەوەندەی من ئاگادار بم بە ئێستاشەوە کەس نییە لە ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە حاشا لەو ڕاستییە بکات کە ئێمە لەگەڵ شۆڕشێکی سەرانسەری بەرەوڕووین و گەلی کورد نەتەنیا دەستپێکی ئەو شۆڕشە سەرانسەرییە بووە و وەک جەرەقەیەک بۆشکەی بارووتی نارەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێرانی تەقاندەوە، بەڵکوو لە درێژەی خۆیدا وەک هێزی بزوێنەری ئەو شۆڕشە دەوری نواندووە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ژینا ئەمینی وەک هێما و ڕەمزی ئەو بزووتنەوەیە قەبووڵ کراوە و نەتەنیا لە ئاستی ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەلماوە. ئەسپەردەکردنی ژینا و خۆڕاگریی بنەماڵەکەی و پشتیوانیی بێوێنەی خەڵکی شارەکەی (سەقز) و دوایش کوردستان ئاگرەکەی بەردا و بۆشکە بارووتەکە و چلەکەشی بوو بە سەرهەڵدانەوەیەکی بەتین و گوڕتر بۆ درێژەدانی ئاخێزەکە. هەڵبەت لەو ناوە، بزووتنەوەی کوردیش دەسکەوتی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و لە ئاستێکی سەرانسەری وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ڕەوایی خۆی سەلماند. کێ دەیتوانی ساڵێک لەوەپێش بیری لەوە کردبایەوە کە کورد بە ئالای خۆیەوە و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران و بە هەر بیروباوەڕێک، لە خۆپێشاندانەدا بەشداریی بکات. ئەم ئاخێزە گەورەیە و ئەو دەور و ڕۆڵەی کورد گێڕای، بەشی هەرە زۆری پروپاگەندە و تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدژی کورد پووچەڵ کردەوە. هەڵبەت دەبێت بزانین کە ئەو ڕاستییانە بەو واتایە نییە کە هەموو کەس لە ئێران ئەوەی پێ خۆشە. ئاشکرایە کە دژایەتی لەگەڵ کورد هەیە و هەمیشە کەسانێک هەن دەیانهەوێت باوەشێنی بکەن. بۆیەش پێویستە کە ئەو دەسکەوتە واتە ئەو یەکگرتوویە لە نێوان بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی کورد دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکرێت و بپارێزرێت.

**کاروان مێراوی**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا چ ئاستێک لەسەر خرۆشانی شەقامی شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە شارەکانی تری ئێران، کاریگەریی هەبووە؟

**عەتا ناسری** : ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەنگدانەوە و کاریگەریی باشی لەنێو خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا دروست کرد. ئەوەی کە هاوکاری و پێکەوەیی دوو کۆنسێپتی کۆمەڵە و دێموکرات کە ئەوکات لە قاڵبی چوار حیزبدا بوون و بەخۆشییەوە ئێستە و پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات، وەک دوو هێزی خاوەن جەماوەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەنگدانەوەی باشی هەبوو. سەرەڕای کەموکۆڕییەکان ناوەند هەم لەناو خەڵکی کوردستان و هەم لەدەرەوەی کوردستان و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیشدا توانی ببێتە مەرجەعێک.

پاش سەرهەڵدانی ئاخێزەکانی ئەم دواییە و لە یەکەم هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریدا بەرانبەر بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی کە داوای مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو خەڵکی کوردستان کرد، بەخۆشییەوە خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن و وەک بینیمان مانگرتنێکی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. دواتریش لە بەیاننامەکانی دیکەی ناوەندی هاوکاریدا ڕوو لە لایەنە ئێرانییەکان و ڕوو لە خەڵکی ناوچەکانی ئێران، زۆربەی شارەکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان ساز کرد و پشتیوانییان لەکوردستان ڕاگەیاند. لە ئێستەدا کوردستان بووەتە مەکۆی هەموو ئازادیخوازان، لەخۆڕا نییە کە لە باکوور تا باشوور و لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوای ئێران، کوردستان بە سەنگەری ئازادی و خۆڕاگری دەناسرێت. حیزبەکانی ناوەندی هاوکارییش کە هەڵقوڵای هەر ئەو کۆمەڵگەیەن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێوە توانیویەتی چەندین بەرانبەر ببێتە جێگەی متمانە و بڕوای خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران. ئەمە لە دەرەوەی وڵات لە سازکردنی ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەکانی تاراوگەش بە ئاشکرا بەرچاوە و کوردستانییانی تاراوگە و ئەندامانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران شوێن‌پەنجەیان دیار و بەرچاوە. ئەگەرچی هەموو ئەو بوارانە بەبێ کەموکۆڕی نییە، بەڵام بەگشتی ناوەندی هاوکاری توانیویەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا متمانەیەکی سەرانسەری بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە مەرجەعێک کە لە کاتە حەساس و چارەنووسسازەکاندا جەماوەری خەڵک بجووڵێنێت.

**کاروان مێراوی**: دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لەگەڵ چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا کۆ بوونەتەوە و ڕێککەوتننامەتان واژۆ کردووە، ئەمە تاکوو چەندە ڕاستە؟

**ئەبووبەکر مودەڕسی** :ئەو دەنگۆیانە پێشتر لە ڕاگەیەندراوێکدا لەلایەن ناوەندی هاوکارییەوە و هەروەها لە وتووێژی



سەرچاوە
Serchawe

کەسایەتییەکانی حیزبەکانی ناوەنددا وەک یەک لەوانە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی ڕەد کراوەتەوە، بۆیەش من بە پێویستی نازانم لێرەدا زۆرتری لەسەر بڕۆم. تەنیا ئەوەی پێ زیاد دەکەم کە بزووتنەوەی کورد و ناوەندی هاوکاری بە مافی خۆی دەزانێت لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورددا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران و هەر کات پێویست بێت دیالۆگ و هاوکاری بێت.

**کاروان مێراوی**: لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕووخانی ڕێژیمدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چە ئامادەکاریگەلێکی کردووە و بەگشتی چ بەرنامەیەکی هەیە؟

**عەتا ناسری**: ناوەندی هاوکاری زیاتر لە دوو ساڵە چەندین بەڵگەنامە و گەڵاڵەی سەبارەت بە تەعامول و پێوەندیی ناوەندی هاوکاری بۆ نموونە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، پێوەندیی نێودەوڵەتی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و ... هتد ئامادە کردووە کە هەندێکیان پەسەندکراون و هەندێکیان کاری لەسەر دەکرێت. یەکێک لەو بەڵگەنامانە باس لە پرسی کوردستان و ئێران لە پاش ڕووخانی ڕێژیم دەکات و بۆ پێشگرتنە لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە داهاتوودا. ئەم گەڵاڵەیە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەرپرسیار دەکات و مەترسییەکانی شەڕی ناوخۆیی ناهێڵێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتوو و ئەمرۆییە. هەر لە بزوتنەوەکەی کە بزاڤێکی ئازادیخواز و سێکۆلار و پێشکەوتووە هەتا بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەی و ئەو هاوکاری و بەدەم یەکەوەبوونی خەڵک لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا. ئەمە لە کەم کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لە دراوسێیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆیە حیزبەکانیش کە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیەن دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن، نابێت و بۆ کەس هەزم ناکرێت کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لە شاری سنە تا مەهاباد ٦ - ٧ بازگەی حیزبەکان، هەر حیزبە و بۆخۆی دابنرێت. هەر لە ئێستەوە دەبێت بیر لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوە و کوردی ڕۆژهەڵاتیش بە دەدری کوردی باشوورەوە نەچێت کە هەر بەرپرس و دەسەڵاتدارێک بۆ خۆی فەوجێک پێشمەرگەی هەبێت. گەڵاڵەکە چەندین ڕەهەندی گرنگی دیکە وەک بواری ئابووری، یاسایی و ... لەخۆ دەگرێت و حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری بەجیددی سەرقاڵی پێداچوونەوەیەن و لە داهاتوویەکی نزیکدا پەسەند دەکرێت.

**کاروان مێراوی**: چل ڕۆژ لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران تێپەڕی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەندە توانیویەتی سەرەنج و پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟

**محەممەدنەزیف قادری**: لە کەس شاراوە نییە کە ناوەندی هاوکاری و پشتیوانیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی ڕای گشتیی ئێران، کوردستان، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕۆڵی ڕێبەران و نوێنەرایەتی و ئەندامانی

تێکۆشەری حیزبەکان و کەسایەتییەکان، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، وەرزشوانان و هەموو چین و توێژەکان بەتایبەت ڕۆڵی مێژوویی و چالاکانەی ژنان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان ئەوەندەی تر بێزراو کرد. ئەم خۆپێشاندان و چالاکییانە کاریگەریی بە ڕادەیەک بوو کە لەلایەن چەندین وڵاتەوە گەمارۆی خرایە سەر و مەحکووم کرا و ژمارەیەک لە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتی خرانە لیستی گەمارۆکانەوە، هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری مافی مرۆڤ و نوێنەری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە بەفەرمی ئەم تاوانەیان مەحکووم کرد.

ئەو ڕووداوە بەگشتی ترسی خەڵکی لە ڕێژیم شکاند و قۆناغێکی نوێی لە خەبات دژی ڕێژیم کردەوە کە هیوابەخشە بۆ گەشەکردن و گشتگیربوونی خۆپێشاندانەکان. گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستان ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستە سمبۆلی بەرگری و خەبات و بەرخۆدان لە بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدایە، لەم بڕگەیەش لە خەباتدا بوونەوە بە هێمای یەکیەتی و یەکگرتوویی لە سەرانسەری ئێراندا. من لەو باوەڕەدام مێژوو ئەم ڕۆڵگێڕانە بە شانازییەوە باس دەکات و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش وەک ئیرادەی گەلی کورد بە بەرچاو ڕۆشنیی زیاترەوە بە هاوکاریی حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگەیەنێت. خۆپێشاندانەکانی چلەی شەهید ژینا ئەمینی و بەپیرەوەهاتنی خەڵک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری، جارێکی تر دەوری ناوەندی لە دەربڕینی ئیرادەی گەلدا دەرخست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## بیرا سنە: خوێندکاران بەشێک بوون لە ڕاپەڕینی کوردستان و ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانیش بەردەوام ترسی لەوە هەبوو



### ئاماژە:

ئاگری شۆڕشی ژینا کە لە کوردستان هەڵگیرسێندرا بەخێرایی پەرەی گرت و ناوچەکانی تری ئێرانی گرتەوە، بەرەو سێ مانگە دەڕوات و ڕێژیمی تۆتالیتێری ئاخوندیی ئێران و بەتایبەت سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ئەو ڕیژیمە کە باسکی سەرەکیی ڕێژیم ئەژمار دەکرێت وەزاڵە هێناوە. یەکێک لەو توێژانەی کە لەم ڕاپەڕینەی سەرانسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا هەم کاریگەر بوون و هەم ڕۆڵی سەرەکییان لە پەرەگرتنی ڕاپەڕینەکەدا هەبووە، خوێنداکاران و زانکۆکان بوون و دەتوانین بێژین ئەمەش دیسان لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. لەسەر ئەم پرسە هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵ بەڕێز بیرا سنە (ناوی خوازراو) پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: کاک "بیرا" سپاس بۆ ئەوەی کە کاتتان بۆ ئەم هەڤپەیڤینە تەرخان کرد. یەکەم پرسیارمان ئەوەیە؛ بەڕیزتان وەک خوێندکارێک کە لەنێو جەرگەی خەباتی شارن، لێکدانەوە و خوێندنەوەتان بۆ ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی کوردستان و ئێران چییە؟

**بیرا سنە**: هەر وەک دەزانین ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە وەکوو داگیرکەرێک سەیری دەوڵەتی ئێرانیی کردووە و بەپێی بارودۆخی خۆی و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە بە شێوازی جۆراوجۆر دژی ئەم داگیرکارییە وەستاوەتەوە و خەباتی کردووە. بەڵام

ڕاپەڕینی ئەم جارەمان جیاوازە و جیاوازیی ئەم ڕاپەڕینەش لەگەڵ ئەو خۆپیشاندان و سەرهەڵدانگەلەی کە بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی داگیرکەر ڕووی دابوو، مافی ژن و تیشکخستنە سەر هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو و ئەمە شتێک بوو کە توانی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم جوگرافیایە یەکگرتوو بکات بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامیی داگیرکەری ئێرانی. لە لایەکی ترەوە لە ئاستی جیهانییشدا پرسی ژن زیاتر لە کێشەکانی تر سەرنجی پێ دەدرێت کە بوو بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشتیی جیهانیی بەدواوە بێت و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بخاتە ژێر گوشارێکی هەمەلایەنەوە. خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ئەم بابەتە یەکێک لە هێڵە سوورەکانی ڕێژیمی ئیسلامییە و لە ستەمکارییەکانی خۆی بە دژی ژنان یەک هەنگاو پاشەکشە ناکات، کەواتە وەک دەسەڵاتێکی توتالیتەر، ڕێگەی سەرکوتی توندوتیژانەی خۆپیشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیوی گرتووەتە بەر.

**کاروان مێراوی: چ جیاوازییەک لەنێوان خرۆشانی شەقامی شارەکانی کوردستان و شارەکانی ئێراندا هەیە و ئەو جیاوازییانە لە چ ئاستێکدایە؟**

**بیرا سنە**: لە ماوەی ئەم ڕاپەڕینەدا چەندین جیاوازیمان لەنێوان شارەکانی کوردستان و شارەکانی تری جوگرافیای ئێراندا بینیوە و دەتوانم ئاماژە بە شارەکانی شنۆ، مەهاباد و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم کە نموونەیان لە هیچ شارێکی فارسنشین یان شارێکی دیکەی پێکهاتەکانی ئەم جوگرافیایە نەبووە. هەر وەک دەزانن شەقامەکانی ئەم چەند شارە بەتەواوەتی کەوتە دەستی خەڵکی ڕاپەڕیو کە ئەمەش ڕێکخستن و یەکگرتوویی و ورەی بەرز و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی دەرخست. هەروەها شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەوە بەردەوام لە مانگرتنەکاندا بەشدار بوون کە ئەمە دیسان لە هیچ شارێکی دراوسێ و ناوچەکانی تری جوگرافیای ئێراندا ڕووی نەدا. یەکێکی تر لە جیاوازییەکان دروشمەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە بەپێی گشتگیربوون و ناوەڕۆکیانەوە سەرتۆپی ئەم ڕاپەڕینە بوون. دروشمەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چین و توێژە جیاوازەکانی لەخۆ گرتووە و خوازیاری سەربەستیی ژن و سەربەخۆیی نەتەوەکەمان و ڕاونانی داگیرکەرە لە کوردستان و بەدەستهێنانەوەی سەروەریی سیاسی و نیشتمانیی خۆمان بوو، بەڵام لە شارەکانی پێکهاتەکانی دراوسێماندا دروشمگەلێک وتراوەتەوە کە زۆربەیان مەبەستدار بوون و لە قازانجی هاوکاری و یەکگرتوویی گەلانی چوارچێوەی جوگرافیای ئێران نەبووە و هەندێک جاریش دروشمەکانیان تەنانەت سێکسیستی و دژ بە ژن بووە.

**کاروان مێراوی: لەم قۆناغە هەستیارەدا خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و ئەو ئەرکە دەبێت چۆن بەڕێوە ببەن؟**



سەرچاوە
Serchawe

**بیرا سنە**: خوێندکارەکان بەردەوام بەشێک بوون لە ڕاپەڕینەکە و بەردەوامیش هێرش کراوەتە سەریان. پێم وا بێت تاکوو ئێستە بەباشی ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و دەبێت لەم ڕەوتەش بەردەوام بن و بە خۆپیشاندان، مانگرتن و پاڵپشتی لە خوێندکارانی ڕفێندراو و بەندکراو لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە، گوشار بخەنە سەر ڕێژیم. ڕێژیمی ئیسلامی ترسی لە خۆپیشاندان و پەیوەستبوونی خوێندکاران بەم ڕاپەڕینەوە هەبووە و ئەم ترسەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. هەرچەندە کە بە ئاشکرا سەرکوتیان دەکات، بەڵام سەرکوتی خوێندکاران لە شوێنێکی ئاکادمیک و لە زانکۆ، لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دەنگدانەوەی زیاتری دەبێت و گوشاری زیاتریش دەخەنە سەر ئەم ڕێژیمە داگیرکەر و داپڵۆسێنەرە. لە بەشداریی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا، مامۆستا کوردەکانی ئەو زانکۆگەلە چەندە لەگەڵ خوێندکاران کەوتن؟ یان بە واتایەکی تر مامۆستا کوردەکانی زانکۆکانی کوردستان تا چ ڕادەیەک پەیوەست بوون بە خرۆشانی خوێندکارانەوە؟

بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکانی کوردستان لەم ماوەیە و لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتنەکاندا بەشدار بوون. هەر وەک هەموو بابەتێکی تر ناکرێت بیگشتێنین و بەدڵنیاییەوە بەشێکی تر لە مامۆستایان پەیوەست نەبوون یان هەڵویستی هێمنانەتریان گرتووە کە بە نۆرەی خۆی ئەتوانێت چەندین هۆکاری جیاوازی هەبێت.

**کاروان مێراوی**: داخوازی و چاوەڕوانیی خوێنداکارانی کورد، بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**بیرا سنە**: خوێندکارانیش هەر وەک گشت چین و توێژەکانی تر و سەرجەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخوازی و چاوەڕانی ئەوەن کە حیزبە کوردستانییەکان پاڵپشتیان بن و لە کۆمەڵگەی جیهان و بەتایبەت ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکاندا دەنگی خوێندکارانی کوردستان بن، گرینگتر لەوە بەرپرسیار بن لە هەر چەشنە هەڵویستگرتن و بڕیاراتێکدا. خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ئێمەی خوێندکاران خوازیارین کە بە وشیاریی زیاترەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی تری چوارچێوەی جوگرافیای ئێران و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا هەڵسوکەوت بکەن و بەرەوژەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان توخمی سەرەکیی دانیشتنەکان، دانوستان و هەر چەشنە هاوپەیمانەتییەکی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی تری نەتەوەکانی چوارچێوەی جوگرافیای ئێران و بەتایبەت فارسەکان بێت.

**کاروان مێراوی**: وەک دواهەمین پرسیار؛ لەم ڕاپەڕینەدا چەند ژمارەی شەونامەیەک لە شارەکانی کوردستان و ئێرانیشدا بڵاو کرایەوە، پێتان وایە ئامانج و کاریگەریی ئەو شەونامەیە چییە؟

**بیرا سنە**: یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بۆ بەردەوامبوونی ڕاپەڕین ئەوەیە کە هەموو کەسەکان بە باشترین شێوە و لە بواری خۆیان و لە ئاستی تواناییەکانیاندا، ڕۆڵ و دەوری خۆیان بگێڕن و ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. کەواتە هەر چەشنە هەوڵێک و هەر کارێک کە ئاگری ڕاپەڕین گەش بپهێڵێتەوە، پێویستە بکرێت یان بەڕێوە ببرێت. شەونامەکان، دیوارنووسین، بڵاوکردنەوەی سروودی شۆڕشێگێڕانە و کارگەلێکی تر لەم چەشنە جگە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵک، بەر بە ئاسایبوونەوەی دۆخەکە ئەگرێت و کڵپەی ئاگری ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە بڵێسەدارتر دەکات و خەڵکی زیاتر بۆ ڕاپەڕین هان دەدات.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز بیرا سنە، سپاس بۆ ئەوەی کە لەم بارودۆخە هەستیارەتاندا کاتتان دانا و لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداریتان کرد

**بیرا سنە**: سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن، بەهیوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەمان و ڕزگاری و ئازادیی نیشتمانی داگیرکراومان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١٨ی نەڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئاڵا کوردستانی: کورد بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە یارمەتیی وڵاتە زلهێزەکان هەیە



### ئاماژە:

**ڕاپەڕین و بەرخۆدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکرووە، نزیک بە سێ مانگ بووەتەوە و بەردەوام کڵپەی خرۆشانی شەقامەکان زیاتر دەبێت. هەر وەک چۆن ڕاگەیاندن بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەر دەسەڵات و حکوومەتێک و هەروەها کۆمەڵگەش ئەژمار دەکرێت، بێگومان لە شۆڕشەکانیشدا ڕاگەیاندن و میدیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و لەم شۆڕشەی کە هەنووکەش کە لە کوردستان و ئێراندا لە ئارادایە، ڕاگەیاندن و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرەکییان هەبووە. ڕۆژنامەنووسانیش سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام لە هەموو بارودۆخێکدا چاوەدێریی چرووپڕیان لەسەرە و بەتایبەت لە بارودۆخە هەستیارەکانی وەکوو ئێستە چاوەدێرییەکانی سەریان زیاتر دەبێتەوە، دەکرێت لەو ڕاپەڕینە بە کاریگەرترین توێژ ئەژماریان بکەین. لەسەر ئەم مژارە تۆڕی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز "ئاڵا کوردستانی" (ناوی خوازراو)، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە چالاک و بەئەزموونەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.**

**کاروان مێراوی: بەڕێز کوردستانی سپاس بۆ بەشداریتان لە هەڤپەیڤینەدا، سەرەتای باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین؛ جەنابت وەک ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون، لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسییەوە ئەم سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ئالا کوردستانی**: سەرەتا سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی خەبات و بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی دایک، باوک و ڕۆڵەکانی نیشتمان ماچ دەکەم کە کەسوکاریان لە خۆپیشاندانەکان لەدەست داوە و ئازایانە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان شەقامەکان چۆڵ ناکەن.

هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئەم جارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تەواو جیاوازە لە ساڵانی ڕابردوو. بێگومان ئێران لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا و دوای گەمارۆ ئابوورییەکانی سەردەمی ترامپ، بە دۆخێکی زۆر قورسدا تێپەڕیوە و کێشە ئابوورییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگی خەڵکی نارازیی بەرز کردەوە. لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا خەڵک لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕژانە سەرشەقامەکان و لە ماوەیەکی کورتدا ١٥٠٠ کەس کوژران. بەڵام ئەم جارە چی وای کرد کە هەموو ئێران و ڕۆژهەڵات بێنە دەنگ و خۆپیشاندانەکان بەرفراوان بن؟ ئەوەندەی من تێبینیم کردووە پێش شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی" نزیکەی شەش مانگێک دەبوو کە دیسان پۆلیسی بەناو ئەخلاق یان هەمان گەشتی ئێرشاد چالاکییەکانیان بە فەرمانی ڕێبەری ڕژێمی ئیسلامی و لەژێر سێبەری ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری هەنووکەی ڕژێم زۆر بەرفراوان کردبوو، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فارسیدا ڕۆژانە دیمەنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان و کچان لەسەر نەبوونی لەچک و شێوازی جلوبەرگیان بڵاو دەکرایەوە، کەواتە ئاگرێکی بچووک داگیرسابوو. لەناکاو کچێکی کورد لە ناوەندی ئێران و لەلایان پۆلیسی بەناو ئەخلاق دەستبەسەر کرا و پاش دەستبەسەرکرانی کوژرا! ڕاستە ئەم هەواڵە فارسەکانی تاساند، بەڵام بردنەوەی تەرمی ژینا بۆ شاری سەقز، هاتنی ئەو هەموو خەڵکە بۆ گۆڕستان و گوتنەوەی دروشمی جیاواز و بەتایبەت دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، فارسەکانی سەرسام کرد.

بۆیە کۆمەڵگەی ئێران و جیهان دەبێت لەوە تێ بگەن کە شۆڕشی ئێران لە ئاکامی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشێکی کوردییە لە دڵی خەڵکێکەوە کە ئاشنایە بە شۆڕش و ئامانجی دیاریکراویان هەیە. بەمەش دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی ئەم جارەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کردستانەوە سەری هەڵدا و لە فڕێدان و سووتانی لەچکێک گەیشتە دروشمی مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتن تا گۆڕینی دەسەڵاتی ئەو ڕژێمە.

**کاروان مێراوی**: لە بارودۆخی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا ئەرکی ڕۆژنامەنووسەکانی ناخۆ چییە و چۆن لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەدا هاوکات خۆیان لە گیران و ڕفاندن بپارێزن؟

**ئالا کوردستانی**: لەم کاتانەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس گواستنەوەی ڕاستییەکانە و بڵاوکردنی ئەوەی دەیبین، "نیلوفەر حامێدی" کە یەکەم وێنە و هەواڵی گیانلەدەستدانی 'ژینا ئەمینی'ی بڵاو کردەوە، بەتەواوەتی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و ئەگەر ئەم شۆڕشە وا گەورە نەبوایەتەوە، بێگومان دەستبەسەر نەدەکرا. کەواتە لەم حاڵەتەدا سیستەمێکی دیکتاتۆری بە دڵی

خۆی بڕیار لەسەر گیرانی ئەو کچەیان داوە، بە پشتبەستن بە هەندێک وێنە کە گوایە پێشتر لە دەرەوەی ئێران بەشداری ڤۆرکشۆپێکی کردووە و ئەمە پلانی لە پێشدارێژراو بووە.

ئێستە کە ڕوونە مامەڵەی هێزە سەرکوتکەرەکان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چۆنە، ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆ دەبێت زۆر بە وریاییەوە کار بکەن و ببن بە سەرچاوەی هەواڵ بۆ دەرەوە و کەمتر لە لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆیان زانیارییەکان بڵاو بکەنەوە، چونکە نموونەی زۆرمان هەیە لە ڕۆژنامەنووسانی چالاک کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری لە لاپەڕەی خۆیان دەستەبەسەر کراون و دوای ئازادکردنیان لەبەر ئەو چاودێرییە چڕوپڕەی کە لە سەریان هەیە، کەمتر دەرفەتی کارکردن و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەیان هەبووە. لەم شۆڕشەدا دەبێت هەموو کەس ئیحساسات بەلاوە بنێت تا سەرکەوتنی گشتی بەدەست بێت، بۆیە ڕۆژنامەنووسانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بردنە دەرەوەی دەنگی خەڵکی ناڕازی، دەبێت تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانن لەگەڵ ناوەندەکانی هەواڵ لە دەرەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆری کە هیچ مافێک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دەستەبەر ناکات، کار بکەن.

**کاروان مێراوی**: ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بەگشتی و بەتایبەت ئەم سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە چەند لە ڕۆژنامەکانی ناخۆدا ڕەنگیان داوەتەوە؟ یان بە واتایەکی تر ڕۆژنامەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چەند ئاوێنەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەن؟

**ناڵا کوردستانی**: بێگومان وەک هەمیشە زۆر بە کەمی. لە ماوەی ٤٣ ساڵی دەستەڵاتداریی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا بەپێی گۆڕینی سەرۆککۆمار شێوازی کارکردنی ڕۆژنامە و سایتە ناوخۆییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەموو سەردەمێکدا سانسۆرکراو بووە.

ڕۆژنامەکانی ئێران یان کار لەسەر ئەم ڕاپەڕینە ناکەن یان زۆر موحافیزەکارانە لەسەری دەنووسن و ڕۆژنامەکانی نزیک لە حکوومەتیش کە هەڵویستیان ڕوونە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر کەمی کردووە، ئەو چەند دانەیەش کە بڵاو دەبنەوە ناتوان بە دروستی ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات بڵاوی بکەنەوە و زیاتر شرۆڤە و داواکارییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین کە ئێستە هەواڵەکان زیاتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە و ئەمەش دەرفەتێکی باشی ڕەخساندوو تاکوو سەرەڕای هەموو بەربەستەکان بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت، هەواڵە دروستەکان لە ڕێگەی پەیجەکانەوە بڵاو بکرێنەوە کە هەر بە یارمەتیی خەڵک هەواڵیان دەست دەکەوێت.

**کاروان مێراوی**: سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامە خەڵکییەکانی ناوخۆی ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا چاوەدێریی چڕوپڕیان لەسەرە، لە بارودۆخێکی ئاوا هەستیاردا دەبێت چۆن ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن کە هەم بتوانن لە خزمەتی داخوازیی خەڵکدا بن و هەمیش بیانوو بە ڕێژیم نەدەن بۆ ئەوەی پێش بە بڵاوبوونەوەیان بگرێت؟

**ئاڵا کوردستانی**: وەڵامی ئەم پرسیارە تا پێش دەسەڵاتداریی ئیبراهیم ڕەئیسی تا ڕادەیەک ئاسان دەبوو، بەڵام ئێستە نا، هیچ ئاسان نییە!

لە ئێراندا سیستەمێکی دیکتاتۆری بە ڕێبەرایەتیی عەلی خامنەیی بەردەوام بەسەر هەموو ئاقارەکانی کۆمەڵگەدا زاڵ بووە بۆیە هەر وەک لەسەرەوە باسم کرد، بە گۆڕینی سەرۆککۆمار لە بەرەی بناژۆخوازان یان ڕیفۆرمخوازان کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مەدەنی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە سەردەمی "ڕەئیسی" و دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان و گوشارەکانی دەرەوە بۆ سەر ڕێژیم یەکەم شت کە دەستی بۆ بردرا، کۆنترۆڵکردنی خەڵک بوو کە ئەمەش کاری ڕۆژنامە، سایت و سۆشیاڵ میدیای گرتەوە، بۆیە لەڕاستیدا کارکردن لە خزمەتی داخوازییەکانی خەڵک بەبێ بیانوودان بە حکوومەت لە ڕۆژنامە خەڵکییەکانی ناوخۆی ئێران و کوردستاندا زۆر زەحمەتە.

**کاروان مێراوی**: هەر وەک خۆشتان پێشتر ئاماژەتان پێ کرد؛ ڕۆژنامەنووسان یەکێک لەو توێژانەن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بەردەوام لەژێر چاوەدێری و گوشارەکانی ڕێژیمدان. ئێستە لەو هەلومەرجەی کە لە کوردستان و ئێران لە ئارادایە، دۆخی ڕۆژنامەنووسان چۆنە؟

**ئاڵا کوردستانی**: دۆخی ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆی کوردستان و ئێران، بەگشتی زۆر خراپە. بەشێکی زۆریان گیراون و ئەوانی دیکەش بەردەوام لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەردەوام ئاگادارییان پێ دەدرێت و هەڕەشەیان لێ کراوە و لە پەیجی نەناسراو بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەی بێبنەما بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە تۆمەتباریان دەکەن تاکوو لە ئەگەری هەر هەڵوێستێکی بەرچاو، بە پشتبەستن بەو بەڵگە بێبنەما و دروستکراوانە دەستبەسەریان بکەن.

**کاروان مێراوی**: بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور، لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێراندا زیاتر لە ٤٠ ڕۆژنامەنووس لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە ڕفێندراون. ئەوندەی کە بەڕێزتان ئاگادار بن، هیچ زانیارییەک لەسەر بارودۆخی ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕفێندراوانە لە بەردەستدا هەیە؟

**ئاڵا کوردستانی**: جیا لە ڕفاندن و دەستبەسەرکردن، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ماڵەوەن، گوشارێکی دەروونیی زۆریان



سەرچاوە
Serchawe

لەسەرە و کارکردن بۆیان زۆر ئەستەمە.

سەبارەت بە گیراوەکان بێگومان بەشێکیان دۆخی تەندروستییان زۆر خراپە و مەترسیی ئەوەیان لەسەرە کە لە ئەگەری بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان بۆ ترساندنی خەڵک، لە سێدارە بدرێن. چەند کەس لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کوردستان گیرابوون، ئازادکردنیان بە مەرجی دانانی بارمتەی قورس بووە و چاوەڕێی ڕۆژی دادگاییکردنن و تۆمەتی سەرەکی و هاوبەشیان پڕوپاگەندە دژ بە نیزامی ڕژێمی ئیسلامییە. لێدان، گوتنی قسەی نەشیاو، هەڵسوکەوتی خراپ، تۆمەتبارکردنیان بە هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان، هێشتنەوەیان لە ژووری تاکەکەسی و گوشاری دەروونی، دۆخی هاوبەشی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕفێندراو و گیرانەیە.

**کاروان مێراوی**: خاتوو ئاڵا، میدیاکان چەندە کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێران هەیە؟

**ئاڵا کوردستانی**: میدیا لە هەموو کات و دۆخێکدا کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگە هەیە و زۆر جار میدیا ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک دیاری دەکات.

لەم ڕاپەڕینەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا میدیا بە هەموو جۆرە پلاتفۆرمەکانییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر خۆپیشاندانەکان هەبووە، هەڵبەت ئەوەش بڵێم کاریگەرییەکە هی ئەم دوو مانگە نەبووە، میدیای کوردی و فارسی دەمێکە لەسەر هوشیارکردنەوەی خەڵک و بڵاوکردنەوەی زانیارییە شارەوەکان کار دەکەن، هەر ئەمەش هۆکارێکە کە دەیسەلمێنێت خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وریاتر و بەهێزتر لە ڕابردوو درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن.

**کاروان مێراوی**: چ جیاوازییەک لەنێوان کاریگەریی میدیا کوردستانی و ئێرانییەکانی تاراوگە و هەروەها میدیا جیهانییەکان لەسەر ئەو ڕاپەڕینە هەیە؟

**ئاڵا کوردستانی**: دوای شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" سەرەتا هەموو میدیا کوردستانی و ئێرانییەکان و میدیاکانی دەرەوە باسیان لە کوژرانی ژنێک و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ژنانە دەکرد. کانالی سیئێنئێن چەندین جار پۆدکاستی لەسەر ئەو دۆخەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەیە بڵاو کردەوە و میدیا گەورە و گرینگەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. بۆیە هەموو میدیاکان کاریگەرییان لەسەر پیشاندان و پەرەپێدانی ئەو ڕاپەڕینە هەبوو، چونکە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بە پێی بیروباوەڕ و متمانە بە میدیایەکی دیاریکراو بە دوای هەواڵەکاندا دەکەون. بەڵام کاریگەرییەک کە میدیا جیهانییەکان لەسەر گەیاندنی دەنگی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکردەی وڵاتان هەیانە، میدیا

خۆجێییەکان نایانبێت. بۆیە ئێستە کە ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئامانجی دیاریکراو و خواستی هەمیشەیی هەنگاو هەڵدەگرێت، دەبێت کورد سەرنجی میدیا جیهانییەکان بۆ خۆی زیاتر ڕابکێشێت چونکە کورد بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە یارمەتیی وڵاتە زلهێزەکان هەیە.

**کاروان مێراوی**: وەک ڕۆژنامەنووسێکی چالاک کە بەردەوام لەناو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانن، پێتان وایە چاوەڕوانی و داخوازیی خەڵک لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**ئاڵا کوردستانی**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی سێ مانگە شەقامەکانیان چۆڵ نەکردووە و لەم ماوەیەدا قوربانییەکی زۆریان داوە. ئەوان بەبێ چەک و بە ئیرادەیەکی بەهێز و یەکدەنگ هاوار بۆ ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و بێگومان داوای پشتیوانی لەو حیزبانە دەکەن کە ٤٣ ساڵە بە ئاشکرا و شاروەیی پاڵپشتییان دەکەن، بەڵام خەڵک دەبێت لەوە تێ بگەن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورە دەبێت پلانێکی باش و بەرفراوان هەبێت. حیزبەکانیش دەبێت لەوە تێ بگەن کە دەرفەتە زێڕینەکان هەموو کات دووبارە نابنەوە و دەبێت ئێستە نرخی کات زیاتر بزاندرێت تاکوو دەستکەوتی ڕاپەڕینەکان بەدەست بێنن.

**کاروان مێراوی**: وەک دواهەمین پرسیار؛ وێڕای خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخەکە، پێشنیارتان بۆ بەردەوامبوونی ئەم ڕاپەڕینە و بەگشتی بۆ داهاتوو چییە؟

**ئاڵا کوردستانی**: ئەم ڕاپەڕینە لە دڵی خەڵکەوە هەڵقوڵیوە و بەردەوامبوونیشی هەر بەدەستی خەڵکەوەیە، بەڵام ڕەچاوکردنی چەند فاکتەر زۆر گرینگە. پێویستە حیزبەکانی ئێران و حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پلانێکی باش و دیاریکراویان بۆ دەربازبوون لەم سیستەمە دیکتاتۆرییە هەبێت. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت لە ئەزموونەکانی ڕابردوو کەڵک وەرگرن و بە کەمترین تێچوو مافە ڕەواکانی خۆیان لەم شۆڕشەدا مسۆگەر بکەن. خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش گەیشتووەتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ نییە، بۆیە بە بڕوای من نابێت شەقامەکان چۆڵ بکرێن و هەر ئەو جۆرەی کە ئێستە دەبینین کۆدەنگییەک لەنێو خەڵکی ئێران دروست بکەن و سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن تاکوو هەموویان سەرکردایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەم شۆڕشە مەزنە ببینن.

**کاروان مێراوی**: خاتوو "ئاڵا" زۆر سپاس کە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستان و وێڕای ئەو گوشارانەی کە لەسەر ئێوەی ڕۆژنامەنووسانە ئامادە بوون لەم هەڤپەیڤینەدا بەشداری بکەن. ئەگەر لە کۆتاییدا شتێک ماوە باسی بکەین و ئاماژەی پێ

نەکراوە یان پەیامێکتان هەیە، بفەرموون!

**ئاڵا کوردستانی**: سپاس بۆ ئێوە، سەرکەوتوو بن. هەموو ئامانجێک دەگاتە ئاکام تەنیا دەبێت باوەڕمان بە ئامانجەکە هەبێت و ڕێگەی بەدەستهێنانی ون نەکەین.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٢٩ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵۆ ئەردەڵان: کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێک دەکات کە بنەمای هزریی ویژمانی ئێرانیی خستووەتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی



## بەرایی:

**شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران نزیک بە سێ مانگ بووەتەوە و لەم ماوەیەشدا ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ئێران و کوردستانیش جاروبارە هێوەر بوونەتەوە، بەڵام کۆمەڵێک لە شارەکان و بەتایبەت شاری سنە بەردەوام و بەبێ ڕاوستان لە شەقامدا بوونە و تەنانەت یەک ڕۆژیش شەقامیان چۆڵ نەکردووە و خەڵکی ورەزاڵەهاتوو لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوورتر دەبن و هەڕەشەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران و گرتن و کوشتن نەک تەنیا خەباتکارانی سەر شەقام ناترسێنێت، بەڵکوو زیاتر هانیان دەدات بۆ بەردەوامبوون، شۆڕشگێران لە چلەی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا پەیمان نوێ دەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕاپەڕین و شۆڕش و ئەمەش یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەو بەردەوامبوونەیە و خوێنی شەهیدان مەشخەڵی گڕکانی ئەم ڕابوون و ڕاسانەیە. لەسەر ئەم مژارە تۆڕی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز هەڵۆ ئەردەڵان (ناوی خوازراو) خاوەن بڕوانامەی ماستەر، چالاکی سیاسی و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی شۆڕشی ژینا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.**

**کاروان مێراوی: کاک هەڵۆ سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم هەڤپەیڤینەدا، با بەم پرسیارەوە باسەکەمان دەست پێ بکەین؛ هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین قۆناغی هاوشێوەی ئەم شۆڕشەی**

**ژینای تێپەڕ کردووە، بە بۆچوونی ئێوە جیاوازیی ئەم جارە لەگەڵ جارەکانی پێشووتر لە چیدایە؟**

**هەڵۆ نەردەڵان**: سەرەتا سڵاو و ڕێزم هەس بۆ ئێوەی ئەزیز و هاوکارانی بەڕێزتان!

سەبارەت بەم پرسیارە ئەبێت ڕاشکاوانە عەرزی ئێوە و خوێنەرانتان بکەم کە چە لە ئەو پاشاگەردانییەی دوای دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی و سێ - چوار ساڵی بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش، هەروەها لە شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی و دواتریش ڕاپەڕینی خەڵکەگەلێک کە ئاکامەکەی بوو بە شۆڕشی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و سەرەونخونبوونی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینگەلەی دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامییش لە ئێران، هیچ کام لەو ڕاپەڕینگەلە هاوشێوەی ئەم ڕاپەڕینەی ئیسە نابینم و وەک ئەم شۆڕشە بەراوەردیان ناکەم.

بەڵام جیاوازیی ئەم جارە لەگەڵ جارەکانی پێشوو لەوەدایە کە بە شانازییەوە پێشەنگایەتیی ئەم جارە بە شێوەکی بەرچاو و کارا، کچان و ژنانی سەربەست و چاونەترسی کۆمەڵگەکەمان لە ئەستۆیان گردگە و لێرەش نابێت ڕۆڵی ئەو دایکانە لەبیر بکەین کە بە زانایی تەواو کوڕ و کەنیشکگەلێکیان پەروەدە کردگە و ئەم ڕۆژانە بە لەخۆبردوویی ئەیانێرن بۆ گۆڕەپانی خەبات. ئەوەی ئیسە لە ڕۆژهەڵات هەیە، ئەو بەیتە شێعرەی ماموستا هێمن دەخاتەوە بیرمان کە ئێژێت:

**"دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات**
**من گوتم، تۆش تێبگە ناگاتە دەریایە زنە."**

هەروەها سەرەڕای ئەو هەموو کوشتن و بڕینە لە گشت ناوچەکانی ئێران، هێشتا کوردە کە لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا لە سەنگەر ماگەسەوە و سەرباری سەرکوتی فرەتر لەچاو باقی نەتەوەکانی ناو ئێران (جگە لە نەتەوەی بەلووچ کە وکوو نەتەوەی کورد و لەو ئاستە سەرکوت کریاگە) هۆشیاریی نەتەوەیی و سەروەریخوازی و داواکاریی هەموو مافە نەتەوەیییەکان هەر لە بیرمان نەچوگەسەوە و ئەگەر وردبینانە چاوی پێدا بخشنین، بۆمان دەردەکەفێت کە ئەم جارە کورد ڕێبەری و پێشەنگایەتیی ڕاپەڕینێک دەکات لە گشت ئێران کە بنەمای هزری و زەینی و دیسکۆرس و وێژمانی ئێرانی لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی دەخاتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی و بگرە تێکیشی ئەدات، هەروەها بڕبڕەی پشتی دوو دیسکۆرسی ئایدئۆلۆژیک و بگرە ئایینتەوەریش بە هەردوو باردا - ئێرانی باستان و ئێرانی سەفەوی ئایینی - لەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە و دایدەپلۆسێنیت. ئەم ڕاپەڕینە هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەرەو ئامانجێک دەڕوا و لیزگ دەکێشێت بەسەر وڵاتێکدا - کە سەرباری فاشیستبوونی دەسەڵات و بێدەنگیی نەتەوەی فارسی دەسەڵاتبەدەست و نەتەوەی



سەرچاوە
Serchawe

تورک کە بەشێکن لە دەسەڵات و شەریک و هاوبەشی فارسن - و بە جۆرێک ڕووناکی دەبەخشێت بە گشت چین و توێژەکانی ناو ئەو جوگرافیایە کە ئیتر ئەگەر خۆشی گەرەکی بێت ناتوانێت بێهەڵوێست بێت، هەرچەند ئەم قسە بە مانای ئەوە نییە کە کردەوەی ئەوان بەقەد کورد ڕیشەییە و ئەوان بەس بنەمای دەسەڵاتیان کردگە ئامانج و ئاگایانە یان نائاگایانە نایانهەوێت سیستەمی دەسەڵات و ئێران تێک بدرێت.

خاڵێکی تریش کە گەرەکمە ئاماژەی پێ بدەم؛ بەشداریی لایەنی ئایینی و بانگەوازەکانیانە لە پشتیوانیی خەڵکی ڕاپەڕیو کە بە شێوەیەکی بەرچاو هەم بەربڵاوە و هەم لە گشت بانگەوازەکاندا کە تا ئیسە بینراوە، ڕادیکاڵتر و قایمتر بنەماکانی ڕێژیم کردووەتە ئامانج و بەردەوام ئەکاتە ئامانج، تا ئاستێک کە ڕووخاندنی ڕێژیم ئەباتە قۆناغی "واجبی شەرعی" و ناڕاستەوخۆ حوکمی جەهادی بۆ دەدات.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز ئەردەڵان خەڵکی شاری سنە زیاتر لە ٨٥ ڕۆژە شەقامیان چۆڵ نەکردووە و سنە جارێکی تر مێژووی قارەمانەتیی خۆی تۆمار کردەوە. بەڕێزتان کە لەنێو جەرگەی خەباتی شارن و لە نزیکەوە زیاتر ئاگاداری خۆڕاگریی خەڵکی سنەن، لەسەر ئەم بەرخۆدانەی شاری سنە بۆمان باس بفەرموون!

**هەڵۆ ئەردەڵان**: بۆ ئەم پرسیارە دەمەوێت بەس بە کورت ئاماژەی پێ بکەم و ناچمە سەر وردەکاریی چۆنیەتیی کردەوە و خەبات و تێکۆشانی خەڵک کە چۆن بەپێی ئەو فیلم و هەواڵگەلەی کە بڵاو بووگەنەتەوە، گشتمان لە دۆخی شاری سنە ئاگادارین. شاری سنە بە قەد تەمەنی خۆی لە دەسەڵاتی ئەردەڵان (میرنشینی ئەردەڵان) خاوەنداریەتی لە قەوارە و چواچێوەیەکی کوردی کردگە و دوای نەمانی ئەو دەسەڵاتەش هەر جارە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر و لە قۆناغگەلی جیاوازدا لە پێناو کوردستاندا خاوەنداریەتیی شۆڕشی کردگە یان پشتیوانی بووگە. ئەم جاریشە سنە هەر ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆی کە ڕێبەرایەتی و تەوەری تێکۆشانبوونە، ئەوە دەگێڕێت و نابێت لەوە کەمتریشی لێ چاوەڕوان بکرێت. سنە هەمیشە ناوەندی شۆڕش و ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بووگە و هەر بەو جۆریشە دەمێنێت، ئەمە تایبەتمەندیی ئەو شارەسە و ئەو کوردستانیبوونە و کوردستانی کارکردنە لە زەینی تاکی کوردی ئەو شارەدا جێگیر بووگە و بە خۆشحاڵیشەوە زیاتر پەرەی پێ دراوە بۆ گشت ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە هەندێک کار و چالاکیی نوێ و تایبەتیش لە سنە ئەبینین کە نیشان ئەدات کاری بە ڕێکخراو و سیستەماتیک لە شاری سنە بەرچاوترە لە باقی شارەکان و ئەویشە ئەگەڕێتەوە بۆ چالاکییەکی چەندین ساڵە و تەمەنێکی لە پشت خۆی هەس.

**کاروان مێراوی**: لە کاتێکدا زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێرانیش جاروبار هێور دەبنەوە و تا ڕادەیەک ئارام

**بوونەتەوە، بەڵام خەڵکی شارەکانی سنە، بۆکان، مەهاباد، جوانرۆ، کامیاران و ... لەم ٨٥ رۆژەدا بەبێ ڕاوستان لە ڕاپەڕین بەردەوام بوون و کۆڵیان نەداوە. هۆکار، ڕەمز و نێهێنیی ئەم بەردەوامبوونە لە چیدایە؟**

**هەڵۆ نەردەڵان**: ڕاستییەکەی لەگەل ئەوە نیم کە زۆربەی شارەکان و تەنانەت ئەو شارگەلە کە ناوتان لێیان هێناوە هەر لە ڕۆژگەلی سەرەتاییی دەربڕینی نارەزایتییەکان و خۆپێشاندانەکان و ئەم ڕاپەڕینە بەشدار بووبێتن و لانی کەم لە ١٠ تاکوو ٢٠ ڕۆژی سەرەتاییی خۆپێشاندانێک لە ئەو شارگەلە بوونی نەوگە و یەکجێ و یەکسەر وەکوو سنە نزیک بە ٨٥ رۆژ لەسەر یەک و بێبڕانەوە لەسەر شەقام نەبوونە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە بەشداریی خەبات و تێکۆشان لە ڕاپەڕینی ئەم جارە نەوگن. هەر شار و هەر پێگەی جەماوەرییەک تایبەتمەندیی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەس و هەر کامەیان ڕۆڵی خۆی ئەگێرێت و بەداخەوە هەر کامەیان هەر بەپێی ئەو دۆخە تایبەتییە کە پێشتر وتم لە ئاستی خۆی تووشی کارەسات بووگە و شەهیدیشی لەم ڕێگە داگە و لە بەرانبەریشدا حەماسەیان خۆلقاندگە و مێژوویەکیان نووسیگەسەوە کە بێهاوتا بووگە یان ئەتوانین بێژین وێنەی لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا نادۆزرێتەوە، دەبێت لێرەدا ئاماژەیش بە خاڵێک بکەم کە ئەوەش ناوی شار و نەخشی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتە وەکوو ئیلام و کرماشان و لوڕستان کە نابێت لە بەرچاو نەگیرێت و پەراوێز بخرێت. ئەگەر وا بوو ئەوە نیشانەی ئەوەسە کە ئەو ناوچەگەلە لە وێژمانی ئێمە دیار نین و لە بەرنامەکانماندا نەخشیان ناڕوون و نادیارە و سەلمێنەری بێبەرنامەییی ئێمەس لە بەرانبەر ئێنەگەلە.

وێڕای ئەو بابەتە کە بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە، بە بۆچوونی من ڕەمز و هۆکاری ئەم بەرداوامبوون و کۆڵنەدانە کەڵەکەبوونی فرەیەک داواکاریی کۆمەڵایەتی و نەبوون و زەوتبوونی مافگەلی نەتەوەییی خەڵکی کوردستانە لەلایەن سیستەم و دەسەڵاتی ئێرانی و هەروەها هەندێک ناڕوونیی سیاسی و ئابووری لە شێوەی بەڕێوبەریی وڵات و ناڕوونی ئاکامی ژیانی چینی خوێندکار و پێگەیشتووی زانا و تێگەیشتوو کە ئیتر ناتوانێت باری قورسی ئەم دۆخە لەسەر شانی خۆی هەڵگرێت و دەرەتانێکی نەماوە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی شیاو و کەرامەتی نەک هەر تێکشکاوە، بەڵکوو کەرامەتی کەسایەتیی سووتیاگە. بۆیە ئەبینێت و شی دەکاتەوە و لێبڕاوانە و ئاگایانە بڕیار دەدات کە سەنگەری خەبات و شەقام چۆڵ نەکات و تێچووەکەی قەبووڵ دەکات و گشت هەزینەیەکیش چە لە ئاستی ناوخۆ و چە لە ئاستی دەروە بەسەر ڕێژیمدا دەسەپێنێت.

**کاروان مێراوی: چۆڵنەکردن و مانەوەی خەڵکی کوردستان لە شەقامەکان بە دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندی لەو ماوەیەدا، چ دەستکەوتی بۆ خەباتی شار و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان بەگشتی هەبووە؟**

**هەڵۆ نەردەڵان**: وەڵڵا خۆ دیارە ئەو مانەوەی خەڵک لەسەر شەقام سەلماندی کە پێداگری و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی و



سەرچاوە Serchawe

شۆڕشگێڕبوون بنچینەی خەبات و تێکۆشانن، ڕوو لە حیزبەکان ئەوەی دەرخست کە ئەبێت گۆڕانکاریی بەسەر شێوەی کار و تێکۆشانی خۆیاندا بێنن و بەچۆکداهێنانی ڕێژیم لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا بە دەستی بەتاڵ وەکوو دەسکەوتێک چاو لێ بکەن کە وزە و هێزێکی بێکۆتایی و بێبنی لە خۆی ڕاگرتگە و نابێت پارێز بکەن لە بڕیاردانی سەخت و دژوار لەم قۆناغەدا و خۆیان بە دوور بگرن و پەراوێزنشین و تواشاچیی ڕووداوەکان بن. دەسکەوتی ڕاپەڕینی ئەم جارە هەر هیچ نەبێت ئەوسە کە سەرباری بە ڕواڵەت زلبوونی دامەزراوە و دەزگاکانی ڕێژیم، بەڵام بێناوەڕۆک و پووچەڵن و خەڵکیش ترسی لێیان نەماگە و ڕێژمیش بە باشی تێگەیشتگە کە کوردستان ئیتر کوردستانی جاران نییە و هەموو سەرمایەی خۆی لە کوردستاندا دۆڕاندگە و کوردستان تازە ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی بەر لە ئێستەی، ڕۆژ بە ڕۆژیش دۆخەکەی لێ سەختتر دەبێت و خەریکە تێچووەکانیشی دەدات، هەروەها ئەبینین کە نە ڕەوایی لە ناوخۆی ئێران ماگە و نە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییشدا. بۆیە تا دەرفەت لەکیسمان نەچووگە و شیرازەی کار نەترازیاگە، ئەبێت بەرژەوەندی و قازانجی خۆمان لێ وەربگرین و هەنگاوێکی پتەو هەڵبگرین بەرەو ئامانجە سەرەکییەکانمان، لێرەدا نەخشی ڕێبەریی حیزبەکان گرنگە بەڵام بەداخەوە کاڵە و نەک ئیسە، بەڵکوو ئەمە چەند ساڵە کە زۆر لە خەڵک جێماگن و ئەبێت قەرەبووی بکەنەوە.

**کاروان مێراوی**: لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی کوردستان و ئێراندا ئامانجی سەردانەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران بۆ کوردستان و بەتایبەت شاری سنە چی بوو؟ بۆچی شاری سنەی بۆ ئەم سەردانە هەڵبژاردووە؟

**هەڵۆ نەردەڵان**: دیارە ئامانجی ڕێژیم سەرەتا پڕوپاگەندایە بۆ ئارامنیشاندانی دۆخەکە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەت لە سنە، دواتریش ڕەنگە پیلانگەلێکی تایبەتیان هەبێت بۆ چۆنیەتیی دادگاییکردن و تاوان خستنە سەر گیراوانی ئەم ڕاپەڕینە. چۆن وەک دەزانن "ئیبراهیم ڕەئیسی" لەوەتەی هاتگە ناو دەسەڵاتی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە لە بەشی دادوەری و دەسەڵاتی دادوەریی بووگە و لە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵەکەی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، دەستی ڕەها و باڵای بووگە و ڕەنگە پیلانگەلێکی تریش لە ئارادا بێت. بە هەرحاڵ ئەوە دواتر بەپێی کار و کردەوەکانی ڕێژیم ئاشکرا دەبن.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەش؛ وەکوو پێشتر عەرزی بەڕێزتانم کرد، شاری سنە تایبەتمەندیگەلێکی هەس، چەقی چیرۆک و بەڕێوەبەرییە و ڕێبەرایەتییەکە شاری سنەس، بۆیە "ئیبراهیم ڕەئیسی" شاری سنەی هەڵبژاردووە بۆ یەکەم سەفەر، پاش بە ڕواڵەت هێوەربوونەوەی بارودۆخەکە. ڕێژیم ناوەندی هەڵبژاردووە بۆ زەربەلێدان و باش تێگەیشتووە کە بە کۆتاییهاوردن بە فەرهەنگی شۆڕشگێڕی لە سنە تا ڕادەیەکی فرە ئەتوانێت کۆتایی بە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێرێت.

**کاروان مێراوی**: هەر وەک ئەزانین داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان جیاوازترە لە ئێران و بەتایبەت لە داخوازیی



سەرچاوە Serchawe

فارسەکان. پێتان وایە ئەم جیاوازیی داخوازییانە پێش بە یەکگرتوویی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و کۆدەنگیی خەڵک لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا ناگرێت؟

**هەڵۆ ئەردەڵان**: نە، من وا بیر ناکەمەوە و تەنانەت بەپێچەوانەوە لەسەر ئەو بۆچوونە وێسیاگم کە هەر ناوچە یان نەتەوەیەک لە ئێران داخوازیی خۆی هەس و بگرە دروشم و کار و شعووری سیاسیشیان لەتەک یەک جیاوازە و تێگەشتنیان جیاوازیی فرەس لەسەر پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش ئاساییە کە ئاوا بێت. تەنانەت تێگەیشتنی کورد و فارس لە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی، یەک جۆر نییە و بەپێی شێوەی جیاوازی ستەمی ڕەگەزی لەو دوو کۆمەڵگەیەدا سەرباری پیاوسالاربوونیان، هەر کامەیان بە ناخێک و بە ئامانجێک ئەو دروشمە لە شەقام ئێژنەوە و هاواری دەکەن. بەهەرحاڵ ئامانجی ئێمە و ئامانجی ئەوان ڕەنگە هاوتەریب بێت بەڵام فرە لەیەک دوورن. لانی کەم ئەم چل ساڵەی ڕابردوو ئەمەی نیشان داگە. ئەگەر گشت ئەو نەتەوەگەلە هەوڵ دەدەن ئەم ڕێژیمە تێک بشکێنن، بەڵام بە واتای یەک ئامانج و یەک شێوەبوونی کاریان نییە و ئەو جیاوازییە بەربەست نییە بۆ سەرەونخونکردن و ڕووخانی ڕێژیم. بەتایبەت ئەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو ڕێژیمە بە هەموو شێوەیەک پیلانی داڕشتووە بۆ سڕینەوەی پرسی کورد و داپڵۆساندنی نەتەوەی کورد و پێشێلکردنی مافە سروشتی و ئاساییەکانی ئەم نەتەوە، باقی نەتەوەکان هیچ پێناسە و تەعریفێکیان لەو پێشێلکاریگەلە سەبارەت بە مافی ڕەوای نەتەوەیی نییە و هیچ دەرک، تێگەیشتن و هەستێکیان بەرانبەر بەوە نییە. ئەگەر کورد بە تاک و بەکۆمەڵ بڕیار لەسەر هەر شێوە بەرگریکردنێک بدات لە خۆی و چارەنووسی، ئەوە مافی ڕەوای بەرگرییە، کردەوە و خەبات و تێکۆشانی گەیشتە هەر ئاستێک ئەوە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیە و ئاساییە. نەتەوەی کورد وەشیاگنە گیان سیستەم و دەسەڵاتێک کە هاوچەشنی گورگێکی دڕندە لەمێژ ساڵە بەربووەتە گیانیان و بە فتوا و کۆمەڵکوژی و مێتۆد و شێوەی جۆراوجۆر خەریکە لێکیان هەڵدەوەشێنێت و ئاسیمیلەیان دەکات و خاکیانی داگیر کردووە و ئەستاندنی گیان و ماڵیان و زەوتکردنی هەموو مافێکیان بە ڕەوا ئەزانێت، تەنانەت ئەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئێستە باقی نەتەوەکانی تر تا ڕادەیەک لەو دۆخەی کورد تێگەیشتوون و ئەزانن بەبێ دەستەبەربوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەو جوگرافیا، ئازادی و ژیانی خۆشیان لە ئاشتیدا مسۆگەر نابێت و دەربازبوون لەم دۆخە مەترسیدارە گونجاو نییە و ناڕەخسێت. بۆیە ئەم ڕۆژانە ئەژنەفین کە ئێژن "تاران ببێتە کوردستان، ئێران ئەبێتە گوڵستان" و ئەو دروشمە خۆی دەرخەری زۆر شتە بۆ ئێمەی کورد.

**کاروان مێراوی**: وەک دەزانن کوردستان مەکۆی سەرهەڵدان ئەم ڕاپەڕینە بووە و ئاگری ئەم شۆڕشە زیاتر لە کوردستانیش کڵپەی دێت. دەتوانین بێژین کوردستان ڕێبەریی شۆڕشێکی مۆدێرنی ئێران دەکات؟ یان بە واتایەکی تر ڕێبەریی قۆناغێکی نوێ لە شۆڕشی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران دەکات؟

**هەڵۆ ئەردەڵان**: نازانم مەبەستی بەڕێزتان لە شۆڕشی مۆدێرن چەس. بەڵام ئەتوانم بێژم بەڵێ پێشەنگایەتی و ڕێبەریی ئەم ڕاپەڕینە لە دەفری خۆی و لە ئاستی خۆی کورد خستگییە سەر شانی خۆی و بەتایبەت ئەوە بینراوە کە کاتێک شاری سنە ئەگەیشتە ئاستێکی فرە بەرز و لە لووتکەی نموودارێ ڕاپەڕین بوو، تاران و ئیسفەهان و چەند شاری تریش چالاکیی بەرچاوتریان بووگە. هاوکات لەگەڵ ئەمانیشە ئەتوانم بێژم بە هاتنی ئامرازی نوێ و تازە لە دنیای پێوەندی و داتا و بەدیهاتنی بەستێنی جۆراوجۆر و ئینتێرنێت، دیسان ئەوە هەر کوردە کە بە شێوازی ڕاست و دروستی شۆڕشگێڕانە و لە سۆنگەنیگای چالاکی کاریگەر لەو بەستێنگەلە کەڵکی باش وەردەگرێت. بە کورتی ئەمە کوردە کە بۆش نییە لە شۆڕش و شۆڕشگێڕی و مافی خۆشییە کە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕاپەڕینە بکات.

**کاروان مێراوی**: چاوەدێران و شرۆڤەکارانی سیاسی، شاری سنە بە ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی پێناسە دەکەن، ئەم پێناسەیە تاکوو چەندە ڕاستە و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**هەڵۆ ئەردەڵان**: وەڵامی ئەم پرسیارە بە کورتی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان و بونیاتنانی شێوە و چواچێوەیەک لە نیزامی دەسەڵات و شارسازی، هەروەها فەلسەفەیەک لە دەسەڵاتداری دەستی پێ کردووە کە دوای هاتنی ئیسلام لە کوردستان بێوێنە بووە و دەتوانین بێژین لانی کەم ٦٨٠ ساڵ بەگشتی و بەتایبەتی ٤٠٠ ساڵ لە شاری سنە کە پێتەختی ئەو دەسەڵاتە بووگە ڕیشەی هەس و هیچ پێوەندیی بەم ساڵانەی دوایی یان ئەم قۆناغەوە نییە، لە بیر و زەینی دانیشتووانی شاری سنە و دەوروبەری ئەو شارەدا ڕیشەی داکوتاگە و جیل بە جیل و بەرە بە بەرە هاتگە و هەمیشە خۆی نواندگە، چۆن ناسیۆنالیزم خۆ شتێکی نوێ نییە (ئەگەرچی ڕەنگە بە شێوەی زانستی چەمکێکی نوێ و پێناسەیەکی تازەی لێ کرابێت) و بەتایبەت فۆرمێک لە ناسیۆنالیزم لە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان دەستی پێ کردووە کە بێوێنە و تایبەتییە، لێرەدا جێگە و دەرفەتی ئەوە نییە کە پڕوپۆخت لەسەری قسە بکەین. بەس جێگەی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین کە ئەو ناسیۆنالیزمە گشت میرنشینەکان کەم تا فرە لەبەر گرتووە و ڕاستییەکەی ئەوەسە کە هەموویان بێجگە لە دوو بنەماڵەیان نەبێت، بە ڕەچەڵەک ئەردەڵانی بوونە و تەنانەت ئەگەڕێنەوە بۆ ئەیوبییەکان و هەزبانییەکان و دەسەڵاتە کوردییەکانی بەر لە ئیسلام. بۆ ئەم وابێژییە ئەتوانین ئاماژە بە نەخشی شێر و شکار بکەین کە هێمای ئاڵا و سپای ئەردەڵانەکان و هەزبانییەکان و دەوڵەتی میدیا و تەنانەت سومێرییەکانیش بووگە، ئەمە بە هەڵکەوت نییە و هزر و فەلسەفەیەک ها لە پشتی، هەروەها داری بنەماڵەیی گشتییان ئەگەڕێتەوە بۆ زۆراوی گەورە کە باپیرە گەورەی هەڵۆخانی بابی خان ئەحمەد خان بووگە.

**کاروان مێراوی**: وەک دواهەمین پرسیار، ئەم پرسیارەمان لە زۆر کەسی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیوە و پێمان باشە ڕا و بۆچوونی ئێوەش لەم بارەیەوە وەرگرین. پێتان وایە کە لەم هەلومەرجەی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

**ئێراندا داخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی و بەتایبەت لەم بارودۆخەی هەستیارەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟**

**هەڵۆ ئەردەڵان**: بە کورتی کاراترکردنی ڕۆڵی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات و لە درێژەی هەمان چاوەڕوانیشدا وەگەڕخستنی پرۆژگەلێک کە وەڵامدەری دۆخی هەنووکەیی بێت نە پرۆژەگەلێک کە کۆڵەکەیان لەسەر بنچینەی ئەگەر و ئیحتمالاتی نابەجێ دامەرزیاگە و کار و ڕەوتێکی دوور و چەند ساڵە لەبەر ئەگرێت و بەفیرۆدانی هەزینە و هێزە و تەنانەت پێویستی بە دۆخی کارەساتبار و پڕلە مەترسییە بۆ خەڵک. بۆ وێنە ڕاشکاوانە عەرزتان بکەم کە پرۆژەی ناوچەی دژە فڕین و داواکردنی بۆ ڕۆژهەڵات یا کاراکردنەوەی بۆ باشوور لە دوو ڕەهەندەوە ئەکرێت تاووتوێ بکرێت. سەرەتا بۆ ڕۆژهەڵات، مادام کە بستێک لە خاکمان ئازاد نەوگە یا تووشی کۆمەڵکوژییەکی بەرفراوان نەبووینە یان هیچ کامێک لەو تایبەتمەندیگەلەی دۆخی ئیسەی بۆ ناگونجێت و نە تەنیا ئەگەری لەبارچوونی فرەس، بەڵکوو بگرە نیشاندەری ئەوە بێت بۆ دنیای دەرەوە کە تاکی چالاکی سیاسیی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی لەسەر کۆمەڵگەی خۆی نییە و لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناتێگەیشتوو و بێبەرنامەیە. هەروەها بۆ خەڵکی ناوخۆیش ئەوە ئەگەیێنێت کە بێهیوا بن لە چالاکانی سیاسی، لە ڕێبەرایەتیی ئێستەی حیزبەکان و پشتیان بە خۆیان گەرم بێت و چاو لە کار و ئیرادەی خۆیان بکەن. دواییش ئەگەر بۆ کاراکردنەوەی مەداری ٣٦ دەرەجەیە لە باشووری کوردستان، دیارە کە چالاکی سیاسیی ئێمە هەر جێگەی خۆی ناناسێت و نازانێت کە هەم لە ئاستی سیاسیی کوردستان دەست لە کاروباری باشوور وەر نەدات، هەم لە ئاستی سیاسیی نێەودەوڵەتیدا خاوەن ئەو جێگە و پێگە یاساییە نییە کە وەها داواکارییەکی هەبێت. بۆ درێژەپێدان لەسەر ئەم بەشەش ئەبێت شرۆڤەکانی بەشی یەکەم دووپات بکەمەوە و هەندێک خاڵی تریش کە نامەوێت لەسەری بڕۆم و قسەی لێوە ناکەم و ئەیبڕمەوە و ئێرەش جێگەی نییە. داواکاری و هیوای خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبەکان ئەوەیە کە کار بۆ یەکگرتوویی و یەک وتاریی کورد لە گشت کوڕ و کۆمەڵێک بکەن و خاوەن دیسکۆرس و وێژمانی کوردستانی بن کە بە داخەوە ئەبێت بێژم وتاریان بەتاڵە لە هەرجۆرە دیسکۆرس و جیهانبینییەکی کوردستانی و بەڕاستی تووشی قەیرانن لەم بوارەدا کە هیوادارین چارەسەری بکەن.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز هەڵۆ ئەردەڵان سپاس بۆ ئەوەی کە لەو بارودۆخەی ئێوەی شۆڕشگێرانی ناوخۆی کوردستان و بەتایبەت بەڕێزت کە ئاگادارم زۆر سەرقاڵن، لەم هەڤپەیڤینەدا هاوکارمان بوون. لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە باس بکرێت و ئاماژەمان پێ نەکردووە یان ئەگەر پەیامێکتان هەیە بفەرموون!

**هەڵۆ ئەردەڵان**: سپاسی بێکۆتایی و پێزانین بۆ ئێوە و هاوکارانی بەڕێزتان. دەستی گلایکتان خۆش بێت بۆ پێکهاوردنی دەرفەتێک بۆ ئەم وتووێژە و بەتایبەت بەڕێزتان کە زەحمەتی کاری وتووێژەکە لە ئەستۆتان بوو.



سەرچاوە Serchawe

**لێرەدا گەرکمە بە کورتی ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم کە بە پێویستی دەزانم باسیان لەسەر بکەم.**

**یەکەم**: ئەوەیە کە ئێمەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژاییی لانی کەم ١٢٠ ساڵی ڕابردوو ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو، پڕ لە کۆسپ و لەمپەرمان بڕیگە و ئیتر ڕێگەیەکمان بۆ گەڕانەوە لە بەرپێدا نەماگە و تێچووی زۆریشمان لە پێناویدا داگە و کارەساتی فرەمان بە چاوی خۆمان دیگە و ئەبێت کە سەر بکەفین، بۆیە داواکاریم لە چالاکانی سیاسی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکان ئەوەسە کە کار و چالاکییان لە ئاستی خەڵکی ناوخۆدا بێت و لە ڕێبەریی ئەم ڕاپەرینە دوورەپەرێز نەبن و نەخشی بەرچاوتریان بێت، بیر لە سەختترین بڕیارەکان بکەنەوە و بەرپرسیارانە بڕیار بدەن و ئەرکی ئەم زەحمەتە نەخەنە سەر شانی جیلی داهاتوو و نەکەنە کارێک کە دەرفەت بسووتێت، ئەبێت پەند و دەرس لە پێشینیانمان بگرن کە ئەگەر ئەوان ئەو بڕیارەیان دابا و باری قورسی تێچووەکەیان لە ئەستۆ گرتبا، ڕەنگە ئێستە چارەنووسمان ئەمە نەبا و ئەم جیلە شەهیدی بەم شێوە نەدابا. تێچووی پەشیمانی یان گەڕانەوە یان بڕیارنەدان لە کاتی پێویستی خۆیدا بەرە لەگەڵ بەرە دەڕوات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبێت. ئەگەر ئەوان نەیانکرد و زەحمەتیان خستە سەر شانی ئێمە، دەبا ئێمە قەدری ئەم دەرفەتە بزانین و وەکوو ئەوە کە پێویستە بەرپرسیار بین و چاونەترسانە و لێبڕاوانە بڕیارێک کە تایبەت بە دۆزی گران و ڕۆژانی ئەستەمە بیدەین، هەر هیچ نەبێت ئیرادەی نەتەوەکەمان ببینین و بە دنیای دەرەوەش بسەلمێنین کە ئیرادەی خۆمانە چارەنووسمان دیاری دەکات و پارامێتری سەرەکی بین لەم هاوکێشەیەدا و پلەیەک بەرەو ئامانجە بەرزەکانمان هەنگاو هەڵگرین و لێی نزیک بینەوە، تەنانەت ئەگەر پێویستە مێتۆد و شێوەی تێکۆشانمان ڕوو لە باشتربوون بگۆڕین و ڕووداو و پێشهات و ئەگەر و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک خۆی ببینین. دڵنیا بن کات تەنگە و دەرفەت کەم و گۆڕان لە ئاستی دنیادا زۆر و خێران و زۆربەشی لە ئێستە و لە داهاتوودا بە دڵی کورد نییە و نابێت.

**دووهەم**: دەورە و قۆناغی ڕەوایی‌وەرگرتن لە شۆڕشگێڕبوونی پێشوو و پێشەنگایەتی لە ڕەوتی خەبات یان ڕێبەرانی شەهید کە یان دامەزرێنەر بوونە یان لە قۆناغێکی تایبەتدا هەندێک دەسکەوتیان بووە و ئێستە خۆیان نەماون یان شۆڕشگێڕبوونی ڕێبەرایەتیی ئێستەی حیزبەکان لە کاتی هەنووکە و لە ڕابردووشدا کارایی و کاریگەرییان نەماوە و ئەو ئەدەبیاتە چی تر بایەخی پێ نادرێت لەناو کۆمەڵگە و لەم سەردەمەدا ئەو ڕەوایییە باوی نەماوە و وەڵامدەری بارودۆخی ئێستە و داهاتوو نییە و نابێت. ئەوەی کە فەرمییەت و ڕەوایی بە لایەن و حیزب و پارتێک دەدات بەرنامە، پرۆژە، پەروەردە، کار و تێکۆشانی هەنووکەییە لەو بوارانەدا و تەنانەت بەرنامەیەک کە ٥ یان ٦ ساڵی ڕابردوودا پێشکەش کراوە، سەرەڕای وەڵامدەربوونی بۆ ئەو کاتە یان نە، ئەوەش کاریگەری نییە. ئێستە کە بە هەزاران خوێندکارمان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەر یەکەیان لە ڕشتەیەکی تایبەت و بەش بە حاڵی خۆی لە بوارێکدا چالاکن و جگە لە بەرنامەی تۆکمە و

بەربڵاو نەبێت بۆ ڕزگاری و بۆ دوارۆژی ڕزگاری کە شێوەی بەڕێوبەریی وڵات و سیستەمە، هیچی دیکە چاوی لێ ناکرێت و ئاوڕیشی لێ نادرێتەوە. با بزانین کە ڕۆژهەڵات تاقانەی ناو هەر چوار بەشەکەی کوردستانە و قەدری خۆی ئەزانێت، بەم ئەدەبیاتە دەستەمۆ نابێت، مل داناکێشێت، کۆڵ نادا و ئەمەش لەم ڕاپەڕینەدا بەتەواوەتی بۆ هەموو لایەنەکان لە دۆست و دوژمن سەلمێنراوە.

**شتێکی ئەوتۆ نەماوە و هیوای سەرکەوتن و سەرفەرازیتان بۆ دەخوازم.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٢٣ی دێسەمبەی ٢٠٢٢**

---



سەرچاوە
Serchawe

## زمانی کوردی و بەرنامەی دواڕۆژی زمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات




### بەرایی:

زمان کۆڵەکە و خوێنی ناو دەمارەکانی نەتەوەیە و زمانی کوردییش بە شاڕەگی خەباتی شوناسخوازانەی کورد ئەژمار دەکرێت، لە مێژوودا زمانی کوردی بنەمای شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد و ئەو دەسەڵاتە جیاوازە کوردییانە بووە کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دامەزراون. هەنووکەش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پلان و بەرنامەی دواڕۆژیان لەسەر زمانی کوردی و بەتایبەت شێوەزارەکانی زمانی کوردی کە پرسێکی ئاڵۆزە، چییە. ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەم پرسە دیبەتێکی بۆ دوو پسپۆڕی زمانناسی کورد و پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خستووە. دیبەیتەکە لە دوو بەش پێک هاتووە؛

**بەشی یەکەم**؛ باسێک لەسەر زمانی کوردییە و بەشی دووهەم باس لەسەر پلان و بەرنامەی زمانیی حیزبەکانە بۆ دواڕۆژی ڕزگاریی کوردستان. بەهۆی ئەوەی کە ئەم دیبەیتە بە بۆنەی ٢ی ڕەشەمە (٢١ی فێبریە)، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ڕێک خراوە، ئاوڕێکی کورت لە مێژووی ئەو ڕۆژە دەدەینەوە.

مێژووی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ ساڵی ١٩٥٢ی زایینی دەگەڕێتەوە. کاتێک هندوستان لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لەژێر ئیمپراتۆریی کۆلۆنیالیستیی بریتانیا ڕزگاری بوو و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و پاش جیابوونەوەی پاکستان لە هندوستان،(ئەلف) کە ئەو کاتە وڵاتی بەنگلادش بەشێک بوو لە پاکستان و بە پاکستانی ڕۆژاوا دەناسرا. لەو سەردەمەدا

زمانی ئۆردوو، زمانی فەرمیی هەردوو بەشی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتی پاکستان بوو و بەنگالییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا هەڵکەوتووبوون، ناچار بوون زمانی ئوردوو لە پەروەردە و چەندین بواری دیکەی ڕووتینیی ڕۆژانەیاندا بەکار بهێنن. لە ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی بەنگلادش کەمپینێکیان بۆ زیندووکردنەوەی زمانی بەنگالی ڕێک خست و داوای بەفەرمیناسینی ئەو زمانەیان لە هەرێمەکانی ڕۆژهەلاتی پاکستاندا کرد. بەڵام حکوومەتی ناوەندیی ئەو سەردەمەی پاکستان، داواکاریی ئەو خوێندکارانەی ڕەت کردەوە و خوێندکارانی بەنگالییش بانگەوازێکیان بلاو کردەوە و داوای مانگرتنێکی گشتییان کرد و لەسەر داوا ڕەوا زمانی و نەتەوەیییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان پێداگر بوون.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢١ی مانگی فێبریەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی حکوومەت هێرشی کردە سەر خوێندکارانی ئەو زانکۆیە و لە ئاکامدا چەندین خوێندکاری بەنگالی گیانیان لەدەست دا و بوون بە شەهیدی زمانی نەتەوەکەیان. دواتر پاش جیابوونەوەی بەنگلادش لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی لە پاکستان و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە، خوێندکارێکی بەنگلادشیی دانیشتووی وڵاتی کانادا بە ئامانجی ڕێزگرتنی لە شەهیدانی زمان و بەهابەخشین بە زمانی سەرجەم پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، پێشنیارنامەیەکی لە ڕێگەی باڵوێزی وڵاتەکەیەوە ئاراستەی نەتەوەیە کگرتووەکان کرد کە ٢١ی فێبریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێت. لە ئاکامدا ڕۆژی ٢١ی فێبریەی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، ئەم پێشنیارنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) تاووتوێ و پەسەند کرا و بەفەرمی وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک یان زمانی زگماکی دەستنیشان کراوە.

**ئەلف**: هاوکات لەگەڵ جیابوونەوە هیندوستان، پاکستانیش کە بەشێک بوو لە هیندستانی کۆلۆنیالیزەکراو، جیا کرایەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی، بەفەرمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

سەرچاوە: قەرەنی، فەرهەنگ. "ڕۆژی زمانی دایک ٢ - ٢١". ماڵپەڕی "ڕوانگە و ڕەخنە."

## بەشی یەکەم:

**ئەم بەشەی دیبەیتەکە تەرخان کراوە بۆ پێناسەیەک لە زمانی دایک، کورتەیەک لەسەر زمانی کوردی، کورتەیەک لە مێژووی زمانی کوردی و زمان لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا. سەرەتای باسەکەمان بە دوو پرسیار لەسەر پێناسەی زمانی دایک و زمانی کوردی لە مامۆستا هیوا سەلام خالد، دوکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردی، زماناناس و مامۆستای زانکۆ دەست پێ دەکەین و پاشان دوو پرسیاری دیکە لەسەر مێژووی زمانی کوردی لە دوکتۆر ڕەحیم سورخی، دوکتۆرا لە زمان و وێژەی کوردی، زماناناس و مامۆستای زانکۆ دەپرسین.**



سەرچاوە Serchawe

**کاروان مێراوی**: مامۆستا هیوا سپاس بۆ تەرخانکردنی ئەم دەرفەتە. زمانی دایک یان پێناسەی زمانی دایک چییە؟

**هیوا سەلام**: زمانی دایک یان زمانی یەکەم بریتییە لەو زمان یان ئەو زارەی کە کەسی قسەکەر لە دوای لەدایکبوونییەوە لە دەوروبەری فێری دەبێت و بەڕەوانی بەکاری دەهێنێت. لەناو ئەو نەتەوانەی کە ناتوانن زمانی دایکیان بەتەواوی فێر ببن و ڕێگریی زمانییان بۆ دروست دەکرێت یان مافی خوێندنیان بە زمانی خۆیان لێ زەوت کراوە، زمانی دایک ئاماژەیە بۆ زمانی نەتەوە یان پێکهاتە ئیتنیکییەکانی خۆیان. زمانی دایک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر قسەکەر هەیە و لە هەندێک ژینگەی وەکوو باروودۆخی هەنوکەیی زمانی کوردی، زمانی دایک کۆڵەکەی مانەوەی شوناس و نەتەوەیە. لە ئەگەری لەدەستدانی زمانەکە، کەسی قسەکەر بە جۆرێک لە جۆرەکان هەبوونی مەعنەویی خۆیشی لە دەست دەدات و لەدەستدانی قسەکەرەکانیش لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی لەناوچوونی نەتەوەکە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی وڵاتەکانی جیهان لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم دامەزراون و ئەو هاووڵاتییانەی کە زمانەکەیان لەدەست دەدەن، لە پاشخانە بنەماڵەیی و نەتەوەیییەکانی خۆیان دادەبڕێن. لە هەمان کاتیشدا ناتوانن ببنە بەشێک لە گرووپی دووهەم، چونکە هیچ پاشخانێکی بنەماڵەیییان لەناو ئەو گرووپەدا نییە. واتە پاراستنی زمانی دایک تەنیا بۆ کۆی گرووپەکە گرنگ نییە، بەڵکوو بۆ داهاتووی خودیی کەسەکانیش زۆر پڕبایەخە.

**کاروان مێراوی**: مامۆستا، پێناسەیەک لە زمانی کوردی بۆمان باس بفەرموون؟

**هیوا سەلام**: زمانی کوردی زمانێکی فرەچەشنی دەوڵەمەندە. مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و هەزاران ساڵە گەلی کورد بەو زمانە قسە دەکەن و هەتا ئەمڕۆ پاراستوویانە. بە دەیان هەزار پەند و ئامۆژگاری و چارەسەر و دەربڕینی جۆربەجۆری لەناو خۆیدا حەواندووەتەوە. زمانەوانان لە ڕووی جوگرافیاییەوە زمانەکە دابەش دەکەن بۆ سەر چوار یان پێنج زاری سەرەکی. سێ لەو زارانە بریتین لە زاری کوردیی باکووری (کورمانجی)، کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، کوردیی باشووری (لەکی و پەهلەوانی). هەرچی سەبارەت بە زاری چوارەمە بریتییە لە زازاکی - گۆرانی. هەندێک لە زمانەوانان بە باشی دەزانن کە ئەم دوو زارە بە یەکەوە گرێ بدەن بەهۆی لێکچوونەکانیان، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە پێیان وایە کە هەر یەکەیان زارێکی سەربەخۆی زمانی کوردین. هەروەها، بەشێک لە کوردەکان لوڕییش وەکوو زارێکی زمانی کوردی دەناسێنن، لە کاتێکدا زمانەوانانی دیکە ئەو بابەتە ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە لوڕی زمانێکی سەربەخۆیە و بەشێک نییە لە زمانی کوردی. بۆچوونێکی باوی دیکەش لەناو زمانەوانە بیێگانەکان ئەوەیە کە زازاکی و گۆرانی دوو زمانی سەربەخۆ و جیاوازن لە زمانی کوردی و ئەوان پێیان وایە هەموو ئەو زمانانە بەیەکەوە نەتەوەی کورد پێک دەهێنن، لە کاتێکدا زۆرینەی زمانەوان و سیاسەتمەدارە کوردەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە کە هەر وەک چۆن گۆرانەکان و زازایەکان بە نەتەوە کوردن، زمانەکەشیان بەشێکە لە زمانی کوردی. زمانی کوردی هەتا ئەمڕۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی نییە و بەگشتی کوردەکان



سەرچاوە
Serchawe

زاری کوردیی ناوەندی بە ڕێنووسی عەرەبیی چاککراو و زاری کوردیی باکووری بە ڕێنووسی لاتینیی چاککراو بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکار دەهێنن. لێرەولەوێ، هەندیک جار نووسین بە زارەکانی دیکەش بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو دەبینین. هەندێک لە زمانەوانەکان ئەو فرەستانداردییە بە سیمیایەکی ئاساییی زمانی کوردی دەزانن و پێیان وایە کە بارودۆخی سیاسیی کوردەکان بەم جۆرەیە. لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بڕوایان بە یەک زمانی ستاندارد بۆ زمانی کوردی هەیە و تەنانەت چەند تاقم و دەستەیەک هەن کە بڕیاریان لەسەر شێوازی ستانداردەکەش داوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوەی ئەوان بە گونجاوی دەزانن، بۆ زمانی کوردییش هەر ئەوە باشە.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین کە زمانی کوردی بارودۆخی نەخوازراوی سەدەی ڕابردووی تێ پەڕاندووە و چیی دیکە مەترسی لەناوچوونی لەسەر نییە. ئەوەی هەموو ئەو بیروڕایانەش دەربارەی زمانی ستانداردی کوردی لە داهاتوودا یەکلایی دەکاتەوە، بارودۆخی داهاتووی نەتەوە و سیاسەتی کوردییە.

**کاروان مێراوی**: دوکتۆر ڕەحیم، سپاسی ئێوەش دەکەین بۆ تەرخانکردنی ئەم دەرفەتە. کورتەیەک لە مێژووی زمانی کوردی باس بفەرموون؟

**د. ڕەحیم**: ڕەچەڵەکی زمانی کوردی لە خێزانی زمانی هێندوئورووپایی و لە بنەماڵەی هیندی-ئێرانی و لە گرووپی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژاوایە. زۆربەی زانایانی کورد وەک «تۆفیق وەهبی» و بیانی وەک «ماکس مولێر» (١٨٢٣ - ١٩٠٠) و «ئۆسکارمان» (١٨٦٧ - ١٩١٧)، زمانی کوردی بە گرووپە زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژاوا دەزانن. لەبەر نەبوونی دامەزراوە نەتەوەییەکان و هەبوونی بەربەستە جوگرافیاییەکان وەک ناوچەی شاخاوی و ڕووباری زۆر و خوڕ، زمانی کوردی بەشێوەی فرەجۆری کورمانجی، سۆرانی، گۆرانی و دیمیلی و هەورامی دەرکەوتووە. بەگشتی، زمانی کوردیی نوێ شێوەی گۆڕاوی زمانی «پەهلەوانی/پارتی»یە. ئەم زمانە سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان (٢٥٠ی پێش زایین تا ٢٢٤ زایینی) زمانی فەرمی و ئیداریی وڵاتێک بووە کە هەموو پادشانشینییەکانی کوردی وەکوو؛ بتلیس، هەولێری، لوڕستان، کرماشان، موکریان، شارەزوور، بارزان، سەهنە و کەنگاوەر ئەندامی کارا، پڕکار و نیمچە سەربەخۆی ناو ئەو فیدراسیۆنە بوون. زمانی پەهلەوانی/پارتی هی قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی و شێوەی گۆڕاوی زمانە کۆنەکەی «مادی/ئاڤێستایی» و لە باکووری ڕۆژاوای ئێران بووە.

**کاروان مێراوی**: زمان لە مێژووی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کوردستاندا چ ڕۆڵێکی هەبووە؟

**د. ڕەحیم** : زاراوەی کوردی، بۆ زمانی کوردی وەک زاراوەیەکی داپۆشەر دەرخەری یەکێتییەکی ئەتنۆزمانییە کە لانی کەم



سەرچاوە
Serchawe

هەم بەپێی دەقە نووسراوە کلاسیکییەکانی کوردی لە شێعری شاعیرانێکی وەک «ئەحمەدی خانی»، «خانای قوبادی» و«نالی»دا بە هەر سێ جۆری باکووری، ناوەندی و باشووریی زمانی کوردی و هەروەها ئاخێوەرەکانیان لە ئێستەدا سەرەڕای جیاوازیی جۆرەکانی کوردی، جەختی لەسەر کراوە و لێ دەکرێتەوە. زمانی کوردی، لەڕاستیدا شیرازەی پێکەوەنان و پێکبەستنەوەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و جوگرافیاییی ناوچەکانی کوردستان بووە و هەیە. بەتایبەتی، لەبەر دەوڵەمەندیی میراتی کولتووریی زمانەکە و ڕەنگدانەوەی لە دەقە فرە جۆرە فۆلکلۆرییەکان و دەربڕینە جیاوازە مۆسیقاییییەکاندا خاڵێکی گرنگ و بەهێزی ناسنامەی کولتووریی کوردستانییان بووە. ئەمە ئەو کاتە بەهێزتر و کاریگەرتر بووە کە زمانی کوردی، زمانی ئایینە نەریتی و کۆنەکانی کوردیش وەک ئێزەدی و یارسان بووە و دەقی پیرۆزی ئەو ئایینانە بە کوردییە. هەروەها، زمانی کوردی وەک زمانی وانەوتنەوەی ئایینی لە پەروەردەی ئیسلامیشدا بووە. واتە تەفسیر و لێکدانەوەکانی دەقی پیرۆزی قورئان بە کوردی بووە .هەر بۆیەشە «خانی» (١٦٥٠ - ١٧٠٧) بە کوردیی کورمانجیی ژووروو فەرهەنگی نۆبەهاری دانا و شێخ مارفی نۆدی (١٧٥٣ - ١٨٣٧) بە کوردیی ناوەندی کتێبی «ئەحمەدی (الاحمدیه)» فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ فەقێیەکان داناوە.

ئەم تایبەتمەندییە ئەتنۆزمانییە بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوایەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و پێکهاتنی دەوڵەت . نەتەوەکان لە ناوچەکەدا بەخێرایی گۆڕدرا بۆ چەمکی «نەتەوە» و کوردان لە پارچەی دابەشکراوە جیاوازەکانی کوردستانیشدا لە بیرۆکە و وێناسازیی نەتەوەبووندا وەک دروستەیەکی مۆدێڕنی سیاسی بە ئامانجی یەکەی سیاسیی یەکپارچە لە سنووری سروشتی و زمانیدا بە نیشتمانێک وەک کوردستان خۆ وێنا دەکەن. دیارە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کوردستان ناوێکە لە سەردەمی نوێدا سەری هەڵدابێت. ئەم ناوە لە شێعری شاعیرێکی وەک مەلای جزیری (١٥٧٠ - ١٦٤٠)دا هاتووە کە خۆی وەک "شەوچرای شەوی کوردستان دەناسێنێت"، هەروەها لە هەندێک دیکۆمێنتی دیکەشدا وەک نیشتمانی کوردان ناوی هاتووە، بەڵام لەباری گوتارییەوە، وەک چەمک و تێگەیەکی مۆدێڕن، کوردبوون ببێتە ئایدئۆلۆژیایەکی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی سەروەریی سیاسی، زاراوەیەکی مۆدێڕنە. میراتی ئەتنۆزمانیی کوردی لە سەردەمی مۆدێڕندا لەبەر تیشکی ئەم خۆوێناکردنەی کورداندا وەک نەتەوەیەک، بەتایبەتی لە "حاجی قادری کۆیی" تا دەگاتە سەیفولقوزات، سوارە، هەژار، هێمن، شێرکۆ بێکەس، پەشێو، جگەرخوێن و دەیان شاعیر و ئەدەبیی نەتەوەییی دیکەدا لە ناوەڕۆک و فۆرمی جیاوازدا هاوهەنگاو لەگەڵ فۆرم و جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا زیاتر درەوشایەوە و بە پێکهاتنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لە بەدرخانییەکانەوە بەتەواوەتی سیمایەکی ناسیۆنالیستی بەخۆیەوە گرت و بە دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە چوار پارچەی کوردستاندا بوو بە زمانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادر و قوتابیی کوردیش لە قوتابخانەی کوردایەتیدا.

ئەوەی ئێستە دەبینین، بەهۆی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێوەندییە تەکنۆلۆژی و ئێنتەرنێتییەکانەوە ئاگامەندیی مرۆڤی کورد لە بیرۆکەی کوردایەتی وەک بیرۆکەیەکی نەتەوایەتی، مافە نەتەوەیییەکانی و مافی مرۆڤیی زمانی وەک یەکێک لەو



سەرچاوە
Serchawe

مافانەی، چیی دیکە زمانی کوردی تەنیا زمانێکی ئاسایی و ئامرازیانە لە پێوەندییەکی سادەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکوو ڕەمزێکە لە کوردایەتی و کوردبوون. دەرککردن بەم بەڕەمزبوونەی زمانی کوردییە وەک ناسنامەیەکی کوردایەتی کە وای کوردووە ئێستە سەدان لاوی کیژ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد بوونەتە مامۆستای خۆبەخشی وانەبێژیی زمانی کوردی لە فێرگە هەژارەکانی کوردستاندا بەبێ ئەوەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ پشتیوانییەک بکرێن، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر پەلاماریش دەدرێن، دەستبەسەر دەکرێن، ئازار دەدەرێن و دەخرێنە بەندیخانە و ماوەی بەندکردنی قورسیشیان بەسەردا دەسەپێندرێت. مامۆستا "زارا محەممەدی" نموونەیەکە لەوانە. ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە نیشان دەدات کە دەوڵەتی داگیرکەر دەسەڵاتی خۆی لەسەر سنووری زمانیی ئێمە بینا کردووە، هەر بۆیە زۆر سەیر نەبوو و نییەش کە نەتەوەی کورد بە هەوڵی بەردەوامی بیرۆکەی بەرگری لە زمان، وەک بەرگری لە مان و بوونی نەتەوەیی دابنێت و هەر بۆیەشە دوژمن زمان و ڕەمزی کوردایەتیمان وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەسەڵاتەکەی خۆی دەزانێت.

نموونەیەکی دیکە، لەو بەڕەمزبوونەی زمانی کوردی وەک ناسنامە و ڕەمزێکی کوردایەتی، گۆڕانی دیمەنی زمانی بە ناو و دروشمە کوردییەکانە لە فەزای گشتیدا. ئەمەش وای کردووە، خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە شۆڕشی «ژینا»دا بەتەواوەتی لە خۆپیشاندانەکانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا زۆر جیاواز بێت. تەنانەت پێگەی ناسیۆنالیزمی کورد بگاتە ئەو ڕادەیە کە شۆڤینیزمی باڵادەست بە بێمەیلیی خۆشی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بە کوردییەکەی لەگەڵ زمانی زاڵدا لە ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانیدا بنووسێت، لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمانە و پێکهاتەی نەتەوەیی گەورەتر لە کورد لەپاڵ فارسیشدا لە ئێران بوونی هەیە. ئەمە لەڕاستیدا نموونەیەکی زەقی دووانەی زمان - نەتەوە یان باشترە بڵێین ڕووەکانی یەک دراوی لە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد دەردەخات، کە گەیشتووەتە ئەو پێگەیە لە ڕووی نەتەوایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵەکان بۆ پەروەردەکردنی زمانی زانست، زمانی تەکنۆلۆژی و بە جیهانیکردنی زمانی کوردی لە ڕێی گووگڵەوە، هەوڵێکی ڕژد و ئاگامەندانەیە بە ناسنامەی کوردایەتی و نرخاندنی زمانی کوردی وەک نوێنەری ئەو ناسنامەیە.

## بەشی دووهەم:

بەشی دووهەمی دیبەیتەکە تەرخان کراوە بۆ پلان و بەرنامەی دوارۆژی زمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ باسکردن لەسەر ئەم پرسەش میوانداریی بەڕێزان کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕیوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵح شەریفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سروە ناسری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکخراوی کوردستانی ـ کۆمەڵە، شۆڕش حاجی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و محەممەد خۆشچهرە، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی دێموکراتیکی کوردستان کە هەر کەسیان بە نوێنەرایەتیی حیزبەکانی خۆیان لەم دیبەیتەدا بەشدارییان کردووە.



سەرچاوە Serchawe

**کاروان مێراوی**: بەڕێزان سەرەتا سپاستان دەکەم کە کاتتان تەرخان کرد و لەم دیبەیتەدا بەشداریتان کرد، سەرەتای ئەم بەشەش بەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامە و پلانی زمانیی ئێوە بۆ چارەسەری کێشەی زمانی لە دواڕۆژی ئێرانی فرەپێکهاتەدا چییە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە نەتەوەی جۆراوجۆری وەک کورد، بەلووچ، تورکمان، فارس، تورک، عەرەب و کاسپییەنی و کەمینەکانی تری تێدا دەژین. هەر بەو پێیە زمانی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران وەک زمانی کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لەو ناوچانەدا بەکار هاتووە و هەرکام لەم نەتەوانە لەنێو خۆیاندا بە زمانی خۆیان دواون. لەم وڵاتە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە و بەتایبەت دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزا شا و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە بە دروشمی یەک وڵات و یەک نەتەوە لە ئێراندا دەستی پێ کرد و لە سێ دەورەی دەسەڵاتداری پەهلەویی یەکەم و دووهەم و کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی لە خوێندن و کار و بازاردا، بۆ لەناوبردنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران و تەنانەت بە دروستکردنی فەزایەکی کولتووری و ڕەوانی بۆ بەشێک لە خەڵک کە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، پارمەتییان دەدات بەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا باشتر جێگە و پێگەی خۆیان ببیننەوە، هەوڵی زۆر دراوە. هەموو ئەم هەوڵانە لەو ماوەدا کە لە بیری شۆڤێنیستی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە وەک بەشێک لە سیاسەتی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی مێژوویی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران جگە لە فارس بووە لەو وڵاتە فرە پێکهاتەیەدا. بەڵام لە پاڵ ئەم نکۆڵیکردنە لە زمانی نەتەوەکانی ناو ئێران و لەژێر هەموو ئەو گوشارانەی خراوەتە سەر چالاکوانانی پاراستنی زمانی کوردی وەک پێگەیەکی شوناسی نەتەوەییمان، دەبینین ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵات خەباتی خۆبەخشانەی چالاکانی پارێزەری زمانی کوردی، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی قوتابخانە و خولگەلێکی تایبەتیان کردووەتەوە و منداڵانی کورد فێری زمانی دایکی خۆیان دەکەن و کردوویانەتە سەنگەرێک لە بەرانبەر هەوڵی سڕینەوەی زمانی دایکیان.

ئێمە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی شوناس و بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە، بەردەوام پێداگریمان لەوە کردووە کە ئەگەر تا ئێستاش دەسەڵاتی شۆڤێنیستی ئێران ڕێگەی بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکە جگە لە فارسی لە ئێراندا نەداوە، دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکدا کە لە ئێران بێتە پێش، پێداگری لەسەر بەفەرمیناسینی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەک کە بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکانی دیکە کە لە ئێراندا بەیەکەوە دەژین، بکرێتەوە. بێگومان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەبێت زمانێکی پێوەندیی فەرمی بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتە هەبێت کە هەتا ئێستا زمانی فارسی ئەو پێگەیەی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی بە هۆی سەپاندنیشی بێت. بەڵام لەگەڵ بەفەرمیناسینی زمانی فارسی کە زمانی پێوەندییەکانی نێوان هەموو خەڵکانی ئێران بە یەکەوە دەبێت لەنێو یەکتردا، پێویستە زمانی

کوردییش بەپێی یاسا وەکوو یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی فرەزمانیی ئێران لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا بە فەرمی بناسرێت و پلۆرالیزمی زمانی بپارێزرێت و بەتایبەت لە ئاستی سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردەکردندا، هەروەها لە کوردستانیشدا بۆ زمانی پەروەردەکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکوو بەرزترین پلەکانی خوێندن، زمانی فەرمیی حکوومەت، زمانی بلاوکراوە و چاپکراوەکان، زمانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژی و دیجیتاڵ، زمانی سەرجەم کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێندرێت.

**سالح شەریفی**: بەپێی هەموو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و هەروەها پسپۆڕان و کۆمەڵناسان، زمان یەکێک لە گرنگترین پێناسەیە هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ هەر نەتەوەیەک. نەتەوەی بێزمانکراو نەتەوەیەکی ژێردەست و دیلە کە حاشا لە بوونی، مێژووی، کولتوور و دابونەریتی کراوە لە زێد و نیشتمانی خۆیدا. نە خاوەن ماڵ، بەڵکوو میوان و بێگانەیە، نەک تەنیا هاووڵاتی و مافی هاووڵاتیبوونی نییە، بەڵکوو بە دوژمن یان پەنابەر لەقەڵەم دەدەرێت.

لە ئێرانی فرەپێکهاتەدا نەتەوەی کورد بە درێژاییی مێژووی، وەک نەتەوەیەکی ژێردەست چەوساوەتەوە و حاشا لە بوونی کراوە و دەسەڵاتداران بەردەوام و بە شێوەی سیستەماتیک بۆ ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی لە هیچ دوژمنکارییەک درێغییان نەکردووە، لە بەرانبەردا گەلی کورد بۆ مان و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی بەردەوم لە خەبات و بەرگریدا بووە و لەم خەباتەیدا لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە گەورەترین زیان و خەساری مرۆیی، سیاسیی، ئابووری و کولتووریی بەر کەوتووە، لە درێژەی ئەم ململانێیەیدا نە پلانی نەتەوەی دەسەڵاتداران بۆ فەوتان و تواندنەوەی گەلی کورد سەرکەوتوو بووە و نە گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بە مافەکانی گەیشتووە، بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە پێشێلکراوەکانی، درێژەدانی خەباتێکی هاوبەش و شان بە شانی سەرجەم نەتەوەکانی دیکەیە لە ئاستی سەرانسەریدا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە کە پابەندە بە پێڕەوکرنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و کونڤانسیۆنە جیهانییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان لە ئێرانی داهاتوودا. دەوڵەتێک بە بەشداریی دادپەروەرانەی هەموو نەتەوەکان، دەسەڵاتێک بەرپرس بێت لە ژیانەوە و گەشەدارکردنی زمانی هەرکام لە نەنەتەوەکان، هاوکات لەگەڵ زمانی هاوبەش و سەرانسەریی خوێندن و پەروردە بە زمانی دایک لە هەموو ئاستێکی خوێندندا وەک مافی سروشتی بەفەرمی بناسرێت و بە یاسا پشتیوانی لێ بکرێت.

بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیی سەردەم، هەموو هەڵاواردنی زمانی قەرەبوو بکرێنەوە و بۆ هەمیشە بنەبڕ بکرێن و زەمینە و بەستەری هێمن و شیاو بۆ پاراستن و گەشەی زمانی بۆ هەموو پێکهاتەکان دابین بکرێن، بەبێ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی

دێموکراتیک نە نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان دەگەن و نە لە ئازادی و دادپەروەری بەشدار و بەهرەمەندن.

**سروە ناسری**: لە ڕۆژی ۲۱ ی فێبریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک نزیک دەبینەوە. پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە هەموو خەڵکی ستەملێکراو دەکەم کە لەو مافە بێبەشکراون. ئەم ڕۆژە و ئەم مافە وەکوو مافێکی سەرەتایی مرۆڤگەلێکی قوربانی بۆ دراوە و لەلایەن لانی کەم ۱۸۸ دەوڵەتی جیهانەوە بەفەرمی ناسراوە و تەنانەت دەوڵەتێکی دژە مروڤی وەک کۆماری ئیسلامییش واژۆی کردووە کە بەڕێوەی نابات و پێشێلی دەکات.

ئێمە خوازیاری ئەوەین کە یەکەم: هەموو ئەو زمانانەی کە خەڵکی ناوچە جوراوجۆرەکانی ئێران قسەی پێ دەکەن، بەفەرمی بناسرێن. لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەین کە زمانێک وەکوو زمانی هاوبەش کە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە ناوچە و بەشە جۆراوجۆرەکاندا قسەی پێ دەکەن، لە یاسای بنەرەتیی وڵاتی ئێراندا بۆ کاروباری ئیداری و ڕۆژانە دیاری بکرێت. واتە خوازیاری ئەوەین کە زمانی هەموو کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە هاوکات لەگەڵ زمانی هاوبەش بەفەرمی بناسرێن و زمانی قسەکردن، خوێندن و نووسین لە هەموو ئاستێک لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبن. بە واتایەکی دیکە؛ خوازیاری ئەوەین کە هیچ زمانێک لە زمانەکانی دیکە کەمبایەختر یان باندەستتر نەبێت و فێربوونی بەزۆرەملێ لە فەرهەنگی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی بسڕدرێتەوە. خوازیارین زمانی هەموو کەمایەتییەکان لە ئێراندا وەک زمانی ئەو ناوچانەی کە خەڵکەکەی قسەی پێ دەکەن وەک زمانی ئیداری، خوێندن و نووسین، کتیب، ڕۆژنامە، ڕادیو و تەلەفزیۆن بەفەرمی بناسرێن. خوازیاری ئەوەین کە هەر جۆرە قەدەغەکردن، بێڕێزی و سووکایەتی بە زمانی کەمینەکان کۆتایییان پێ بێت. سەرەڕای ئەوەی کە خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سەرەتایی و مرۆڤیی هەموو کەسە، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگەش لە گرەوی پێشکەوتنی هەموو توانایییەکانی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیەدایە کە فێربوون بە زمانی دایک یەکێک لە بنەما سەرەکی و گرینگەکانیەتی.

جۆراجۆربوونی زمان و کولتوور لە ئێراندا نەک تەنیا هەڕەشە نییە، بەڵکوو هۆکار و فاکتۆری دەوڵەمەندکردنی کولتووره و پۆتانسییەلێکە بۆ گەشەکردن. حاشاکردن لە مافی نەتەوەیی و بەفەرمینەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایک، پێشێلکرنی مافی میلیۆنان کەس لە هاووڵاتییانی ئێرانە کە زمانی دایکیان زمانی فارسی نییە.

**شۆڕش حاجی**: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی چەمکی نەتەوە بە بایەخەوە ئەڕوانێتە زمانی دایک و بێگومان پاراستن و گەشەدان بە زمانی نەتەوەیی لە ئێستە و داهاتوودا بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت. سازمانی خەبات لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە دوارۆژی ئازادی و نەمانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەی ئێستە، زمانی فەرمیی حکوومەتی کوردستان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانە دەوڵەتیدا، کوردییە. زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی لە

قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندندا دەخوێندرێت و پێویستە گرینگی بە زمانی کەمینە نەتەوەکان بدرێت و لەناویشیاندا زمانی کوردی ئەبێت جێگە و شوێنی تایبەت و شیاوی خۆی پێ بدرێت و بپارێزرێت.

**محەممەد خۆشچهرە**: ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ئێرانی داهاتوو بەهۆی فرەپێکهاتەیەوە، دەبێت ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ بێت، لە وەها سیستەمێکدا، چارەسەری کێشەی زمانی زۆر ئاسان نییە، بەڵام بێچارەسەریش نییە. ئێمە بەرنامەمان ئەوەیە کە لە هەرێمەکاندا، زمانی سەرەکی، زمانی هەرێمەکان بۆ خۆی بێت، یانێ هەرێمی کورد لە ئێران دەبێت زمانی کوردی، زمانە سەرەکییەکەی بێت و لاپاڵی زمانی سەرەکی دەتوانرێت زمانێکی یەکگرتوو و گشتگیر لە کۆی سیستەمە فیدراڵەکەدا و لەنێوان هەرێمەکان و پێکهاتەکانی ئێراندا بخوێندرێت و بە شێوەی فەرمی لە پەروەردەدا وانەی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام تەنیا وەک زمانی دووهەم لە هەرێمەکاندا کاری پێ بکرێت.

**کاروان مێراوی**: کاروان مێراوی: بەرنامەی زمانیی ئێوە بۆ دواڕۆژ لە کوردستان بەگشتی و بەتایبەت بۆ پرسی شێوەزار و لکەزارەکانی زمانی کوردی چییە؟

**شۆڕش حاجی**: هەڵبەت ئەزانن بەداخەوە ستەمی نەتەوایەتی و نەبوونی هیچ دەسەلاتێکی سیاسی و بەڕێوەبەری، بەدرێژایی مێژوو زیانی زۆری گەیاندووە بە زۆریک لە بنچینە و ژێرخانەکانی فکری و فەرهەنگی و پەروەردەیی گەلی کورد و لەناویشیاندا نەبوونی زمانێکی ئیستانداری نەتەوەیی کە هەموو زاراوەکان لەخۆ بگرێت زۆر دیار و بەرچاوە. ئەوەی ڕاستیە زمانی کوردی خاوەنی شێوەزاری جۆراوجۆرە و سەروو و ناوەند و خوارووی کوردستان کۆمەڵێک شێوەزاری جۆراوجۆر لەخۆ ئەگرێت کە تاکەکان پێی ئەدوێن. بە باوەڕی ئێمە ئەو جۆراوجۆرییە نەک زیان نییە، بەڵکوو سەرمایە و داهاتێکی گرینگە و کۆکردنەوەی هەموو دیالکتیک و شێوەزارەکان لە چوارچێوەی زمانێکی ئیستانداری نەتەوەییدا دەتوانێت هەنگاوێکی پڕبایەخی نەتەوەییانە بێت بو نەهێشتنی کێشەی شێوەزارەکان لە کوردستاندا. ئەوەش بێگومان لەسەر دەستی شارەزایان و پسپۆڕانی زمان لە کوردستانی ئازادکراودا وەدی دێت.

**محەممەد خۆشچهرە**: خۆشبەختانە زمانی کوردی بەهۆی هەبوونی شێوەزار و بنزاراوەکانییەوە زمانێکی دەوڵەمەندە، زمانێکی فەرمی و یەکگرتوو بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەتوانێت نزیک لە هەمان شێوەزاری سۆرانی بێت، بەو واتایە کە تێکەڵەیەک لە هەموو شێوەزار و بنزاراوەکانی ڕۆژهەلات لەخۆ بگرێت، تێکهەڵکێشکردنی شێوەزارەکان لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی، بە باوەڕی ئێمە دەتوانێت ڕێگەچارەیەکی گونجاو بێت بۆ پرسی زمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەکارهێنانی یەک شێوەزار لە کورتماوەدا ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ڕۆژهەلات بێت، بەڵام تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ یەکتر، دەتوانێت

لێکتێگەیشتن ئاسان بکاتەوە و دواجار گشتگیر و جێگیر ببێت لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو بوارەکاندا بەبێ فەوتاندنی هیچ شێوەزار و لکەزارەکانی تر.

**سروە ناسری**: ئێمە خوازیاری ئەوەین کە زمانی کوردی وەک زمانی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە بەفەرمی بناسرێت و لە یاسای گشتیی ولاتدا جێگیر بکرێت. هاوکات پێمان باشە و خوازیاری ئەوەین کە زمانی ستانداردی کوردی لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە پاراو بکرێت و وەکوو زمانی فەرمیی کوردی لە خوێندن و کاروباری ئیداریدا بەکار بێت.

ئێمە داواکارین و هەوڵ دەدەین کە منداڵان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناخەکانی دیکەی خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و ئەمەش مافێکی سروشتی، مرۆیی و دێموکراتیکە. دابینبوونی ئەو مافە، هەم دەبێتە هۆی گەشەی توانایی و لێهاتووییان و هەم لەگەڵ یەکەم هەنگاوی چوون بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانە، لەگەل ترس و خۆف و هەڵاواردنی نەتەوەیی و سڕینەوەی زمانییان بەرەوڕوو نابن. دیارە ئەمە لە هەموو قۆناغەکاندا تێچووی هەموو ئەم کارانە پێویستە لەسەر دەوڵەت بێت و بۆ هەموو خوێندکاران وەک یەک و بەبێ بەرانبەر بێت. پێویستە لە پۆلێک کە سێ تا پێنج منداڵی لێ بێت و بە زاراوەی هاوبەش قسە دەکەن، مامۆستای ئەو زمانەیان بە هەزینەی دەوڵەت بۆ دابین بکرێت تاکوو ئەو منداڵانە فێری زمانی دایک و زمان یان شێوەزاری سەرەکیی ئەو ناوچەیە کە کوردییە بکرێن. ئەوە سەرەتاییترین مافی مرۆیی و سروشتیی هەر منداڵێک و بنەماڵەکەیەتی کە بە زمان یان شێوەزارێکی هاوبەش لە ماڵەوە پێکەوە دەدوێن. منداڵان دەتوانن بە ئاسانی چەند زمان فێر ببن و منداڵی چەندزمانە توانای فێربوونی لە سەرترە. بەفەرمیناسینی مافی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بە زمانی دایک، بنەمای سەرەکیی پێگەیشتنی کەسایەتیی سالمی منداڵان و تازەلاوانە و ڕێگایەکە بەرەو پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگەیش.

**کەماڵ کەریمی**: بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، گرینگیدان بە زمان و کولتووری نەتەوەییمان ئەرکێکی گرینگی بەردەممانە. بۆ ئەم مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا پلانی خۆی هەبووە. ئەگەر سەردەمی کۆمار بە نموونەیەکی بەرچاو دەبینـدرێت، دەزانن لە قۆناغی دواتردا کە تەنانەت کاتێک کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا قوتابخانەمان بۆ منداڵانی کوردستان کردەوە هەتا هەم لە خوێندن دوا نەکەوەن و هەم فێری زمانی کوردی ببن. کۆڕی پەروەردە دامەزرێندرا و ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکانی حیزب لەژێر ناوی مامۆستای شۆڕشدا ئەرکی مامۆستای قوتابخانەکانیان گرتە ئەستۆ. دواتر و بەتایبەت لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا وەک باس کرا بەشێک لە چالاکوانانی نێوخۆ ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و لە فێرکردنی زمانی کوردیدا زەحمەتی زۆریان کێشا. بۆ داهاتووش لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی

ڕیشەدار و دەوڵەمەندە، دەکرێت بۆ بەهێزترکردنی هەوڵی جێخستنی شێوەزارێکی سەرەکی بدرێت و بکرێتە بناغەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد کە بەداخەوە هەتا ئێستا کورد لێی بێبەشە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی بدرێت بە ساغکردنەوەی ئەو شێوەزارانە کە بە جۆرێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی ئەوی ترەوە کە زمانی فارسییە. دەزانین یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی ئەم زمانە، شێوەزارە جیاجیاکانیەتی کە بۆ پاڵپشتیی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەبێت پشتیان پێ ببەسترێت و کەڵکیان لێ وەرگیرێت. بەگشتی بۆ خوێندن و سەرجەم کاروباری فەرمیی حکوومەتی و پێوندیی نێوان ناوچەکانی کوردستان کە هەر کامەیان خاوەن شێوەزارێکی دیاریکراون، دەکرێت یەکێک لە شێوەزارەکان کە تاکوو ئێستە زیاتر کوردیی ناوەندی (سۆرانی) بووە، بکرێت بە بنەمای زمانی و شێوەزارەکانی دیکە بۆ ئاخاوتن و کاری ئەدەبی، بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، ڕاگەیاندن و بەتایبەت ئامادەکردنی قامووسی ئەو شێوەزارانە یارمەتی بدرێن و ڕەسەنایەتییە کوردییەکەیان بپارێزرێت. بۆ ئەم کارەش دەکرێت لە قوتابخانەکاندا بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد لە شێعر و ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارەکان کەڵک وەرگیردرێت.

**ساڵح شەریفی**: بێگومان سیاسەتی دوژمنکارانەی نەتەوەی دەسەڵاتدار بەرانبەر بە نەتەوە بێمافەکان لە ئێراندا، ئاستەنگ و کەلێنی گەورەی بۆ زمان و پرسی زمان دروست کردووە و پێ ناچێت لە کورتماوەدا هەموو گرفت و کەلێنەکان چارەسەر بکرێن، چارەسەری داهاتووی ئەم پرسە پێویستی بە ویست و ئیرادەیەکی نەتەوەییە تاکوو هەر لە ئێستەوە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و زماناسان و وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی بە شێوەی زانستی کاریان لەسەر بکرێت.
بە زۆر هۆکاری ئابووری، جوگرافیایی و شێوازی ژیان و هەروەها ئاسمیلەکردنی نەتەوەیی و... نەتوانراوە زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی پێک بێت، لە زۆر شوێن شێوەزار و لکەزاری جیاواز بووەتە زمانی نووسین و وێژەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە. ئەم شێوەزار و لکەزارانە زۆرتر لۆکاڵین، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە دەوڵەمەند و پڕناوەڕۆکن، ژێرخانێکی بەهێز و بەربڵاوی بۆ گەشەی ئێستە و داهاتووی ئەدەب و وێژەی نەتەوەیی هەیە، بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی ئەم شێوەزار و لکەزارانە ئەو کات دابین دەبێت کە لە پاڵ زمانی یەکگرتووی نەتەوەییدا لە قۆناغی سەرتاییەوە تا کۆتایی ئەو قۆناغە زمانی خوێندن و نووسینی قوتابخانەکان بێت بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

**کاروان مێراوی**: لە کۆتاییی ئەم دیبەیتە پڕناوەڕۆکەدا جارێکی دیکە سپاسی هەموو بەڕێزانی هەردوو بەشی دیبەیتەکە دەکەین بۆ ئەوەی کاتیان تەرخان کرد و بەشدارییان کرد. هیوادارین توانیبێتمان وەڵامی لانی کەمی ئەو دوو پرسارە سەرەکییەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لەسەر پرسی چارەسەریی پێشنیاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ زمانی کوردی، وەرگرتبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## د. هاشم ئەحمەدزادە: لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە

### ١




"پرسی زمان و پێوەندیی بە شوناسی نەتەوەیی و بەتایبەت لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەموو کاتێک جێی باس و مشتومڕی سیاسی بووە، پرسی زمان لەلایەن دەسەڵاتەکانیشەوە ئەو بایەخە تایبەتەی بووە و سیاسەتی زمانی، یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و بەتایبەت دەوڵەتنەتەوەکان بووە، ئەویش ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن و نەتەوەی سەردەست هەوڵی تواندنەوە یان دابەزاندنی ئاستی زمانی نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو وڵاتە – ئێران بۆ نموونە – دەدات. "کوردستان" بۆ باسکردن لەسەر پرسی گرینگی و بایەخ و کارکردی زمان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز د. هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، نیشتەجێ لە سوید پێکهێناوە کە لە دوو بەشدا بڵاو دەبێتەوە."

**کاروان مێراوی:** دوکتور سەرەتا با بەوە دەست پێ بکەین کە پێناسەی زمان چییە، یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی جەنابتەوە زمان چۆن پێناسە دەکرێ؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە زۆر باس‌وخواستی پێوەندیدار بە پێناسەی زماندا زانایانی بواری زمان ئاماژە بە پەند یان مەتەڵۆکێکی چینی دەکەن و لەم ڕێگایەوە خۆیان لە پێناسەکردنی ڕاستەوخۆی زمان دەبوێرن. بەگوێرەی ئەم مەتەڵۆکە یان پەندە چینییە ڕۆژێک یان ڕەنگە شەوێک دوو ماسیی بچووک یان با بڵێین گەنج خەریکی مەلەن لە دەریادا. لەم کاتەدا پیرە ماسییەک تووشیان دەبێت و لە دوورەوە لە ئەحواڵیان دەپرسێ و هاوکات پرسیارێکیشیان ئاراستە دەکا: چۆنن ماسییەکان؟ ئێوە دەزانن ئاو چییە؟ دوای ئەوەی ماسییە بچووکەکان تۆزێک دوور دەکەونەوە ڕوو لە یەکتر دەکەن و بە پێکەنینەوە دەڵێن، ئەرێ ئەو پرسیارە سەیرە چی بوو ئەم پیرەماسییە ئاراستەی ئێمەی کرد. جا چۆن ئاو چییە؟ تۆ بڵێ غەیری ئاو

چی هەیە تا من پێت بڵێم ئاو چییە. ڕەنگە چیبوونی زمانیش لەڕاستیدا بۆ مرۆڤ هەر ئەمە بێت. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین باشە لە دەرەوەی زمان چی هەیە تا بڵێین زمان چییە؟ کەواتە هەرچی هەیە هەر زمانە. ئەو دیاردە کۆنینەی کە لە ڕەوتێکی دوورودرێژی زەمەنیدا هاتووەتە ئاراوە و بیچمی گرتووە و بە بەردەوامی لە گۆڕاندا بووە. بۆ دەیان هەزار ساڵ مرۆڤەکان لە ڕێی ئاماژە و دەنگ و نیشانە و هێماکانەوە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان گرتووە و دواتر لە ڕەوتێکی زەمەنیدا و لە ئاکامی کارتێکەریی فاکتەرگەلی جۆراجۆرەوە زمانگەلی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە و ڕێک وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو گەشەیان کردووە و هەندێکیان مردوون و هەندێکیان تووشی گۆڕانی زۆر بنەڕەتی بوونە. ئەم ڕەوتە بە چەند هەزار ساڵان بەردەوام بووە و هەتا سێ هەزار ساڵێک، کەمێک کەمتر یان زیاتر، مرۆڤ توانیوییەتی نووسین دابهێنێ و ئیتر زمانی نووسراویش ببێ بە جۆرێک لە زمان کە سەرەڕای پێوەندیی لەگەڵ زمانی ئاخافتن، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەتی.

ئەگەر ئەم مەتەڵۆکە چینییە تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بووبێ بۆ تێگەیشتن لە چیبوونی زمان، کە باسی پێناسە دێتە ئاراوە تووشی گرفتێکی سەرەکیی دیکە دەبین و ئەویش دۆزینەوەی کەرەستەیەکە بۆ پێناسەی ئەم دیاردەیە. لەڕاستیدا بۆ پێناسەکردنی هەموو دیاردەیەک پەنا بۆ زمان و لۆژیکی زمان دەبەین، بەڵام لە پێناسەی زماندا گرفت ئەوەیە کە دەبێ پەنا بۆ خودی زمان بەرین و لە خودی زمان بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەرگرین. سەرەڕای ئەم گرفتە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەدانی تووە پێکهێنەرەکان و لایەنە دیاریکەرەکانی دیاردەی زمان بە بەردەوامی لە ئارادا بووە و ئەم هەوڵە ئێستاش هەر هەیە و دیسیپلینە جیاوازەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە کار و لێکۆڵینەوە لەم بوارە بەردەوامن.

**کاروان مێراوی**: لەنێو پێناسە جۆراوجۆرەکانی زماندا چڕترین پێناسە لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە چییە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: دەتوانم بڵێم زمان بریتییە لە سیستەمی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە یارمەتیی کۆمەڵێک نیشانە و هێمای دەنگی و ڕەنگی. ئەگەر دەنگ ئەو ئاوا و وشە و ڕستانە بن کە دەیانبیستین، ئەوە لایەنی ڕەنگی، لەو نیشانە کێشراو و نووسراوانە پێک دێت کە هەمدیسان سیستەمی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان مسۆگەر دەکا. ئەگەر پێناسەی زمانێکی دیاریکراو لەبەر چاو بگرین ئەوە ڕوومان لە زمانێکە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەرکی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی مرۆڤەکان بەجێ دێنێ و خاوەنی سیستەمی تایبەتیی نیشانەیی و دەنگیی خۆیەتی و هەر بە هۆی ئەم جیاوازییانەشەوە لە زمانێکی دیکە یان گرووپێک لە زمانەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. لەڕاستیدا پۆلێنکردنی بنەماڵە زمانییەکانیش هەر لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی سیستەمی زمانەکان دامەزراوە. بۆیە کاتێک قسە لە زمانە هیندو ئورووپاییەکان دەکەین لەڕاستیدا مەبەستمان زەقکردنەوەی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی ئەم زمانانەیە لە ڕەوتێکی مێژووییدا کە وەک سیستەمی سینتاکسی (ڕێزمانی) یان مۆرفۆلۆژیکی جیاوازن، بۆ نموونە؛ بنەماڵەی زمانەکانی ئالتایی یان سێمیتیک.

لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی دیاردەی زمان هێندە زەقە کە ئەرەستووی فەیلەسوف جیاوازیی سەرەکیی مرۆڤ و ئاژەڵ لە زماندا دەبینێ و مرۆڤ وەک ئاژەڵی ئاخێوەر پێناسە دەکا. توانایی پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی دیکە و لە ڕێگەی زمانەوە و لە ڕێگەی ئافراندنی دەربڕینی لە ئەژمارنەهاتوو تایبەتمەندییەکی تەواو مرۆیانەیە. بە واتایەکی دیکە ئاژەڵەکان، بۆ نموونە نەهەنگ و مێشەنگوین و فیل ڕەنگە لەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرن، بەڵام لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە ئەوان هەرگیز توانایی دەربڕینی ئابستراکتیان نییە. ئەوە تەنیا مرۆڤە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی وشە ژمارەیەکی بێسنووری دەربڕین بەرهەم دێنێ. مرۆڤ هاوکات کە بیر دەکاتەوە دەتوانێت هزرەکانی بێنێتە سەر زمان و خەڵکانی دیکەی لێ ئاگادار بکاتەوە. ئەمە ڕێک وەک نووسینی بێئەژمار دەربڕین و ڕستەیە کە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی بەرتەسکی پیتەکانی زمانێک دەنووسرێن. هیچ کەس ناتوانێ بزانێتبە ٢٦ پیتی زمانی ئینگلیسی چەندە وشە و دواتریش چەندە دەربڕین و ڕستە بەرهەم دێت.

چیبوونی ئەم تایبەتمەندییە مرۆییە پرسێکی لەمێژینەی فەلسەفە و زمانناسی و بگرە زۆر زانستی دیکەی سروشتی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش بووە و هەیە. ئەفسانەی بورجی بابل تەنیا یەک لەو ئەفسانانەیە کە گوزارە لە گرنگیی زمان بۆ مرۆڤەکان و بۆ بوونیان دەکا. ناکرێ ئەمە تەنیا بەهەڵکەوت بووبێ کە یەکەم ڕستەی کتێبە پیرۆزەکان پرسی زمانیان لەخۆ گرتبێ و بڵێن "سەرەتا تەنیا وشە هەبوو و وشە لای یەزدان بوو و وشە یەزدان بوو." یان بە پەیامهێنەر بگوترێ کە "بخوێنەوە بە ناوی پەروەردگارەکەت کە هەموو جیهانی ئافراند." لێرەدا هەست دەکەی ئەم جادووی وشەیە و زمانە لە دێرزەمانەوە لە نەستی مرۆڤەکاندا بڕیاردەر بووە.

زمانەکان سەرەڕای لایەنە گشتییە ویکچووەکانیان زۆریش لە یەکتر جیاوازن و هەر بۆیە دیاردەی وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە لە ئارادایە. ئەم جیاوازییانە لە ئاستی زمانەکان و تەنانەت لە ئاستی زمانێکیشدا هەر لە ئارادان. ئەگەر لە ئێستادا نزیکەی ٦٠٠٠ زمان یان بگرە زیاتریش لەم گۆی زەوییەدا قسەی پێ بکرێ، هەر تاکێک و هەر مرۆڤێک چۆن پەنجەمۆر و ڕوخساری تایبەت بە خۆی هەیە، شێوازی ئاخافتنی تایبەتیی خۆیشی هەیە. هەر بۆیە ئێمە مرۆڤەکان نەک هەر بە ڕوخسار بەڵکوو بە دەنگیانیشەوە دەناسینەوە. زمانناسان قسە لە زمان و لەهجە و دەربڕینی تایبەتیی هەر کەسێک و جۆرەی ئاخافتن/شێوەزار دەکەن (زمان، دیالێکت، ئیدیالێکت و لێکت).

فەیلەسوفانی هاوچەرخیش هەر یەک بە شێوەیەک خۆیان لە قەرەی باسی پێچەڵپێچی زمان داوە. لەم نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند زانای بلیمەتی وەک لودویک ویتگەینشتاین، مارتین هایدگێر و ژاک دێریدا بکەین و بزانین کە لای ئەوان پرسی زمان چەندە گرنگە و چەندە بڕیاردەرە لەسەر تێگەیشتن لە بوون و مێژووی مرۆڤ و دەوروبەری.



سەرچاوە
Serchawe

**کاروان مێراوی:** زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چ ڕۆڵی هەیە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** هەر لەو کاتەوە کە یۆنانییەکان ناوی بەربەریان لەسەر ئەو خەڵکانە نا کە بە زمانی ئەوان قسەیان نەدەکرد، ڕۆڵی کاریگەری زمان لە جیاکردنەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا دەردەکەوێ، یان ئەوکاتەی عەرەبەکان خەلکانی غەیری خۆیان بە عەجەم ناوزەد کرد هەمدیسان ڕۆڵی زمان وەک فاکتەرێکی جیاکەرەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەبینین، بەڵام ڕۆڵی زمان لە ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

هەتا دەورەی پێش‌مۆدێرن و لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان کەمتر سنووریان دەخستە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە. بۆ سەدان ساڵ زمانی لاتینی، زمانی ئیمپراتۆریی مەزنی ڕۆمی بوو و هەتا سەدەی حەڤدەهەمیش هەبوون شوێنگەلێکی ئایینی و ئاکادێمیک کە بەم زمانە دەیانخوێند و دەهزرین. ئەوکاتەی کە لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا شێکسپیر بە ئینگلیزی دەینووسی، بیرمەندی ئینگلیزی، فرانسیس بەیکن هێشتا کتێبی بە زمانی لاتینی بڵاو دەکردەوە. ئەمە لەسەر یەکەم فەیلەسوفی مۆدێرن، واتا ڕێنێ دێکارتیش هەر ڕاستە کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا هێشتا هەر بە زمانی لاتینی بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە.

لە بەرەبەرەی ڕێنسانسدا لە کۆمەڵگە ئوروپییەکان وردە وردە زمانە لۆکاڵییەکان خۆیان لە قەرەی نووسین دەدا و دەبوونە زمانی باو و سەردەستی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئەوکاتەی دانتێ کۆمێدیی ئیلاهی دەنووسێ و هێدی هێدی چۆوسێر بە ئینگلیزی دەنووسێ و لوتەر و کالڤین هەوڵی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بە ئاڵمانی دەدەن، ئیتر لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵی زمانی لاتین ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە ڕەوتێکی ئاسان نەبووە، بۆ نموونە هۆگرانی نەزمی باو و دەسەڵاتی کەنیسە شوێن‌پێی یەکەم وەرگێڕی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بە زمانی ئینگلیسی هەڵدەگرن و دواجار دەیکوژن، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانکارییە ناسیناسانە، هزری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان جێ‌پێی تاقانەی زمانی لاتین لێژتر دەبێ و زمانە لۆکاڵییە ئورووپاییەکان زیاتر گەشە دەستێنن و دواجار دەبن بە زمانی بەڕێوەبەری و خوێندن و چاپ. داهێنانی پیشەسازیی چاپ لە سەدەی پازدەهەمدا ئەم ڕەوتە خێراتر دەکا. ئیتر لە سەدەی هەژدەهەمەوە بناغەکانی دەوڵەت - نەتەوەکانی ئورووپایی دادەڕێژرێ و زمانە جیاوازەکان دەبن بە بەشێکی سەرەکیی لە ناسنامەی نەتەوە تازە خەملیوەکان.

**کاروان مێراوی:** ئەم ڕەوتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چ شێوەیەک بووە، ئایا بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتووە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوای ئاسیاش یان با بڵێین لە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی و

دواتر قاجارەکانیشدا هەر کەم و زۆر بەم شێوەیە بووە. لەم بەشەی دونیادا بۆ سەدان ساڵ زمانی عەرەبی زمانی زانست بووە و زمانی فارسی زمانی دیوانی و زمانی تورکی زمانی سەربازی. لەنێوان ئاخێوەران و دەسەڵاتدارانی ئەم جوگرافیایەدا ئەگەر شەڕ و هەڵای زۆریش لە ئارادا بووبێ، ئەوە زمانەکان لە تەنیشت یەکتردا درێژەیان بە ڕۆڵگێڕانی خۆیان داوە. دەیان و سەدان زانای ئێرانی بە شانازییەوە بە زمانی عەرەبی نووسینەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە. یەکەم تەفسیرنووس و مێژوونووس و ڕێزماننووسی عەرەبی ئێرانییەکان بوون. تەبەری، ئیبنی سیبەوەیە، ئەبووعەلی سینا، ڕازی، غەزالی و فارابی و زۆری دیکە وەک ئەرکی ئایینی لە زمانی عەرەبییان ڕوانیوە و بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی خۆیان دەستەودامێنی ئەم زمانە بوونە. ئەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی دەهەمی زایینییەوە دەبینین کە جموجووڵی زمانی فارسیی نوێش دێتە ئاراوە، کارتێکەریی زمانی عەرەبی تێیدا زۆر بەرچاوە. ئەمە لەمەڕ زمانی کوردییشدا هەر دروستە. پێ بە پێی هاتنە کایەی زمانی فارسی سەروسەکتی زمانە تورکییەکانیش لەگەڵ غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، مەغول و تەیمووری و تاتارەکان دێتە ئەم بەشەی دونیا و بۆ نموونە نزیکەی هەزار ساڵ، جگە لە دەورەی کورتی زەندییەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا، لە دەرباری ئێراندا ئەوە دەسەڵاتدارانی تورکیئاخێون کە وڵاتی بەربڵاوی ئێران بەڕێوە دەبەن. تەنانەت لە سەردەمی دژایەتیی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان کە هەردوولا تورکزمان بوون، دەبینین کە شا ئیسماعیلی ئێرانی بە تورکی شێعر دەنووسێ و سوڵتان سەلیمی دوژمنیشی بە فارسی سەلیمنامە دەنووسێ. هەر لەو سەردەمانەدایە کە مەلای جزیریی ئێمە بە کوردی شێعر دەهۆنێتەوە و هەڵبەت هاوکات شێعری فارسی و عەرەبییشی هەیە. دواتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا خانییش هەر بەم شێوەیە. کەواتە دەبینین لە زەمانی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان بە شێوەیەکی سروشتی جۆرێک لە هاوژینییان هەبووە، واتە هاوکات بواری بەکارهاتنیان هەبووە و قەدەغەیان لەسەر نەبووە.

**کاروان مێراوی: مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆن چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی زمان داناوە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** بە گەیشتنی شنەبای مۆدێرنیزاسیۆن لە بەرایییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرە بەرە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دێنە ئاراوە کە بەڵێنی جیهانێکی تازە دەدەن. دەگوترا کە مۆدێرنیزەکردنی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجار دەبێتە ڕێخۆشکەری پێشکەوتن. هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە لە ئێران زمانی فارسی و لە ئیمپراتۆریی عوسمانیشدا زمانی تورکی دەبێتە ئامراز و هەروەها چەقی گۆڕانکارییەکان. بەر لە هەر شتێک سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن ئیتر پاوانی ئەم زمانانە دەکرێ. کار دەگاتە جێیەک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێناسەی سەیروسەمەرە بۆ زمانە سەردەستەکان بەکار دەهێنرێ، زمانی تورکی دەبێتە زمانی ڕۆژ، زمانی فارسی دەبێ بە زمانی شەکر و زمانی عەرەبییش دەبێتە زمانی کامیل و پتەو. ئەمڕۆ ئیتر زانستی زمانناسی بە مکوڕی پێمان دەڵێ کە هەموو ئەم پێناسە و ناسناوانە هەڵەن. ئەم ئاوەڵناوانە لەڕاستیدا بەشێک لە پرۆسەی ئەندازیاریی سیاسیی نەتەوەسازیی بوون لەم وڵاتانە کە بە پێچەوانەی پرۆژەی مۆدێرنیتەی ئورووپایی بێبەری بوو لە هەموو چەشنە تۆوێکی دێموکراسی و

سەروەریی جەماوەر و مافی شارومەندی. بەم جۆرە زمانی کوردی و زمانی کەمایەتییەکانی دیکە لەم وڵاتانەدا تووشی هەموو جۆرە بەربەستێک دەبنەوە و هێندە پەراوێز دەخرێن کە دەرفەتی گەشە و ستانداردبوونیان لێ دەستێندرێ.

وەک دەبینین لێرەدا زمانە سەردەستەکان دەبنە ئامرازی نەتەوەسازی و لە هەمان کاتدا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی سەردەستی ئەم وڵاتانە کۆمەڵێک زمانی دیاریکراو دەکاتە خاڵی جیاکەرەوەی "من" و "ئەوی دیکە."

**کاروان مێراوی: پێوەندیی ناسیۆنالیزمی کورد و پرسی زمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ناسیۆنالیزمی کورد و پێوەندیی بە زمانی کوردییەوە مژارێکی ئاڵۆزە کە لێوردبوونەوەی تایبەتیی دەوێ و دەبێ هەموو لایەنەکانی بە وردەڕیشاڵەوە هەڵسەنگێندرێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە لە زۆر وڵاتدا لەنێوان زمانی دانیشتووانەکەی و پرۆژەی ناسیۆنالیستییە باوەکەیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە. بۆ نموونە پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەموویان فارس‌زمان نەبوون و کەسانی وا لە بزووتنەوەی مەشروتەی ئێرانیدا بەشدارییان بووە کە هەر فارسییان نەزانیوە. لە وڵاتی فینلاند پێشەنگی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی فینلاندی زمانی فینلاندیی نەزانیوە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی فیلیپین بە زمانی غەیری فیلیپینی چووەتە پێش. بەشێک لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردییش لە هێندێک بەشی کوردستاندا بێبەری بووە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی. بۆ نموونە لە تورکیە زمانی کوردی لە ماوەی شەش دەیەدا بە جۆرێک لینگویساید/زمانکوژ کرا کە پێشەنگانی بزووتنەوەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا زۆریان بۆ زەحمەت بوو بتوانن لە زمانی کوردی کەڵک وەرگرن. ئەمە تا ڕادەیەک لەسەر ڕۆژاوای کوردستانیش هەر ڕاستە. لەبیرمان بێ ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت بە بەشێکی کوردستان نییە. ناسیۆنالیزمی سکاتلەندی و ئیرلەندی سەرەڕای بەهێزبوونیان بە پلەی یەکەم لە زمانی ئینگلیزی کەڵک وەردەگرن و هەر پرۆژەی زمانی سکاتلەندی لە ئارادا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وێڵزی بریتانیا پرۆژەی زمانی وێڵشی زۆر بەهێزە، بەڵام ناسیۆنالیزمی وێڵشی بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سکاتی و ئیرلەندی زۆر لاوازە.

**د. هاشم ئەحمەدزادە: بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی**

**٢**

**کاروان مێراوی: زمان چەندە لەسەر هزری مرۆڤ کاریگەریی هەیە، یان بە واتایەکی تر زمان و هزری مرۆڤ چەندە**

**پێکەوە گرێ دراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: پرسی پێوەندیی زمان و ئەندێشە پرسێکی گەلێک ئاڵۆز و لە بنەڕەتدا فەلسەفییە و جێگەی مشتومڕێکی زۆری خاوەنڕایانی ئەم بەستێنەیە. لەنێو تیورییە باوەکانی ئەم بوارەدا دەکرێ بە گریمانەی بەناوبانگی ساپیر - هورف ئاماژە بکەین کە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکانی ویلیام ساپیر (١٩٣٩ - ١٨٨٤)، زمانناس و مرۆڤناسی ئامریکایی و خوێندکارەکەی بێنیامین لیی هورف (١٩٤١ - ١٨٩٧). بەگوێرەی ئەم گریمانەیە دوو بۆچوون تێکهەڵکێش دەکرێن کە بە دیتێرمینیزمی زمانی و ڕێژەیییەتیی زمانی ناسراون. دیتێرمینیزمی زمانی پێی‌وایە ئەوە زمانە کە ئەندێشە و هزری ئێمە دیاری دەکا. ڕێژەیییەتیی زمانییش پێی‌وایە هەر زمانە و کارتێکەریی تایبەتیی خۆی لەسەر ئەندێشەی ئاخێوەرانی هەیە. ئەم باسە هەڵبەت دوای ئەم دوو زمانناسەش هەر بەردەوام بووە و هەتا ئێستاش دوا وەڵام بە پرسیارەکە نەدراوەتەوە. ئەوەی هەیە ئێستا ئیتر کارتێکەریی زمان لەسەر هزر و ئەندێشەی مرۆڤەکان بەتەواوی دانپێدانراوە. ئەگەریش ڕادەی ئەم کارتێکەرییە شتێکی تەواو بڕیاردەر نەبێت ئەوە تا ئاستێک هەر هەیە کە نەکرێت نکۆڵی لێ بکردرێ.

**کاروان مێراوی**: فرەزمانی لە وڵاتدا دەرفەتە یان هەڕەشە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: ئەگەر بنەماکانی مافی زمانی و شارومەندی بە شێوەیەکی دێموکراتیک لەبەر چاو بگیرێن ئەوە بێگومان فرەزمانیبوون دەبێتە جۆرەیەک لە فرەڕەنگی کە دەکرێ وەک سامانێکی مرۆڤی سەیری بکرێ. لەبیرمان نەچێ بەربەستدانان لەسەر ڕێی گەشەی زمانەکان هەوڵێکی دیکتاتۆرانەیە بۆ کوشتنی یەک لە دەستکەوتە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. خەملین و گەشەی زمانێک ئاکامی زەمەنێکی دوورودرێژی ژیانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤییە و کەس بۆی نییە بە بیانووی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە یان "نەتەوە" لەنێوی بەرێ.

**کاروان مێراوی**: فرەدیالێکتی لە زمانێکدا چی، دەرفەتە بۆ زمانەکە یان هەڕەشەیە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: پرسی زمان و دیالێکت هەمیشە پرسێکی زمانەوانی نییە و زۆر جاران سیاسەت و ئایدئۆلۆژیا دەستی تێ وەردەدەن. بەڵام ئەگەر زمان و دیالێکتەکان لە دەستدرێژیی پڕۆژە سیاسییەکان بپارێزێن و مافی ڕەوای خۆیان ڕەچاو بکەین، لە ڕەوتێکی مێژووییدا پرسی بنزار و شێوەزار و زمان هەموویان دەکرێ ببنە کەرەستەی دەوڵەمەندیی زمانێک و کارکردەکانی لە کۆمەڵگەدا.

**کاروان مێراوی**: سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، زمانی کوردی چەند توانیویەتی خۆی بپارێزێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** سەرەڕای هەموو بەربەستەکان زمانی کوردی هەتا ئێستا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بپارێزێ. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا و بەتایبەتی لە دونیای بەجیهانیبوونی ئەم سەردەمەدا ئەم ڕەوتە ئەگەر پلاندارێژی و سیاسەتی زمانیی هەمەلایەنەی لەگەڵ نەبێ ئاوا نامێنێ و هەڕەشی پەراوێزخرانی هەمەلایەنە نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو سەدان و بگرە هەزاران زمانی دیکەش دەخاتە دۆزی مەترسیداری لەنێوچوونەوە. ئێستا ئیتر دەبێ دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە هەموو ئەو هەوڵە پلاندار و بەمەبەستانە بکات کە چۆن بتوانێت گەشە بە زمانی کوردی بدات و وەک فاکتەرێکی ناسنامەساز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەبێت خەمخۆریی لە زمان سەد قات بەرزتر بێتەوە و هەموو هەوڵێک بدرێ ئەم میراتە گرانبەهایە بپارێزرێ و پەرەی پێ بدرێ.

**کاروان مێراوی:** لە ئەدەبی گەلانی جیهان و هەروەها لە ڕیزبەندیی زمانەکانی جیهاندا زمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی، سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو لەسەر ژمارەی کوردەکان لە ئارادا نییە. بەڵام لێکۆڵەرەوانی بواری کوردستان و کورد بە شێوەیەکی بەراوردکارییانە ئاماژەی تا ڕادیەک دروست بە ژمارەی کوردەکان دەکەن. بۆ نموونە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور لە کتێبە دانسقەکەیدا، "زمان و ناسیۆنالیزم"، کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئامریکا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە بە گوێرەی ژمارەی ئاخێوەران، زمانی کوردی پلەی چلەمینی لەنێو زمانەکانی دونیادا هەیە. ئەمە ژمارەیەکی چەندایەتیی گرنگە و دەکرێ وەک خاڵێکی بەهێز بۆ پرسی کورد کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە بواری ئەدەبییشەوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان و نەبوونی کەیانێکی سەربەخۆ، کورد ئەوەندەی ئەدەبیاتی بڵاوکراوە هەیە کە ناوێکی لەنێو ناواندا هەبێ.

**کاروان مێراوی:** ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام زمانی کوردی وەکوو هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆیان دەبینن و بەم بۆنەشەوە بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر زمانەکەمان، هۆکاری بە مەترسیزانین و ئەو هێرشگەلە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەم ڕێژیمانە خولیای سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەستی یەکزمانییان هەیە و هەر بۆیە جیاوازیی زمانی بە مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن و جگە لە بوارپێدانێکی کۆنترۆڵکراو هیچ مەجالێک بۆ زمانە غەیری فارسییەکان نارەخسێنن. لەو نێوەدا ئەوە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە کە دەبێ میکانیزمی دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکانی خۆیان بدۆزنەوە و مسۆگەری بکەن.

**کاروان مێراوی:** جیاوازیی سیاسەتی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر زمانی کوردی لە چیدا بوو؟ ئایا



سەرچاوە Serchawe

**جیاوازییەکیان لەو بارەیەوە هەبووە؟**

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** لە باری سیاسەتی زمانییەوە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان ڕژێمەکانی ئێراندا نەبووە. بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی گەشەی بزووتنەوەی کوردی و داواکارییەکانی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا. ئەگەر ڕژێمی شا سیستەمێکی ملهۆڕی دیکتاتۆری بوو، سیستەمی ئێستا سیستەمێکی تۆتالیتەرە. دەکرێ لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا جیاوازی هەبێ، بەڵام تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی شتێک کە پێی دەڵێن نەتەوەی ئێران، هاوبەشییەکی حاشاهەڵنەگری سیاسی و پڕۆژەیی لەنێوانیاندا هەیە.

**کاروان مێراوی:** سەرەڕای ئەوەی کە لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕژێمی ئێراندا خوێندن و پەروەردەکردن بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی چواچێوەی ئەو وڵاتە ڕێگەپێدراوە، بەڵام پاش چوار دەیە تاکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هۆکاری جێبەجێنەبوونی چییە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** سیستەمی سیاسیی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران هەرگیز نەیتوانی ببێتە ئەو ناوەندە کە بتوانێ لەگەڵ پرسی دێموکراسی و مافی دانیشتووانی وڵاتی ئێران بە هەموو ڕەگەز و ناسنامە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانییەوە هەڵسوکەوتێکی دروست و دێموکراتیک بکا. لایەنی ئایدئۆلۆژیکی و تۆتالیتارییەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە ڕێگەی چارەسەریی زۆر پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی لە وڵاتی ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە بنبەست گەیاندووە. لە هەمان کاتدا دەبێت بیر لەو ڕاستییەش بکەینەوە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە خاوەنی چ پڕۆژە و پلانێک بووە. بە باوەڕی من لایەنی ناڕوون و لێڵ لە سیاسەتی بزووتنەوەی کوردییشدا لەم بارەوە هەبووە و هەیە.

**کاروان مێراوی:** غوڵامعەلی حەددادی عادڵ، سەرۆکی پێشووتری مەجلیسی ڕژێم، زمانی فارسیی وەکوو زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام لەقەڵەم داوە، لە کاتێکدا بەپێی بەڵگەکانی خودی فارسەکان زیاتر لە ٤٠٪ی وشەکانی زمانی فارسی لە بنەڕەتدا وشەی عەرەبین ئەم ئیدعایە تاکوو چەند ڕاستە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە:** ئەوەی حەددادی عادل دەیڵێ بە پلەی یەکەم پڕۆپاگاندای سیاسییە. بەڵام لە قسەکەی ئەودا ڕاستییەک شاراوەیە و ئەویش ڕۆڵی زمانی فارسییە لە پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامدا. لە دێرزەمانەوە ئەم زمانە ئەرکی پەرەپێدانی ئەندێشەی ئیسلامیی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆیەوە هەبووە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەتا هاتنی ئینگلیزەکان ئەوە زمانی فارسی بوو کە لە دەرباری موغالەکانی هینددا بەکار دەهێندرا. ئێریک هێرمێلینی سویدی لە



سەرچاوە
Serchawe

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە هیندوستانی کۆلۆنیکراوی ئینگلیسییەکاندا فێری فارسی دەبێ و دەیان کتێبی کلاسیکی فارسی دەکاتە سوێدی. زمانی فارسی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەهەمی زاینییەوە توانایەکی بێوێنەی لە خۆی نیشان داوە لە گەڵاڵەکردنی ئەدەب و سیاسەتدا. شەست هەزار بەیتی شانامەی فیردەوسی کەمتر لە ٤%ی عەرەبییە. ئەمە لە کاتێکدایە بۆ نموونە نزیکە ٦٥٠ ساڵ دواتر لە مەم و زینی خانیدا لەگەل زیاتر لە ٧٠% وشەی عەرەبی ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەمە لە زاتی خۆیدا کێشەیەکی گەورە نییە. ئێمە دەبێ جیاوازیی دانێین لەنێوان سیاسەتی وڵاتێک و زمانێک کە لە ئارادایە. بۆ سەدان ساڵ زمانی فارسی لە تەنیشت زمانی عەرەبی و کوردیدا زمانی فێرکردن و بارهێنانی حوجرەکان بووە و بە سەدان زانای کورد گولستان و بوستانی سەعدییان وەک دەرس بە خوێندکارانی خۆیان گوتۆتەوە. زمانی ئینگلیسی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیسەوە نییە. هەبوونی دەرسەدێکی یەکجار زۆری وشەی فەڕەنسی لە زمانی ئینگلیسیدا نابێتە هۆکاری دڕدۆنگی لەم زمانە. ئەگەر لە زمانی سویدیدا وشە ئینگلسیی، ئاڵمانی و فەڕەنسییەکان هەڵاوێرین شتێکی ئەوتۆمان بۆ نامێنێتەوە کە کەڵکێکی ئەوتۆی هەبێ. ئێمە وەک کورد دەبێت شتێک لە حەددادی عادڵ و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێران فێر بین و ئەویش گرنگیدانە بە زمانی خۆمان. ئایدئۆلۆژیای ئیسلامی کارێکی وای نەکردووە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ گەشەی زمانی فارسی لە هەوڵدا نەبن. ئەگەر ئێمە بەراوەردێکی سیاسەتی زمانیی باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە وەک کورد چەندە لە ئاست زمانی خۆمان و چارەنووسەکەیدا کەمتەرخەمین.

**کاروان مێراوی**: سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**د. هاشم ئەحمەدزادە**: سپاس بۆ ئێوە کە ئەو باسەتان لەگەڵ من ورووژاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ و ٢٣ی جانیوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## سۆران عەلیپوور: کۆماری کوردستان پێناسەیەکی نوێی لە شوناسی کوردی کرد



"کۆماری کوردستان کە لە بەستێنێکی ئاڵۆز و لە بارودۆخێکی هەستیاری ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و جیهاندا دامەزرا و ئەگەرچی کیانێکی ساوا و کەمتەمەن بوو، بەڵام لە مێژووی گەلی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا بە خاڵێکی وەرچەرخان ئەژمار دەکرێ و هەنووکەش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بووەتە سەرباشقەی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد و وانەکانی کۆمار بووەتە ڕەمزی خەبات و هاوکات پاڵنەرێکە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.

بەبۆنەی یادی ٧٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" کۆمەڵێک پرس ورووژاندووە و لەم پێوەندییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ سۆران عەلیپوور، نووسەر و کارناسی مێژوو و مامۆستای قوتابخانە، هەروەها سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان و سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری لاوان، نیشتەجێی وڵاتی سوێد پێک هێناوە."

**کاروان مێراوی**: کاک سۆران با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ سەرەڕای ئەوەی کە پێش لە کۆماری کوردستان، گەلی کورد شۆڕشگەلێکی جیاوازتر و تەنانەت کۆماری ئاگریی هەبوو، بۆچی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ؟

**سۆران عەلیپوور**: بۆ تێگەیشتن لە کۆماری کوردستان دەبێ چاوێک بەسەر ئەو ڕووداوو و وێستگە مێژووییانەدا بخشێنینەوە کە بەر لە کۆمار جێ‌پەنجەی خۆیان لەسەر نەخشەی مێژووی ئەو نەتەوەیە بەجێ هێشتووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەمجار چینی مامناوەندیی شارنشینی خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەدا کەمینە و لاواز بوو، ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان دەگرنە دەست. ئێمە دەزانین دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان، بۆشاییەک کەوتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە کە دواجار ئەو

بۆشاییە لەلایەن شێخ و بنەماڵە ئایینییەکان و پاشانیش نەوەی میرە کوردییەکان و خاوەن موڵکەکان کە لە تاراوگە دەژیان پڕ کرایەوە. ئەو هاوکێشەی هێزە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بەرەبەرە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و چی دیکە بنەماڵەی شێخ و دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان تاکە ئەکتەری شانۆی سیاسیی کوردستان نەبوون، ئەگەر سەرنج بدەینە کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری ژ ـ کاف دەبینین کە ئەوان سەر بە چینی شارنشینی وردەبورژوا بوون. لە کۆماردا لەپاڵ هێزی چەکداری عەشایردا، ئەرتەشێکی قەوارە مۆدێرنیش دانرا، لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگا و ناوەندی دێموکراتیک و مەدەنییەوە ویستی ناسیۆنالیستیی کوردان بەرجەستە کرا، لە بڵاوکراوە و وێژمانی سیاسیی کۆماردا هەست بە وشیارییەکی سیاسیی هاوبەش سەبارەت بە بوونی هاوبەشیی نەتەوەیی و مێژوویەکی هاوبەش و چارەنوسێکی هاوبەش دەکرا. ئەو وێژمانە هەرچەند وێژمانێکی یەکگرتووی ڕوون نەبوو، بەڵام هەم لە وێژمانی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستان و هەم لە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتدا مافی چارەی خۆنووسین بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ. تێکەڵییەک لە ویستی ڕۆمانتیکی سەربەخۆیی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ و ڕیئالیستی ئۆتۆنۆمیخوازیدا، کۆماری کردبوو بە خاڵێکی وەرچەرخان، ئەوە بێجگە لە گرینگیدانێکی کەموێنە بە پرسی ناسنامە و زمان.

سەرانی کۆمار ئامادەبوون دەغڵودانی ساڵێکی کۆمار بە سۆڤییەت پێشفرۆش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن چاپخانە دابنێن. بۆ یەکەمجار دامەزراوە ئیدارییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکات لەگەڵ پرۆگرامێکی سیاسیی هاوچەرخ بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وێنەیەکی مۆدێرن و تۆکمەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەستەوە دا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هاوپێوەندی و یەکگرتوویەک کە لەنێو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە ئاست کۆماردا هەبوو، دیاردەیەکی کەموێنە بوو لە مێژووی کورداندا، بەشداریی بارزانییەکان و ئەفسەرە سەربازییەکانی گەرمێن لە کۆماری کوردستاندا لوتکەی هاوپێوەندیی نەتەوەییدا بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی کورد دادەنرێ.

**کاروان مێراوی**: پرسی بووژانەوە و گەشەکردنی زمان لە کۆماری کوردستاندا چەندە گرینگی پێ دراوە و تاکوو چەند هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟

**سۆران عەلیپوور**: ئەو پرسیارە کە بۆ زمان و ناسنامە لە کۆماری کوردستاندا بایەخی پێ دەدرا و پێداگریی لەسەر دەکرا، کاتێک وەڵام دەدرێتەوە کە سەرنج بدەینە دۆخی سیاسیی ئێران و پرۆسەی بەناو مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی لەلایەن ڕەزاشاوە. ڕەزاشا لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە لە خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرا و هەرچی لەگەڵ

پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەیی بێکەڵک لەقەڵەم درا. کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی هەر زوو لە کوردستاندا کاردانەوەی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە ڕاپەڕینی مەحموود خانی کانیسانان و ڕاپەڕینەکەی مەلا خەلیل، ئەو جووڵانەوانە لەگەڵ ئەوەدا بەرنامەی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام دژکردەوەیەک بوون بەرانبەر بە سیاسەتی یەکدەستکردن و حاشاکردن لە ناسنامەی کوردەکان.

سەرانی ژ - کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت ــ نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. دووهەم داواکاریی حیزبی دێموکراتیش لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا پرسی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکاندا، لە کاتێکدا خاڵی یەکەم باسی لە شێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیتەمێکی ئۆتۆنۆمیدا دەکرد. لەو ماوە کورتەدا زمانی کوردی کرایە زمانی فەرمی و بێجگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتیش بوو، کۆمەڵێک بلاڤۆک و گۆڤاری دیکەش وەکوو "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان"، "هەڵاڵە" و "گروگاڵی منداڵی کورد" بڵاو کرانەوە.

**کاروان مێراوی**: زۆر جار دەوترێ کە یەکیەتیی سۆڤییەت کۆماری کودستانی دامەزراندووە و ئەگەر خەیانەتی لە کۆمار و ئەو بەڵێنەی کە بە پێشەوا درابوو نەکردایە، کۆماری کوردستان نەدەڕووخا، ئەمە تاکوو چەند ڕاستە؟

**سۆران عەلیپوور**: هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە بەستێنێکی دیاریکراودا لەدایک دەبێ و کاریگەریی شوێن و کاتی لەسەرە، یەکیەتیی سۆڤییەت لەو ڕووداوانەی کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا ڕوویان دا بێ ڕۆڵ نەبوو، هاوکات تاکە هۆکاریش نەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم هاتنە ئاراوە، ویستی نێوخۆیی کوردەکان و بێزاری لە کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی و بۆشاییەکی دەسەڵات کە لەو ناوچەیەدا دروست ببوون، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی کۆماری کوردستانن. ئەو ڕوانگەیەی کە دامەزرانی کۆماری کوردستان و تەنانەت دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش دەبەستێتەوە بە ویستی یەکیەتیی سۆڤییەت، لەنێو کۆڕی پانئێرانیزم و نووسەرانی جیرەخۆردا زۆر باوە، ئەوان دەیانهەوێ بە هەموو شێوەیەک داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە تیئۆریی دەستی دەرەکی ڕاڤە بکەن و بەو شێوەیە لە هۆکارە نێوخۆییەکان خۆ ببوێرن. لەو دانوستان و وتووێژانەدا کە لەنێوان نوێنەرانی کورد و باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجاندا ئەنجام دران باس لە دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی نەکراوە، ئەوان دەیانویست کوردستانیش بکەوێتە سەر ئازەربایجان و ڕاستیی دابەشبوونی ئیداری لە ئێراندا قەبووڵ بکەن، لەو

بەڵێنانەشدا کە لەو دوو دیدارەدا بە کوردەکانیان دابوو، زۆربەی هەرە زۆریان جێبەجێ نەکرد. بەڵام نابێت لەبیریشمان بچێ کە لەو سەردەمەدا مۆدێلی سۆڤییەتی نموونەیەکی بەرچاو و باڵای سیاسەت و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردن بوو لەلای سەرانی کۆماری کوردستان و کاریگەریی ئەو ڕوانگەیە بە لێدواندەرانی سیاسی کۆمارەوە دیارە. بەڵێن و وادەکانی سۆڤییەت وای کرد کە ڕووداوەکان زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا بڕۆنە پێشەوە، بەڵام دەبێ لە بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بە دوای هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بگەڕێین، نەک تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتدا.

**کاروان مێراوی**: لەسەر کۆماری کوردستان دوو بۆچوون لە ئارادایە، بۆچوونێک دەوترێ کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و بۆچوونێکیش دەوترێ دەوڵەتێکی خودمۆختار بووە، ئێوە پێتان وایە دەوڵەتی کۆماری کوردستان چ جۆرە کیانێک بووە؟

**سۆران عەلیپوور**: ئەگەر سەیری نووسراوە فەرمییەکانی حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانیشە بکەین، لەوێدا باس لە مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمیدا کراوە، ئەوەی کە کوردەکان خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و زمانی کوردی زمانی فەرمی بێ و کۆمەڵێک خاڵی دیکەش کە بە تەواوەتی ئاماژە بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا و بە ڕوونییش ئەو هۆشیارییە سیاسییە لە ئاست مێژوو و چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورددا هەست پێ دەکرێت، بەڵام ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی کە لە کوردستاندا هەبوو وای کرد کە کۆماری کوردستان لە کردەوەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد، کۆماری کوردستان ئەرتەش و ئاڵا و سروودی نەتەوەییی خۆی هەبوو، مامەڵە ئابوورییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆڤییەتدا ئەنجام دەدا. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێ دا لە وێژمانی سیاسیی ئەو کاتدا هێنانەبەرباسی پرسی سەربەخۆیی کارێکی ئاسایی بووە و هەر لەوسەردەمەشدا پێناسەیەکی نوێ لە شوناسی کوردی کرا و ئەو پێناسە نوێیە شوناسی کوردیی جیا کردەوە لەو شوناسە ئێرانییەی کە ڕەزاشا تەمەن و وزەیەکی زۆری بۆی تەرخان کردبوو. ئەو تێگەیشتنە لە شوناسی کوردی ئاستی ڕەگەزە ئێتنیکییەکان دەبەزێنێ و کوردبوون لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریدا پێناسە دەکا، پێم وایە ویستی ئۆتۆنۆمیخوازیی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا کاریگەریی باشی لەسەر دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناسی کوردی هەبووە لە ئاست شوناسی بە زۆر داتاشراوی ئێرانیدا.

**کاروان مێراوی**: ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان تاکوو چەند بوونەتە سەرباشقە بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا؟



سەرچاوە Serchawe

**سۆران عەلیپوور**: کۆماری کوردستان بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە بایەخێکی سێمبۆلیی مێژوویی و سیاسی هەیە. بۆ یەکەمجار دامەزراندنی دەوڵەتێک بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپایەکی سەربەخۆ ڕووداوێکی دەگمەنە، کۆماری کوردستان بەرهەمی پێگەیشتوویی وشیاریی سیاسی بوو، بەرهەمی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی و شوناسی کوردی بوو، هەربۆیەش بۆ یەکەمجار سەرکردە و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان سەرۆک عەشیرەت، شێخ یان ئاغایەکی خاوەن موڵک نەبوو، چینی خاوەن موڵکەکان هەر لە سەرەتاوە هەستیان بە مەترسییەکانی ئەو دیسکۆرسە سیاسییە مۆدێڕنە کرد، لەگەڵ ئەوەدا سەرەتا کەم و زۆر پشتیوانییان لە کۆمار کرد بەڵام پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوەند نەپچڕاند و لە دواییدا پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد.

کۆمار لە ڕووبەڕووبوونەوە و بێ بنەما پێشاندانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەویدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا، ئەو دەوڵەتە بەناو مۆدێڕنەی کە ڕەزاشا دەیویست بە ئاگر و ئاسن بنیادی بنێ، لە ئاست دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی و وشیاریی سیاسیی سەرانی کۆماری کوردستاندا دەستەوەستان بوو.

گواستنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە دژکردەوەی چەکداریی عەشیرەیی و لۆکاڵییەوە بۆ دیسکۆرسێکی گشتگیریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەی دێموکراتیکی مەدەنیدا هەم خاڵی وەرچەرخانە و هەمیش دەسکەوتێکی سێمبۆلیکی مێژووییە، لە کۆماردا هاودەنگی و هاوکاری و بەشداریی کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکانی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە ڕەنگوڕووی یۆتۆپیایەکی بەو کۆمارە بەخشیبوو کە تەنانەت ئەو بێگانانەی کە لەو سەردەمەشدا سەردانی کۆماری کوردستانیان کردووە سەریان لەو کەشوهەوا سیاسییە ئازاد و ئارامە سوڕ ماوە. دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان و بایەخدان بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا کردەوەیەکی ڕادیکاڵ و بوێرانە بوو.

**کاروان مێراوی**: کاک سۆرانی بەڕێز، سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە تەرخان کرد

**سۆران عەلیپوور**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لە یادی ٧٦ ساڵەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا باسێک لەسەر کۆمار بکەین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## د. جەعفەر شێخولئیسلامی: زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم دەتوانێ بیکاتە یەکپارچە



### ئاماژە:

بەپێی ئەوەی کە بوون، هەست، هزر، تێفکرین، پێگەیشتن و تێگەیشتنی مرۆڤەکان بە زمانەوە گرێ دراوە و زمانی دایکیش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر ڕەوتی پێشکەوتووی مرۆڤەکان هەیە، زمانی دایکی بە پێوەری سەرەکیی ڕەوڕەوەی گەشەی کەسایەتی و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەروەها زمان بە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێ. بەبۆنەی ٢١ی فێورییە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لەسەر زمان بەگشتی و زمانی دایکی و بەتایبەت ڕۆڵ و گرنگیی زمانی دایک، "کوردستان"، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز پ. د. جەعغەر شێخولئیسلامی، پرۆفێسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زمانناسی و لێکۆڵینەوەی زمانی لە زانکۆی "کارلتن" لە کانادا و هەروەها زمانناس و لێکۆڵەری زمانەوانی، پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز پرۆفیسۆر شێخولئیسلامی، با سەرەتا بەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ لە کاتێکدا گەلێک دیاردەی سەرکوتکردنی زمانەکان و کۆمەڵکوژیی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لە جیهاندا هەبووە و هەنووکەش ئەو ڕەوتانە درێژەی هەیە، بۆچی ڕۆژی کوژرانی کۆمەڵێک خوێندکاری بێنگلادشی وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کراوە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: بەر لە جووڵانەوەی کۆمەڵگەی زمانیی بەنگالی (بەنگلا بە زمانی خۆیان) لە پاکستان، ئێمە نەتەوەیەکی دیکەمان پێ شک نایە کە پاڵنەری سەرەکیی ڕاپەڕینەکەی زمان بووبێ و لە جووڵانەوە زمانییەکەشیدا و بۆ وەدەستهێنانی مافی دەستڕاگەیشتن بە زمانەکەی خۆیان لە پاکستان ئاوا سەرکەوتوو بووبێ. ڕۆژی ٢١ی فێڤریەی ١٩٥٢ی زایینی بەرانبەر بە ٢ی ڕەشەممەی ١٣٣٠ی هەتاوی، کۆمەڵگەی بەنگالی خۆپێشاندانێکی گەورەیان چێ کرد. پۆلیس تەقەی

لێکردن و چەند خوێندکاری زانکۆی "داکا" کوژران و زۆریش برینداربوون. ئەم هەوڵە و ئەوانی دوای ئەمەش بەفیڕۆ نەچوون و لە مانگی ٥ی ١٩٥٤ی زایینی، زمانی بەنگالی بوو بە یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی پاکستان و، لە ١٩٧١ی زایینیشەوە زمانی فەرمیی وڵاتی سەربەخۆی بەنگلادیشە.

ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، بەنگلادیشییەک بە ناوی "ڕەفیقولئیسلام"، کە لە کەنەدادا دەژیا، پێشنیاری بە کۆنفرانسی یونسکۆ کرد بۆ ئەوە کە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر بکرێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، ئەم پێشنیارەی پەسند کرد. لەو کاتەوە تاکوو ئێستە، ئەم بۆنەیە هەموو ساڵێک ڕۆژی ٢١ی فێڤرییە یادی دەکرێتەوە. ئەمە بەتایبەت دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ ئاخێوان و چالاکانی زمانە بەکەمینەکراوەکان کە خۆشەویستییان بۆ زمانی خۆیان دەرببڕن و داواکانیان بۆ خوێندن بە زمانی دایکی چڕتر بکەنەوە. هەروەها، دەرفەتێکە بۆ لێکۆڵەر و ئاکادیمیی وەکوو من کە بڵێم و نیشان بدەم: چەندزمانەبوون و جۆراوجۆریی زمانی نەتەنیا دیاردەیەکی سروشتی و مرۆیین، بەڵکوو لەسەرمان پێویستە، لەسەر حکومەتەکان و دەسەڵاتدارانیش پێویستە، کە ئەم جۆراوجۆرییە زمانییە وەکوو دەسمایەیەکی مرۆڤایەتی بپارێزن.

**کاروان مێراوی**: **جیاوازیی نێوان زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی چییە؟**

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: زمانی دایک یەکەم زمانە کە منداڵ فێری دەبێ. بۆیە پێی دەڵێن "زمانی دایک"، چونکە زۆربەی کاتەکان منداڵ یەکەم زمانی لە دایکی فێر دەبێ، هەرچەند هەموو کاتیش ئاوا نییە. بۆ وێنە، ئەگەر دایکەکە و منداڵەکە لە کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەی زمانیی دایکەکەدا بژین، لەو هەلومەرجەدا لەوانەیە منداڵەکە زمانی باوکی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە بنەماڵەکەی تێیدا دەژی وەکوو زمانی یەکەم فێر ببێ (نموونە: لەبەرچاو بگرە ژنێکی تورکی ئازەری کە هاوژینی کوردێکی پیرانشارییە و لەو شارە دەژی). هۆی تریش هەیە کە ڕێگا نەدا منداڵ زمانی یەکەمی لە دایکی فێر بێ. بۆ نموونە، زۆر دایکی فیلیپینی بۆ ماوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ منداڵەکانیان نابن و خۆیان دەچن لە وڵاتێکی دیکە کار دەکەن، منداڵەکان لەلای باوکیان یان ماڵی بابەگەورە و دایەگەورە یان لای منداڵێکی گەورەتر هەڵدەدەن و باڵا دەکەن.

زمانی دایک دەکرێ زمانی نەتەوەییش بێت، بەڵام بۆ هەموو کەس ئاوا نییە. بۆ زۆربەی خەڵکانی بەکەمینەکراو زمانی دایک و زمانی نەتەوایەتی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین جیاوازە. زمانی دایکی شتێکی سروشتییە؛ ئەو زمانەی کە بۆ یەکەمجار منداڵێک فێری دەبێت، ئەمەش زۆربەی کاتان زمانی دایکە، بەڵام زمانی نەتەوایەتی لەلایەن دەوڵەت یان خەڵکەوە دیار و ناودێر دەکرێ. لە هەندێک وڵاتدا زمانی نەتەوایەتی و زمانی فەرمی یەکێکن، بەڵام لە هەندێک شوێنی دیکە ئاوا نییە. جاری وایە لە وڵاتێک زمانێک یان چەند زمان وەکوو زمانی نەتەوایەتی دیاری دەکرێن، لەبەر ئەوە کە لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە قسەیان پێ دەکرێ یان لە ڕابردوودا قسەیان پێ کراوە و بایەخی سیمبۆلیکیان هەیە. زمانی فەرمی، زمانی حکوومەت، پەروەردە و میدیایە.

**کاروان مێراوی**: بۆچی گرنگە لەسەر زمانی دایک پێداگری بکرێ و ڕۆڵی زمانی دایکی لە زمانی نەتەوەییدا چییە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: زمانی دایک بە زۆر هۆوە گرینگە:

١- شێوەی بیرکردنەوە و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤەکان لە زمانی دایکدا دەگووڕێ.
٢- هەر لەبەر ئەمەش زمانی دایک لە ڤەوارەگرتن و بەخۆداهاتنی هزر و توانا هۆشەکییەکانی منداڵدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ.
٣- زمانی دایک لکێنەرێکی بنەماڵەییە، منداڵ بە دایک و باوک و دایەگەورە و بابەگەورە بەیەکەوە گرێ دەدا. واتە ئەڵقەی سەرەکیی نێو زنجیرەی نەوە و بەرەکانە.
٤- لانکی کولتووره، کولتووری ئیتنیکی و هەرە نیزیک لە مرۆڤەکان کە بە شێوەیەکی ئاسایی تێیدا گەورە دەبن لە زمانی دایکدا دەگووڕێ و شکڵ دەگرێ.
٥- زمانی دایک بۆ فێربوونی زمانی دیکە گرینگە، واتە ئەو کەسانەی زمانی دایکیی خۆیان باش و ئاسایی فێر دەبن دەتوانن چەند زمانی دیکەش بەباشی فێر بن، تەنانەت باشتر لەو کەسانەی کە زمانی دایکیی خۆیان بە باشی فێر نابن.
٦- زمانی دایک سەرمایەیەکی مرۆییە، بەم واتایە کە هەر زمانێک لەم دنیایەدا دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە و شاکارێکی هزری و مێشکیی مرۆڤە. ئەم پێکهاتەیە بە هەزاران ساڵ گەیشتووەتە ئەم شوێنەی کە ئێستا تێیدایە. تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردنی ئەو زمانە دەتوانێ پەنجەرەیەک بێ بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە مێشکی مرۆڤ لەلایەک و تێگەیشتنی ڤەوارە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکیتر.

دەکرێ زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی یەک شت بن، بەڵام دەکرێ ئاواش نەبێت. لەڕاستیدا پێوەندیی زمانێکی تایبەت و نەتەوەیەک وەکوو پێوەندییەکی پێویست و پێداویستی نییە، بۆ نموونە ئینگلیسی ئێستا زمانی زۆرتر لە یەک نەتەوە و دەوڵەت - نەتەوەیە، یان نەتەوە-دەوڵەت هەیە کە زۆرتر لە یەک زمانی هەیە، لەڕاستیدا، بە شێوەیەکی سروشتی، من زمان لە پێوەندی لەگەڵ ئیتنیسیتەدا دەبینم. پێوەندییەکەی زمان لەگەڵ نەتەوە دەستکرد و سازکراوە (بەرساختێکی کۆمەڵایەتییە). بۆیە، نەتەوەیەک دەتوانێ زۆرتر لە یەک زمانی هەبێ چونکە دەتوانێ زۆرتر لە یەک ئیتنیسیتە پێکی بێنێ. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە کورد بە یەک نەتەوە دابنێین، دەتوانین بڵێین کە ئەم نەتەوەیە ئیتنیستیە و ڤەومی جیاوازی تێدایە، هەرکام لەم گرووپە ئیتنیکییانەش دەتوانێ زمان یان شێوەزار/شێوەزمانی تایبەت بە خۆی هەبێ و، هەر ئاواشە.

**کاروان مێراوی**: زمان چۆن دەپارێزرێ و هۆکارەکانی زیندوومانەوە یان لەنێوچوونی زمانەکان چین؟



سەرچاوە
Serchawe

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: دوو بەشی ئەم پرسیارە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. واتە، ئەگەر هۆیەکانی فەوتانی زمان بزانین، دەبێت بۆمان دەرکەوێ کە چ هەنگاوگەلێک هەڵبگرین بۆ ئەوەی زمانێک نەفەوتێ. هۆیەکانی گۆڕان و هەروەها فەوتانی زمان دەتوانن هەم ناوەکی بن (واتە، ئاڵوگۆڕی نێوخۆی زمانەکە) و هەم دەرەکی بن (ئاڵوگۆڕ لە مەڕ لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و سیاسیی ئاخێوەرانی زمانەکە). لە هەر دوو حاڵەتدا، زمانێک ئەوکاتە لەنێو دەچێ کە ئیتر قسەکەری نامێنێ، جا یان ئەوەیە کە قسەکەرەکانی دەمرن/قەلاچۆ دەکرێن (کە ئەمە کراوە، بۆ نموونە لە کەنەدا و ئەمریکا دژی خەڵکانی خۆجێیی)، یان ئەوەتا قسەکەرانی زمانێک لە زمانەکەی خۆیان بێبەش دەکرێن، یان ئەوەندە گرێوگۆڵ دەخەنە سەر ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان کە ئیتر وازی لێ دەهێنن و دەچنە سەر زمانێکی دیکە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەمەش لە باکووری کوردستان، سکاتلەند یان ئیرلەند دیتراوە. هەندێک لەم هۆیانە کە دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکێک زمانەکەی وەلابنێ و زمانێکی دیکە وەربگرێ دەتوانن ئەمانە بن: قەدەغەکردنی زمانێک، هەڵکەندنی خەڵکێک لە خاک و مەڵبەندی لەمێژینەی حاوانەوەیان، داسەپاندنی زمانێکی دیکە وەکوو زمانی فەرمی یان ڕەسمی بۆ دۆزینەوەی کار، زانیاریوەرگرتن، کاروباری حکومیی و بەڕێوەبردن و، پەروەردە/فێرگە. مرۆڤەکان دەزانن چی بە قازانجیانە و چی بە زیانیانە. کاتێک بینییان کە زمانی باڵادەست نانی تێدایە، پریستیژی تێدایە، بەڵگەنامەی خوێندنی باڵای تێدایە، بەڵام زمانەکەی خۆی بە پێچەوانەوە شەرمەزاری تێدایە و لە فێرگە بەکەڵک نایە، لە دادگاکان بەکار نایە، لە زانکۆ بەکار نایە و لەوانەیە ڕاگرتنەکەی زیندان و سووکایەتیکردنی بەدواوە بێ، ئیتر چارەی نامێنێ و زمانەکەی خۆی وەلا دەنێ و لە زمانە باڵادەستەکەدا دەتوێتەوە. هیچ خەڵکێکی ئازاد خۆبەخشانە و بەدڵی خۆی زمانی خۆی وەلا نانێ. لە سەردەمێکدا کە خوێندەواری بە شێوەیەکی خێرا بڵاو دەبێتەوە و خەڵک بە بەربڵاوی ڕوو دەکەنە شارەکان، پەروەردە بە زمانێک جگە لە زمانی دایک دەتوانێ گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر زمانە بەکەمینەکراوەکان. واتە، ئەگەر پەروەردە بە زمانی دایک نەبێت، دەتوانێت گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر زمانی دایک.

**کاروان مێراوی**: چ پێوەندییەک لەنێوان زمان و شوناسی نەتەوەییدا هەیە و ئەم دوو چەمکە چۆن پێکەوە گرێ دەدرێن؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: هەموو ناسنامەیەک و بەتایبەت ناسنامەی نەتەوەیی، سازکراوێکی کۆمەڵایەتییە و هەر بەم پێیەش سازکراوێکی زمانی و گوتارییە. لە زمان و گوتاردایە کە دەبیستین و دەخوێنینەوە ئێمە کێین، ئەوان کێین و، بەو پێیەش، نەتەوە چییە. بەڵام، ئەو دوو چەمکە چەندە بەیەکەوە گرێ دراون ماوەتەوە سەر ژینگە و تایبەتمەندیی زمان و نەتەوەی جیاواز. بۆ ئاڵمانییەکان پێوەندییەکی چڕ هەیە لەنێوان ناسنامەی نەتەوەییان و زمانەکەیان، بەڵام بۆ ئەوانی تر وا نییە. بۆ نموونە سویسییەک لە ژنێڤ ڕەنگە ئاڵمانی نەزانێ، کەچی خۆی بە سویسی دەزانێ، هەروەها سویسییەک لە زووریخ ڕەنگە فەرەنسەیی نەزانێ و هەر ئاڵمانی بزانێ، بەڵام ئەویش بە ڕادەی ژنێڤییەکە خۆی بە سویسی بزانێ. ئەمە لە کاناداش ئاوایە. هاووڵاتیی کوبەکی (پارێزگای خۆسەری فەرانسەیی زمانەکان) وا هەیە کە ئینگلیسی نازانێ، بەڵام خۆی

بە کانادایی دەزانێ. لەو شوێنانە کە زمانێکی هاوبەش ڕۆڵی پێکەوەگرێدانی خەڵکێک نابینێت، ڕابرووی هاوبەش، دامودەزگای فەرهەنگی، سەربازی و پەروەردەیی هاوبەش و حەز و خولیای هاوبەش خەڵکیان بەیەکەوە گرێ داوە. لە سەردەمانێکی کۆنەوە، بۆ کورد زمانی کوردی سیمبۆلی کوردبوون بووە، چونکە کوردان بەو سیمبۆلە خۆیان لە "ئەوانی دیکە" جیا کردووەتەوە. پێوەندیی نێوان زمان و ئیتنیسیتە زۆر چڕوپڕترە هەتا پێوەندیی نێوان زمان و نەتەوە. ئەمەیان چێکراوێکی کۆمەڵایەتی و گوتارییە و هەر نەتەوەیەک بەپێی هەلومەرجی خۆی ئەو پێکهاتەیە چێ دەکات. دەکرێ نەتەوەیەک چەند زمانی هەبێت؛ بەڵام، ئیتنیسیتەیەک یەک زمانی هەیە.

**کاروان مێراوی: هۆکاری ئەوەی کە زمان و ناسیۆنالیزم بە دوو گراوەی دانەبڕاو ئەژمار دەکرێن چییە؟**

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی:** ئەمەش هەمیشە وا نییە. لە ناو تیئۆرییە زاڵەکانی ناسیۆنالیزمدا ڕۆمانتیکەکانی ئاڵمانی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەنێوان زمان و ناسیۆنالیزمدا دەبینی. هەندێک بیرەوان و بیرمەند بە ئەمە دەڵێن: "ناسیۆنالیزمی ئینتیکی" یان "ناسیۆنالیزمی زمانی" بۆ ئەوە کە جیای بکەنەوە لەو ناسیۆنالیزمەی دیکەی دەورەی ڕۆشنگەی کە ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، واتە، "ناسیۆنالیزمی سیڤیک/مەدەنی". بۆ نموونە "ئەرنست ڕێنان"ی فەرانسەیی ئەوکات گوتی: ئەوە زمان نییە کە خەڵکی فەرانسە دەکا بە نەتەوە، بەڵکوو مێژووی هاوبەش و خەونی هاوبەشە. هەڵبەت، دواتر ئەم بۆچوونە ڕەخنەی لێ گیراوە، گوتراوە کە ئەمە فێڵێک بوو فەرانسەییزمانەکان لە ئەوانی دیکەیان کرد، گوتیان: ناسیۆنالیزمی ئێمە نەبەستراوەتەوە بە زمان و بەم جۆرە زمانی فەرانسەیی، کە ئەوکات تەنیا زمانی نزیک بە ٤٠ لە سەدی خەڵکی وڵات بوو، بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپێندرا، واتە جەیکۆبییەکان فێڵیان لە بریتانەکان، باسکەکان و بەکەمینەکراوەکانی دیکە کرد. بە بیانووی ئەوە کە زمان گرینگ نیە زمانی خۆیان نەتەنیا بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپاند بەڵکوو کارێکی ئەوتۆیان کرد کە ڕادەیەکی بەرچاوی ئەوانی دیکە زمانی دایکی خۆیان لە بیر بچێتەوە. ناسیۆنالیستی ئێرانی - فارسی یش کەمتاکورت هەر ئەم سیاسەتەی ڕەچاو کردوە و دەیکا، بە هەندێک جیاوازییەوە. بۆ نموونە دەڵێ: زمانی فارسی هی هیچ "قەوم"ێک نییە، لەبەر ئەوە هەموو دەبێت لە خزمەتیدا بن؛ بەڵام کوردی زمانی "قەوم-"ێکی دیاریکراوە، بۆیە ئەگەر ببێتە زمانی ڕەسمی، ئێران هەڵدەوەشێتەوە. ئاشکرایە لێرە گریمانەیەکی ئایدیۆلۆژاوی بناغەی ئەم تێزەیە کە دەڵێ: فارس قەوم نییە. کەچی وا نییە. فارس یەکێک لە قەومەکان یان نەتەوایەتییەکانی ئەو ناوچەیە بووە و ئێستاش هەیە. کە ئەمەت بینی، دەبینی کە تێزەکەی ناسیۆنالیستە فارسەکان دەڕووخێ و زمانی فارسی هیچ ڕەوایەتییەکی نامێنێ کە لەسەر زمانەکانی دیکە ئاغایەتی بکا یان خۆی بە زۆرتر بزانێ. کەواتە، بۆمان دەردەکەوێ هەموو ئەو زمانانەی کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرێ و ئاخێوانیان داوای مافی زمانیی دەکەن، مافی خۆیانە کە بەو مافە بگەن و هەموو ئەو دەرەتانەیان بۆ بڕەخسێ کە یارمەتییان بدا زۆرتر بەخۆدا بێن و ببنە زمانی زانست و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان.



سەرچاوە
Serchawe

**کاروان مێراوی**: پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات چییە و تاکوو چ ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە؟

**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: بەداخەوە شوێن بۆ وەڵامێکی تیۆروتەسەل نییە. بە کورتی؛ لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە پێنج خاڵ بکەم کە نیشان بدەین پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات چییە و تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر یەکترە:

١- زمان ڕەنگە خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتی نەبێ، بەڵکوو ئەو کاتە دەسەڵات پەیدا دەکا کە مرۆڤەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. لەم حاڵەتەدا زمان دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیی مرۆڤەکان وەدەردەخا.
٢- زمانێک چۆن دەنوێنێ و چ دەورێک دەگێڕێ، دەتوانێ دەسەڵاتی ئەو زمانە ئاشکرا بکا، بۆ نموونە زمانی ئینگلیسی خۆی لە خۆیدا هەر وەکوو هەموو زمانێکی دیکەیە، هیچ شتێکی لە زمانەکانی دیکە زیاد و کەم نییە، بەڵام بە حوکمی ئەو پێگەیەی کە ئێستە لە دنیادا هەیەتی، دەسەڵاتێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردوە و سیمبۆلی هێز و باڵادەستییە.
٣- زمان خاوەن دەسەڵاتە بەو واتایە کە دەتوانێ دەسەڵات بەهێزتر بکا، بۆ نموونە درێژە بە تەمەنی ڕەگەزپەرستی بدا بە درێژەدان بە زمان و چەمکگەلی ڕەگەزپەرستانە. بۆ وێنە، هەتا نووسەری فارس و کورد بنووسن "سرخپوست" یان "سوورپێست" ئەوە خەڵکانی خۆجێیی بە چاوێکی سووک هەڵداوێرن و بە شارۆمەندی دەرەجە دووی هەندێک وڵاتیان (وەکوو ئەمریکا) دادەنێن. ئەم فارس و کوردانە، چ حەز بکەن و چ حەز نەکەن گوتاری ڕەگەزپەرستانەی سپییەکانی ئەمریکا بەرهەم دەهێننەوە. "سوورپێست" جنێوێکی پیسە لە ڕوانگەی خەڵکانی خۆجێییەوە، بۆیە دەبێت بڵێین: خەڵکانی یەکەمی ئەمریکا، نەتەوەگەلی یەکەمی ئەمریکا، یان خەڵکانی خۆجێیی و خەڵکانی ڕەسەنی ئەمریکا (یان کەنەدا، یان ئوسترالیا.
٤- زمان هەم دەتوانێ نەتەوەیەک پارچە پارچە بکا و هەم دەتوانێ بیکاتە یەکپارچە .
٥- زمان دەتوانێ پێوەندیی مرۆڤەکان تێک بدا، باشتری بکا و کارتێکەریی لەسەر هەست و سۆزی خەڵک دابنێ. کورد گوتەنی: بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر. یان نێلسۆن مەندێلا گوتوویەتی: "ئەگەر کەسێک بدوێنی بە زمانێک کە تێی دەگا، ڕێت دەکەوێتە نێو مێشکی، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆی بیدوێنی، ڕێت دەکەوێتە نێو دڵی."

**کاروان مێراوی**: سپاس بۆ ئەوەی کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا.


**د. جەعفەر شێخولئیسلامی**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند تاکوو لەسەر مژارێکی گرنگ و هەستیار پێکەوە بدوێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی: پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو



### بەرایی:

**٧٥ ساڵ لەوە پێش سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بە بەخشینی سەر و گیانی خۆی، بەڵێنی گەورەی خۆی بە نەتەوەکەی بردە سەر. ئەگەرچی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژێکی تاڵ و کارەساتبارە، بەڵام هاوکات بوو بە ئیلهامدەری ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات تاکوو لە پێناو ئامانجە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا شێلگرانەتر درێژە بەو ڕەوتە خەباتەی ڕێچەی کۆمار و ڕێبازی ئێسەوا بن. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات لە دوای پێشەوا و شەهیدبوونی دەیان ئەندامی تری ڕێبەریی ئەم حیزبە بەڵگە ڕاستەقینەی ئەم ڕاستییەن.**

**کاروان مێراوی: لە یادکردنەوەی ساڵڕۆژی ساڵەی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا بۆ باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی نەمریان وتووژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهێناوە و سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**

**عومەر باڵەکی: کەسایەتیی کاریزماتیکی پێشەوا بە ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی "ژ - ک"دا گەشەی کرد. چۆن بوو دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە داوا لە پێشەوا کرد بێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟**

**بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان وێنای هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکە و بەتایبەتی شاری**



سەرچاوە
Serchawe

مەهاباد بکەین، ئەو کات بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە بەر چ هۆکارێک کۆمەڵەی ژێ - کاف داوا لە پێشەوا دەکات ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە و تەنانەت بەرپرسایەتیی ڕێکخراوەکەش بخەنە سەر شانی. لەو سەردەمدا بە هۆی هەبوونی سپای سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژاوای ئێران و بوونی سپای ئینگلیس و ئەمریکا لە باشووری ئێران، جۆرێک لە بۆشاییی دەسەڵاتی ناوەندی لە زۆر ناوچەی ئێران و بەتایبەتی لە موکریان ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەتا ڕادەیەک ئاڵۆزی و پشێوی ساز ببێت، لەو هەڵومەرجەدا قازی محەممەد بۆ پاراستنی شار (واتە مەهاباد) لە هێرشی عەشیرەتەکانی دووروبەر، خەڵکی هان دا بۆ کڕینی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆیان و بنەماڵەکانیان و بەگشتی پاراستنی شار. قازی محەممەد ئەو خەڵکەی ڕۆژانە لە شوێنێک کۆ دەکردنەوە و لەبارەی شێوەی پاراستن و بەرگریکردن قسەی بۆ دەکردن و شەوانەش خۆی سەردانی شوێنی ئێشکگرەکانی دەکرد، ئەمە بێجگە لەوە بوو کە ڕۆژانە لە دادگا دادەنیشت و بە کێشە و گرفتی خەڵک ڕادەگەیشت. بەو شێوەیە لەڕاستیدا شاری مەهاباد و دوروبەری بەتەواوەتی لە دەستی پێشەوادا بوو و کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە تەنانەت سەرۆک عەشیرەکانی ناوچەکەش ڕێزیان لێ دەگرت و لە قسەی دەرنەدەچوون.

هەربۆیە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ- کاف بەباشی هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵە پێویستیان بەوە هەیە کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێت و لەو تێڕوانینەشدا بە هەڵە نەچووبوون؛ چونکە هەر کە پێشەوا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ-کاف و دوای ماوەیەک وەک ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە لەنێو خەڵکدا دەرکەوت، خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستان و بە ایبەتی لە ناوچەی موکریان پەیوەست بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ - کاف بوون.

**کاروان مێراوی**: پێشەوا بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کامانە قۆناغی بڕی؟

**عومەر باڵەکی**: پێشەوا دوای ئەوە بە فەرمی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-کاف، هەستی بەوە کردبوو کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ-کاف لە کار و تێکۆشانی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاری ڕێکخراوەیی و بەتایبەتی ئەندامگیری و تەبلیغاتدا، دوا خراوە و زۆر بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەو شێوە کارە ناتوانێت وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە بێت، بە واتایەکی دی کۆمەڵەی ژ-کاف لە توانایدا نەبوو کە بتوانێت ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بە قازانجی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بقۆزێتەوە. بۆیە پێشەوا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە شێوازی سەردەمیانە دارشتەوە، حیزبەکەی پێشەوا کە خاوەنی بەرنامە و ڕێبەری بوو، بە شێوەی ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و هەموو وزە و توانای خۆی بۆ پتەوکردنی نێوماڵی کورد وەگەڕ خست، لە نێوخۆی کوردستاندا دەستی کرد بە کار و تێکۆشان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە هەمان کاتدا کەوتە وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دوڵەتانی زلهێز و

بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە ناوچەدا هەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرگی حیزبێکی مودێڕندا هەوڵی دا مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیستمێکی کۆماریدا وەدی بێنێت و بۆ ئەوە پێش دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی پێشەوا، هەموو ئەو پێویستییانەی کە دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانیی پێ دەناسرایەوە، وەک ئالا، سپای نیشتمانی، سروودی نەتەوایەتی و سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەیی ئامادەکارییان بۆ کردبوون. هەربۆیە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا هەموو ئەو هێمایانە دەبیندرێن و پێشەوا وەکوو سەرۆککۆماری کۆماری کوردستان وتاری پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

پێشەوا کەسایەتییەکی ئایینی بوو، ئەدی چ شتێک بوو بە هۆکاری ئەوەی کە نیشتمان و نەتەوە بخاتە پێش ئایینەوە؟ باسکردن و لێکدانەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە، چونکە زۆر لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا دەکرێت توێژینەوەیی ئاکادمیکی لەسەر بکرێت. ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستن و باس لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا دەکەن، هەموویان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پێشەوا لەو کاتەوە کە توانیویەتی بنوسێت و بخوێنێتەوە، لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەرگرتووە بۆ فێربوونی زانست و هەر ئەو هۆگرییەی بە زانستی سەردەم تواناکانی بە چەشنێک بردووەتە سەر کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە ماموستا ناسراوە. پاش تەواوکردنی زانستی ئایینی و ڕێپێدانی مەلایەتی، بە شێوەی مەلای مزگەوتێک نەجووڵاوەتەوە و لە حوجرە دانەنیشتوە، ؛ بەڵکوو چالاکانە خەریکی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕاپەرندنی کاری خەڵک بووە، خەمی گەورەی پێشەوا دواکەوتوویی نیشتمان و گەلەکەی بووە، هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتێک کەلکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی چەندی دەکرێت نەتەوەکەی لە زانست و پێشکەوتنی ئەو سەردەمە نزیک بکاتەوە، بۆ ئەو کارانەش کە دەیکردن چاوی لە هیچ پاداشتێکی ماددی نەبووە. بۆ نموونە بێ ئەوەی مووچەی مانگانە لە حکوومەتی ئەو کات وەربگرێت، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەریی فەرهەنگی مەهابادی گرتە ئەستۆ، بەردی بناغەی یەکەم نەخۆشخانەی لەو شارە لەسەر پارچە زەوییەکی خۆی دانا، هەروەها بە هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوا یەکەم قوتابخانەی خوێندن بۆ منداڵانی کچ و کوڕ لە شاری مەهاباد دامەزرا. لەو بارەوە باشترین نموونە گۆڤاری "هەڵاڵە"یە کە لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکات: "هەر لە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە، ئاکارێکی جوانی هەیە و لەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکات و بەتایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەڵە. زۆری علاقە بە تەرەقی و عیلم و زانست هەیە، لەبەر ئەوە لە تافی جوانیدا چەند ساڵ بۆ خۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابڵاغی وەعودە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بەتەواوەتی فێری نەسلی تازەکرد".

**کاروان مێراوی: کاک عومەر جەنابتان لە وتووێژێک لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا پێشەواتان بە کەسایەتییەکی تابۆشکێن پێناسە کرد، لەم بارەیەوە زیاتر باس بفەرموون؟**



سەرچاوە
Serchawe

**عومەر باڵەکی**: ئەوە کە دەڵێین پێشەوا تابۆشکێن بووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژایەتیی هەندێک دابونەریتی کردووە کە بەربەست بوون لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لەسەردەمی ئەو کاتدا کە هێشتا سیسەتمی عەشیرەیی و کۆمەڵێک دابونەریتی دواکەوتووانە باڵیان بەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەدا کێشابوو، پێشەوا بێ گوێدان بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستان لەگەڵ خەڵکی بیانی و غەیرە دینان هەستان و دانیشتنی هەبووە، هاتوچووی کردوون و لێیان فێری زمان و دابونەریتی ڕۆژاوایی بووە. بێجگە لەوە ئەو کارانەی پێشەوا لەو سەردەمدا کردنی نەک لە ئێران، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نموونەی نەبیندراوە، وەک: بە ناچاریکردنی خوێندن بۆ منداڵان بەبێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی، یان خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی و کەڵکوەرگرتن لە خوتبە بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا. یان دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوەی کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی کاری سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان. هەروەها ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان.

**کاروان مێراوی**: ڕەهەندێکی دیکەی دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا لە دادگاییکردنەکەی و بەرگرییەکانی بوو، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟

جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێم کە بەپێی ئەو بەڵگانەی هەتا ئێستە کەوتوونەتە بەردەست، ئەو بەناو دادگایە هیچ پێوەرێکی دادوەرانەی بۆ دادگاییکردن تێدا بەدی نەکراوە. یەکەم ئەو دادگایە بەپێی ئەوەی کە دادوەر و دادئەستێنەکانی هەموو سەبازی بوون، کەواتە دادگاکە سەربازی بووە، لە کاتێکدا پێشەوا و هاوڕێیەکانی هیچ کامیان کەسایەتیگەلێکی سەربازی نەبوون و لە بەرەی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوون؛ تەنانەت هیچ بەڵگەیەک بە دەستی ئەو دادگایەوە نەبوو کە پێشەوا لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیشیدا وەک سەرۆککۆمار فەرمانی هێرشی بۆ سەر هێزە سەربازییەکانی ئێران دەرکردبێت، بۆیە پێشەوا هەر لە سەرەتاوە لەهەمبەر سەڵاحییەتی دادگا ناڕەزایەتی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەو دادگایە سەڵاحییەتی نییە، چونکە ئەوان کەسی مەدەنین و ئەگەر هەر دادگایی دەکرێن، دەبێت لە بەردەم دادگایەکی مەدەنیدا وڵامدەر بن.

ئەوەی کە دەوترێت پێشەوا دادگای دادگایی کردووە، تەنیا قسەیەک نییە لەخۆڕا کرابێت، بەڵکوو ئەوە بەڵگەیەکی مێژووییە لە ئازایەتی و بوێریی پێشەوا کە لەو کات و ساتە دژوارەدا چارەنووسی ژیانی خۆی و برا و ئامۆزاکانی بەند بوون بە هەڵسوکەوتی ئەو لە بەرانبەر ئەفسەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کە بە ڕواڵەت لەسەر کورسیی دادگا دانیشتبوون و



سەرچاوە
Serchawe

پێشەوا و هاوڕێیەکانیان دادگایی دەکردن، بەڵام پێشەوا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەسەرکردنی بە چارەنووسی خۆیانی دەزانی و دەیزانی کە مەرگ چاوەڕوانیانە، کەچی بەو حاڵەش لە هەر دوو جار دادگاییکردنیدا و لە هەموو ماوەی بەندیخانەدا لەبەر دوژمن نەپاڕایەوە و داوای بەخشینی نەکرد؛ بەڵکوو ئازایانە بەو سوێندە وەفادار مایەوە کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە بەردەم ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خواردبووی. پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێت، بەڵکوو جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانە دادگایی دەکرێت، ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانە کە دادگای سەربازی بە تاوانیان دادەنێت؛ هەربۆیە وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و وەفادار بە ئامانجەکانی لە دادگا و لە بەرانبەر ڕاسپێردراوەکانی شادا ڕاوەستا و ئازایانە بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد.

**کاروان مێراوی: دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەن؟**

**عومەر باڵەکی**: بۆ نموونە، پێشەوا لە وەڵامی داواکاری گشتیی سەبازیدا کە دەڵێت بۆچی نەڕۆیشتی و مەهابادت جێ نەهێشت، دەبێژێت: یەکەم لەبەر بەڵێنێک کە داومە بە نەتەوی خۆم و پەیمانم داوە لەنێویاندا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی بەر بە خوێنڕێژی بگرم و تەنیا لەبەر زیندوومانەوەی من، کۆمەڵکوژی نەکرێت. سێهەم ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من لەنێو دەبرد. باشترین نموونەش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بێجگە لەوانەی کە باسمان کردن، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی سەروان شەریفی کە حکوومەتی پاشایەتی وەک پارێزەری تەسخیری بۆ پێشەوا دیاریی کردبوو بکەین. دیارە ناوبراو لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگا ڕواڵەتییەکەدا بەشدار بووە، بەڵام نە ڕێگەی ئەوەی پێ دراوە کە دەستی بە پەڕاوەکانی دادگا ڕابگات و نە ڕێگەی پێ دراوە کە لە پێگەی پارێزەردا بەرگرییەکانی خۆی پێشکەش بکات، تەنانەت لە سۆنگەی گێڕانەوەکانی دادگاوە نەیانهێشت پلەی سەربازیی بچێتە سەرەوە، لە کاتێکدا ئەو ساڵە ساڵی بەرزکردنەوەی پلەکەی بوو. ناوبراو ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (دە ساڵ دواتر) لەسەر پێشەوا و دادگاییکردنەکەی ئاوا دەدوێت: "بەداخەوە بۆ قازی محەممەد، ئەو پیاوە گەورە و دانایە، قازی محەممەد لە بەردەم دادگادا بەوپەڕی ژیری و بێ ترس دەدوا. لەڕاستیدا ئەوە ئەو بوو دادگای دادگایی دەکرد"...

**کاروان مێراوی: کەواتە لەخۆڕا نییە کە د. قاسملوو دەفەرموێ پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو؟**

**عومەر باڵەکی**: ئەوە کە شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو فەرمووی پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بە پێی هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان بەتەواوەتی ڕاستە، چونکە چەندی بە ناخی ئەو مێژووەدا دەچیە خوارێ، کەسایەتیی پێشەوا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە زیاتر و زیاتر بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستانی

نزیک بە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش وێنا دەکەی کە هێشتا زانستی سەردەم بەو شێوە بەربڵاو ڕووی تێ نەکردوە، قوتابخانەکان دانەمەزراون، ڕایەڵکەی عەشیرەیی بە هەموو یاسا و ڕێساکانی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، دنیای دەرەوە بۆ تاکی کورد نامۆیە و کەمترین زانیارییان لە دەرەوی کوردستان هەیە و زۆر بابەتی دیکەی بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کە زاڵن بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام دەبینین کە پێشەوا لە سەردەمدا هەر وەک باسمان کرد بۆ فێربوونی زمان و زانست گوێ بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستانی ناوچەکە نادات و ڕووی لە خەڵکی بێگانە و غیرە دین کردووە و توانیویەتی بە زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی قسە بکات. ئەو باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و دەنگی خەڵک و ڕاوێژ هەبووە و لە دنیای سیاسەتدا کەسێکی ڕیئالیزم بووە و هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستییەکان دانەناوە، هەموو کات ویستیاری یەکیەتی و تەبایی نێوماڵی کورد بووە و هەموو هەوڵێکی داوە یەکیەتیی نەتەوەیی لە کوردستان پێک بهێنێت. جیا لەوانە بە دەیان تایبەتمەندیی دیکە پێشەوای لە کەسانی سەردەمی خۆی جیا کردووەتەوە، بۆیە د. قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا دەیەوێت بە واتای ڕاستەقینە کەسایەتیی پێشەوا بۆ نەوەکانی داهاتوو نیشان بدات: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا. ... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لەنێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخویندەواردا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو. بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو، لە هێنانەگۆڕ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێ دابوو."

**کاروان مێراوی**: زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

**عومەر باڵەکی**: ئێوەش ماندوو نەبن کە بایەخی تایبەتیتان بەو بابەتە دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە



**بەرایی:**

**کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٦ ساڵ پێش، سەربەخۆیی خۆی و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاندووە و دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار دەستی لە خەبات هەڵنەگرتووە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پاش کۆماری سەربەخۆی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی هەنووکەیی، دروشمی خودموختاری و دواتریش فیدرالیزمیان دەستنیشان کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بەرزتر دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم پرسە چۆن لێک دەداتەوە و چۆن لە داهاتووی سیاسیی ئێران دەڕوانێت؟ خوێندنەوەی بۆ ستراتیژیی هەنووکە و پرسی سەربەخۆیی چییە؟ "کوردستان" لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بابەتەی تاوتوێ کردووە و سەرەنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین.**

**کاروان مێراوی: کاک مستەفا با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزرانی حیزب، پێتان وایە کە دروشمی ستراتیژیی ئێستەی حیزب لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگونجێت؟**

**مستەفا مەولوودی: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەناوی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دامەزراوە و هەمیشە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیی پێش هەموو شتێک داناوە و مێژووش ئەوە شاهیدییەمان بۆ دەدات. ئەوەی کە بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ و ئامانج بووە، بەدەستەوەگرتنی جڵەوی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی بووە. هەر لە**

سەرەتاشەوە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی دوای قازی محەممەد لە حیزبی دێموکراتدا ئاگاداری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بۆ دەستەبەری ئامانجەکانی ئەم گەلە خەباتیان کردووە. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر ئەو باسەی کە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی ئێستەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلێتیکی ناوچە و هەڵکەوتەی ڕۆژهەلاتی کوردستان؛ ژیرانە، واقعبینانە و بەرپرسانەیە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ستراتیژیی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندییشدا بە ڕێژەی خۆی بەشداریی کارای لە بەڕێوەبردنی وڵاتی ئێراندا هەبێت، لە هەموو ئاستەکاندا ژیرانەیە.

من پێم وایە ئەو دروشمە ژیرانەیە جێگای پەسند و پشتگیریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە، لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی ناوچە و ئێران لەچاو ٧٦ ساڵ لەوەپێش گۆڕانێکی ئەوتۆ و تایبەتی بەسەردا نەهاتووە. خەڵکی ئێران و کوردستانیش ئێستە زیاتر دەرک بە پێکەوەژیانی دێموکراسییانە دەکەن، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەنگە بەهێزە و کورد مافی خۆیەتی خاوەنی کیانی تایبەت بە خۆی بێت، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکیان بەوە کردووە کە دروشمی حیزبی دێموکرات بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر بۆیە لەو بارەوە نەک ڕوویان لە حیزب وەرنەگێڕاوە، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئەو دروشمە گونجاوەی ئێستەی حیزب پشتگیریشی دەکەن.

**کاروان مێراوی**: باشە، دروشمی ستراتیژیی حیزب چەندە لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوشی نێوخۆی ئێران گونجاوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو چەمکانە ڕێژەیین و دوگم نین، بەڵام ئەگەر وڵاتی ئێران وەکوو تابلۆیەک بێنینە بەرچاومان، دەبینین کە دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە و لەگەڵ ڕەوشی نێوخۆیی وڵات و ناوچەکە گونجاوە. ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە، پێکهاتەی دانیشتووانی فرەچەشنە و پێکهاتەیەلی فرە نەتەوەیی، فرە ئایینی و تەنانەت فرە فەرهەنگیی هەیە؛ جیا لەوەش لە باری ژێئۆپۆلێتیکەوە ئێران لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژیی جیهان هەڵکەوتووە، دەوری وڵاتانی زلهێز ئێستەشی لەگەڵ بێت لەو وڵاتەدا حاشاهەڵنەگرە. هێزێکی سیاسیی کارای وەکوو حیزبی دێموکرات بە ئەزموونی ٧٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ناکرێت ئەو فاکتەرانە و زۆر فاکتەری دیار و نادیاری دیکە بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی ئێران لەبەرچاو نەگرێت و ستراتیژیی خۆی لەسەر دانەڕێژێت.

من پێم وایە ئەگەر بەبێ دەمارگرژیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لەو ستراتیژییەی حیزبی دێموکرات بڕوانین و بەپێی ویستی گەلانی دیکە لەپێناو دەستەبەرکردی مافی بەرانبەر و وەک یەک بۆ هەمووان لە ئێراندا کاری بۆ بکرێت، وڵاتی



سەرچاوە Serchawe

ئێران لە زۆر قەیرانی گەورە ڕزگاری دەبێت؛

**یەکەم**: دێموکراسی لەو وڵاتە چێ دەبێت و خەڵک مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەدی دێن.
**دووهەم**: ئەمنییەتی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە دەپارێزرێت و وڵاتی ئێران لە هەڕەشە و چاوی تەماحی نەیارانی پارێزراو دەبێت.
**سێهەم**: جێگرتوویی و سەقامگیریی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری بۆ خەڵکی ئێران دروست دەبێت.
**چوارەم**: خەڵکی ئێران بەگشتی وەکوو هاووڵاتیی دڵسۆز و بەرپرس خۆیان لەو وڵاتەدا دەبیننەوە و بۆ گەشەی وڵات زیاتر تێ دەکۆشن و وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دواجار حکوومەتی دێموکراتیکی ئێران دەبێتە حکوومەتی خاوەن کاریگەر لە ناوچەکەشدا. بۆیە دروشمی ستراتیژیی حیزب کە باس لە وەدیهاتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ مانەوەی ئەو ئێرانە دەکات، زۆر واقعبینانە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەنووکەی ئێرانیشە.

**کاروان مێراوی: تاکوو ئێستا چ هەنگاوێک بۆ تیۆریزەکردنی دروشمی ستراتیژیی حیزب هەڵگیراوە و ئەو فیدراڵیزمە کە حیزب کردوویەتی بە بنەمای ستراتیژیی خەباتەکەی، چییە و چۆنتان پێناسە کردوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی کە دروشمێک هەڵدەگرێت بۆ دەستەبەرکردنیشی تێ دەکۆشێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە کارکردن بۆ ئەو دروشمە کەمتەرخەم نەبووە. ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات بکەین باشترمان بۆ دەردەکەوێت کە حیزب بۆ ئەو مەبەستە چەندە تێکۆشاوە و زۆر و کەم شوێندانەریشی هەبووە، ئەوەش هەست پێ دەکرێت. بەڵام دەزانین لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کارکردن بۆ دروشمی لەو چەشنە چەندە دژوارە.

ئێران لە مێژووی خۆیدا حکوومەتی دێموکراتیکی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە هەمیشە بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی نەتەوە و گەلانی ئێران بەڕێوە چووە، بۆیە کار بۆ کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان نەکراوە. لە نیزامی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچ بەستێنێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە دێموکراسی دروست نەکراوە، بەڵکوو پڕۆپاگەندەی ئەوان بە جۆرێک بووە کە ئەگەر دەرفەت بە پێکهاتەکان بدرێت ئێران دەبێتە ئێرانستان. ئەوە لەنێو خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەنێو بژاردەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە ئەو ڕوانگەیە لەنێو خەڵکی جیا لە پێکهاتەکاندا لە ئێران دروست بووە کە دەوڵەتی بەهێز و ناوەندگەرا دەتوانێت ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی بپارێزێت. بەڵام کار و تێکۆشانی هێزە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، گۆڕانی بەرچاوی لە خوێندنەوەی خەڵکدا دروست کردووە کە باوەڕیان بە نیزامی دێموکراتیک هەبێت و ئەوەش وای کردووە کە لە ئێستەدا کەم نەبن ئەو هێزە سیاسییانەی کە سەقامگیریی وڵاتی ئێران لە نیزامی



سەرچاوە
Serchawe

فیدرالیدا دەبینن. ئەگەر ڕوونتر بڵێم؛ فیدرالیزمێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئێران خوازیاریەتی، زۆر ڕوونە. پێکهاتەکان لە هەرێمی خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری بن و لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندیدا لە هەموو جومگەکان و وەکوو یاسای کارگێڕی، دادوەری، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداریی کارایان هەبێت کە ئەوە دەبێت لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بە ڕوونی دیاریکراو بێت.

خۆتان دەزانن دوو حەوتوو لەوەپێش ناوەندی ڕاپرسیی "گمان" ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاو کردەوە کە لەودا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٢٠ هەزار ئێرانی (کە نیزیک بە ١٧ هەزار کەسیان لە نێوخۆی وڵات بوون) بەشدار بوون و لەو ڕاپرسییەدا ١٢ لەسەد لە خەڵکی ئێران خوازیاری سیستەمی فیدراڵی بوون بۆ وڵاتەکەیان. ئەمە ئەگەر بەگشتی وەڵامی تەواو و بارتەقای خەبات بۆ دێموکراسی لەو وڵاتە دیکتاتۆرییەدا نییە، بەڵام ئەو پەیامە ڕوونەشی تێدایە کە ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئەو ئامادەییە لەنێو خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتەدا هەیە.

**کاروان مێراوی:** هێزە کوردییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات لە چەند هاوپەیمانی و بەرەدا بەشدارن کە ئامانجەکەی ئێرانی فیدراڵە، تاکوو چەند لایەنە سیاسییە فارسەکان بۆ ئەو ئامانجە هاتوونەتە پێش؟

**مستەفا مەولوودی:** من پێم وایە ئەگەر دەرفەت هەبێت و حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، زۆربەی دانیشتووانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بەیەکەوە وڵاتی ئێران بەڕێوە بەرن، بەڵام ئەگەر بە ڕوونی وەڵامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە، حیزبی دێموکرات لە هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "شۆرای دێموکراسیخوازان" و "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران" ئەندامە و لەو هاوپەیمانییانەدا بەشدارە. لەنێو ئەو هاوپەیمانییانەدا ڕێکخراو و کەسایەتیی جۆراوجۆری تێدایە بە فارسەکانیشەوە، جیا لەوانە زۆر کەسایەتی و ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێرانی هەیە، وەکوو هاوپەیمانی حیزب لەگەڵیان لە هاوپەیمانییەکی دیاردا نییە، بەڵام کە تەرجەمەی سیاسەت و تێڕوانینیان دەکەی بۆ داهاتووی ئێران، ئەوانیش تێ دەکۆشن لە ئێرانی داهاتوودا سیستەمی بەڕێوەبەری دێموکراتیک و لامەرکەزی هەبێت و پێکهاتەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی وڵات و ناوچەی خۆیاندا بەشداریی کارایان هەبێت، ئەوەش هەرچەندە خواستی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دابین ناکات، بەڵام خۆی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ ئێرانی داهاتوو. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی فیدراڵی خۆی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق فیدرالیزم لە هەموو وڵاتان وەکوو یەک جێبەجێ بکرێت. هەلومەرجی ناوچەکە و وڵات، کولتووری جیاوازی پێکهاتەکان و لامەرکەزیی هەموویان دەور دەبینن، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە ئەو جۆرە لە سیستەمی حکوومەتێکی ئەزموون نەکراوە و خەڵکی ئەو وڵاتە پێی ڕانەهاتوون. بۆیە نابێت یەک ڕۆژە چاوەڕوان بین باشترین نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت، بەڵکوو پێویستە کاری بۆ بکرێت، کاتی بدرێتێ و فەرهەنگسازیی بۆ بکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

**کاروان مێراوی:** ئەو یەکیەتییەی لەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییانەدا باسی لێ کراوە و بناغەی ئێرانی فیدراڵی داهاتووی لەسەر دارێژراوە، ئایا یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانەیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەگەر هەر کام لە نەتەوەکان بیهەوێ داوای سەربەخۆیی بکات، هێرش نەکرێتە سەری؟

**مستەفا مەولوودی:** دروستکردنی نیزامی فیدراڵی لەنێو گەلان و پێکهاتەکاندا حەتمەن دەبێت ئارەزوومەندانە بێت. نیزامی فیدراڵی ئەگەر ئارەزوومەندانە نەبێت، هەر نایەتە ئاراوە و دروست نابێت. هەر سیستەمێکی فیدراڵی بەپێی یاسای بنەڕەتی کە دەنووسرێتەوە، چوارچێوەی نیزامی فیدراڵ و مافی پێکهاتەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دیاری دەکات، هەروەها نەخش و دەور و کاریگەریی پێکهاتەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی هەرێمی خۆیان لە دەوڵەتی فیدراڵی یان بەشداریان لە دەوڵەتی ناوەندیدا بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە و وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نێوان خەڵک، پێکهاتەکان و دەوڵەت لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵیدا دەنووسرێتەوە. ئەگەر هەموو پێکهاتەکان پایەبەندی ماددە و بەندەکانی یاسای بنەڕەتی بن، یاسا وەک ئەوەی کە هەیە و لە سەری ڕێک کەوتوون جێبەجێ بکرێت، ئەمن پێم وایە ئەو گریمانانە دەڕەوێنەوە، چونکە لەڕاستیدا نیزامی فیدراڵی بۆ بەیەکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانە؛ نەک بۆ دابڕان و لێک جیابوونەوە.

بەڵام بۆ ئەوە کە چ گەرەنتییەک هەیە، لە ڕوانگەی منەوە تەنیا گەرەنتی پێبەندبوون بە یاسای بنەڕەتیی وڵات، بە ڕەچاوکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکرێت، ڕەنگە شتی وا ڕوو نەدات. بەڵام بۆ حاڵەتی وا دروستە لە یاسای بنەڕەتیدا ئەوە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر بە هەر هۆیەک پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتە ئارەزوویان کرد کیانی سیاسیی سەربەخۆیان هەبێت بە یاسای بنەڕەتی و بەپێی مێکانیزمی دێموکراتیک دەبێت ڕێگەپێدراو بن. بەڵام لەڕاستدا من ئەو ئامادەییە لە حاڵەتی ئێستەدا بۆ پێکهاتەکانی ئێران زۆر بە زەحمەت دەبینم، بەڵام سروشتییە نەتەوەیەک ئەگەر لە نیزامێکی سیاسیدا وستەکانی نەیەتە دی، خەباتی بۆ دەکات.

**کاروان مێراوی:** هتا دێ پرسی سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆخ و تۆختر دەبێتەوە و نەک هەر لەنێو توێژی ڕووناکبیر، بەڵکوو لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە؛ ئەگەر ویستی سەرەکیی خەڵک لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا سەربەخۆیی بێت، حیزبی دێموکرات چ پلانێکی بۆ ئەو ویستە دەبێ و ئەو هەڵە چۆن دەقۆزێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی:** ئەوەی کە لەنێو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی سەربەخۆییخوازی تۆخ و تۆختر دەبێت ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە و لە مێژووشدا خەڵکی کوردستان بۆ سەربەستی خەباتی کردووە. من لام وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت هێزێکی شوێندانەری وەک حیزبی دێموکرات بەتەواوی دەرکی بەوە کردووە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەڵێت ئامانجی ئەو حیزبە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی

چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەگەر وایە ئەوە بە هیچ جۆرێک لە خوێندنەوە و ڕوانگەی حیزبدا ون و شاراوە نەبووە و نییە.

سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتکردندا یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرەکانی بایەخدان بە ڕوانگە و ویستی خەڵکە. ئەگەر وا نەبێت ناتوانێت گەشە بکات و ببێتە حیزبی خەڵکی و جەماوەری، بەڵام خۆ حیزبی سیاسی هەر ئەرکی ئەوە نییە تەنیا گرینگی بە ویست و ئارەزووەکانی خەڵک بدات؛ بەڵکوو پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بڕوانێتە بابەتەکان و حیساب بۆ ژئۆپۆلێتیک و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و هەرێم و ئەو وڵاتەش بکات کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدا، خوێندنەوەی واقعبینانەی بۆ زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان هەبێت، ئەوەش بە وردی بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە.

**کاروان مێراوی**: بە ڕوونی حیزبی دێموکرات چۆن لە بابەتە دەڕوانێت؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە حیزبی دێموکرات لەو بارەوە کەمیی نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی دانی بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هێناوە، بە پیرۆزیشی دەزانێت. ئەوە لە سیاسەتی فەرمیی حیزبدا بە ڕوونی دیار و حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچە، زەرفییەت و دەرفەت و تواناکانی ئەو حیزبە هاتووە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان دروشمێکی واقعبینانەی هەڵگرتووە و ستراتیژیی دروستی داڕشتوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکان لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە و تێچووی ئەو خەبات و تێکۆشانەشیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. ئەمن لام وایە هیچ کات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ویستی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و ستراتیژی و دروشمی حیزبی دێموکرات نایەتە ئاراوە؛ حیزبی دێموکرات ئەو باگگراوند و زەرفیەتەی هەیە و ئەگەر هەلومەرجی وا بێتە ئاراوە بە جۆرێک ستراتیژیی خۆی دادەڕێژێت کە جێگەی پەسن و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بێت و لەوە سڵ ناکاتەوە. بە واتایەکی دی نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە، بۆ نموونە هەموومان دەزانین کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، دروشمی حیزبی دێموکرات، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو و لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب ئەو دروشمە گۆڕاوە بە دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێراندا.

**کاروان مێراوی**: د. قاسملوو نزیک بە سێ دەیە پێش لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و لە زۆر وتووێژی دیکەشدا دوتوویەتی؛ "گەرەنتیی ئەوە ناکرێ کە نەوەکانی داهاتوو خۆدموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن". پێتان وا نییە ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە ئالوگۆڕ بەسەر دروشمی ستراتیژیی حیزبدا بێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسیی شارەزا و کۆمەڵناسێکی وردبین بوو و لەسەر ئەرزی واقع سیاسەتی کردووە. ئەو کات کە ستراتیژیی سیاسیی حیزبی داڕشتووە و ئەوە دروشمەی بۆ حیزبی دێموکرات دەستنیشان کردووە، زۆر بە جوانی دەرکی بە ڕاستییەکان کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران و کوردستان، سیاسەتی بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە کردووە و لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە شێوەی کیانێکی سەربەخۆ و تەواو هەبووە. ئەوەش کە وتوویەتی گەرەنتیی ئەوە ناکرێت کە نەوەکانی داهاتوو خودموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن هەر لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت. دوکتور قاسملوو کەسایەتیی سیاسیی سەردەمێک بووە و وای لێک داوەتەوە کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بۆ ئەو کات گونجاو بووە، بەڵام مەرج نییە بۆ نەوەکانی داهاتووش گونجاو بێت، بەتایبەت بەڕێزیان زۆر باش دەرکی بەوە دەکرد کە دنیا لە گۆڕانکاریدایە و ئەو ئیمکانە بەهێزە لە داهاتوودا زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان بگۆڕدرێن و هەلومەرج بە جۆرێک بێت کە کورد بتوانێت یان بیهەوێ بە شێوەیەکی دیکە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات. ئەوە هەر لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوودا ڕووی داوە و ئەگەر بۆ ماوەی نیزیک بە سی ساڵ دروشمی حیزبی دێموکرات "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا حیزبی دێموکرات ئەو دروشمەی گۆڕی. جیا لە حیزبی دێموکرات، چەند حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەی ئێران ئێستە ئەو دروشمەیان بەرز کردووەتەوە و هیچ دوور نییە لە داهاتوودا گۆڕان لەو دروشمەشدا بێتە ئاراوە.

**کاروان مێراوی**: هەر وەک دەزانن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا فیدراڵیزم بە پرسی نێوخۆیی وڵاتان دادەنرێت و پرسی کوردیش بەپێی پێوەرە نەتەوەییەکان، پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییە. بە بۆچوونی بەڕێزتان بە مەبەستی ڕاکێشانی پاڵپشتیی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، باشتر نییە لەباتی فیدراڵیزم مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێت بە بنەمای ستراتیژیی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەگشتی؟

**مستەفا مەولوودی**: پرسی کورد بە دوو خوێندنەوە دەتوانێت پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بێت، هەروەها دەتوانێت پرسی نێوخۆی وڵاتێک دیاریکراویش بێت. بۆ؟ یەکەم؛ کوردستان و خەڵکی کوردستان بەداخەوە بەبێ ئیرادەی خۆی بە سەر چوار وڵات و زیاتریشدا دابەش کراوە، نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و بە ڕادەیەکی زۆر دابەش دابەش کراوە، بەو خوێندنەوەیە کە نەتەوەیەک لەنێو چوار وڵاتدا بەش کراوە پرسێکی نێونەتەوەییە و مادام لەنێو چوار دەوڵەتی قانوونیدایە پرسێکی نێو دەوڵەتانیشە. بۆیەشە هەر بزووتنەوە و چالاکی لەنێو ئەو نەتەوەیەدا لەنێو ئەو دەوڵەتانە بێتە ئاراوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە باری سیاسی و ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە، هەر ئەوەش بەداخەوە پرسی کورد زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆز کردووە. بەڵام بە خوێندنەوەی قانوونی دەبێت پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتەکان بە جیا و وەکوو پرسی سەربەخۆی کورد

لەو وڵاتە ئەژمار بکرێت و خوێندنەوە بۆ بکرێت و پرسی گەلی جۆراوجۆری خەڵکی ئەو وڵاتەش لەسەر پرسی کورد کاریگەریی هەیە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی حکوومەتی لەو وڵاتانە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتەکان لەنێو ئەو وڵاتانە و بەیەکەوەیە. بۆیە لێرەدا واقعبینانە دەبێت پرسەکەدا ببینین و سەیری بکەین. خوێندنەوە لە سیاسەتی حیزبەکانی شوێندانەر کە پرسی کوردیش لە هەموو بەشەکان هەر بەو جۆرەیە و کەوتوونە نێو گەمە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە، حیزبی دێموکراتیش بە دروشمەکەیەوە دیارە هەر وای سیاسەت کردووە و دەیهەوێت لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا چارەسەری پرسی کورد بکرێت.

ئەمن لام وایە لە هەلومەرجی ئێستەدا ئەو ڕێگایەی گیراوەتە بەر دروستە کە کورد لە هەر کام لە بەشەکان کار و تێکۆشانی سیاسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەو بەشەدا، جا بە هەر جۆرێک هەلومەرج دەرفەتی پێ بدات، بەو شێوەیە ویستەکانی داوا دەکات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئێستە تێیدا دەژی، جا بە شێوەی لامەرکەزی بێت، خودموختاری و ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. بۆ ئەوەش دەکرێت هەرێمی کوردستان لە باشوور وەکوو نموونە بهێنینەوە کە تەنانەت بیر لەوە کراوەتەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆمیشەوە بە ئاشتییانە بە سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی خۆیان بگەن، بەڵام ئەگەر لە ئێستەدا کورد لە هەموو بەشەکان بۆ ئەو ویستە خەبات بکات ڕەوایە، حەقە، بەڵام لام وایە چالنج و کۆسپی زۆر دێتە سەر ڕێگە و ڕەنگە لەبەری دەرنەچێت، جیا لەوەش هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمیش بۆ ئەوە وەکوو پێویست گونجاو و ئامادە نییە.

**کاروان مێراوی**: لە فەسڵی یەکەمی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا ئاماژە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک - فیدراڵدا کراوە، چۆن دەکرێت حکوومەتێکی کۆماری لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا پێک بهێندرێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو دروشمە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتدا پەسند کراوە. لە ڕوانگەی منەوە مادام لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا شکڵ و شێوەی حکوومەتی هەرێم لە کوردستان پێناسە دەکات کێشەیەکی یاسایی و حقووقی دروست ناکات، لەبەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەی پەسندی کردووە لە چوارچێوەی نیزامێکی فیدراڵیدا دەستنیشانی شکڵی حکوومەتی کوردستان دەکات لە شێوەی کۆماریدا، ئەوەش لە دەورانێک لە مێژوودا لە کاتی یەکیەتیی سۆڤییەتدا نموونەی هەبوو و لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی یەکیەتیی سۆڤییەتدا ١٥ کۆماری خودموختار هەبوون و کێشەیەکی سیاسی و حقوقیشی بۆ ئەو وڵاتە دروست نەکردبوو. یانێ یەکیەتیی سۆڤییەت بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو و لە نەتەوە یەکگرتوویەکاندا یەک نوێنەری فەرمیی هەبوو، بەڵام لە نێوخۆیدا ١٥ کۆماری هەبووە و لەنێو

ئەو کۆمارانەدا ناوچە و هەرێمی خودموختار و خۆبەڕێوەبەری دیکەش هەبوون. کەوایە ئەوە شتێکی ئەزموونکراوە و هیچ کێشەیەکی حقوقی دروست ناکات.

**کاروان مێراوی**: کاک مستەفا وەک پرسار کۆتایی؛ بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی بەردەم، ئاسۆی پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوو چۆن دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی**: مێژووی کورد پێمان دەڵێ کە بە درێژایی مێژوو کورد بۆ مافەکانی خۆی خەباتی کردووە و ئەو نەتەوەیە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێک لە تێکۆشان نەوەستاوە، ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە سەرەڕای هەموو دژوارییەکان سەلماندنی کورد و خەبات و ویستە ڕەواکەی بووە. پرسی کورد لە ئێستەدا لە هەموو کات زیاتر وەکوو بابەتێکی هەستیار لە ناوچەکەدا وەک فاکتەرێکی بەرچاو خۆی دەرخستووە و لە هەموو بەشەکاندا بزووتنەوەی ڕەسەن و هەمەچەشنی کورد لە ئارادایە. لە بەشێکی کوردستان واتە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بابەتە زۆر دیار و هەستیارە، بە جۆرێک پێوەندی پەیدا کردووە بە بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی وڵاتی عیراق و سوورییە و لەنێو دەوڵەتەکان و تەنانەت هاوپەیمانان کاری لەسەر دەکەن. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئاستی دیار و بەرچاو لە ئارادایە.

خۆ ئەگەر بە ڕوونییش بێینە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند هۆکار پرسەکە هەستیارتر و دیارترە. خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لە خەباتدان و ئەو خەباتەش هەمەچەشنە، بەتایبەت خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات پڕ دیارە. کورد ئێستە خاوەنی هێزی سیاسیی بەئەزموون و بەتوانا و بە بەرنامەیە کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر ئەوە وای کردووە و ئەو ڕاستیە بۆ زۆر لایەن دەرکەوتووە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسیتر و بەرچاوڕوونتر بۆ داهاتوو دەڕوانن. بێجگە لەوەش هەلومەرجی ئێران زۆر هەستیار و قابیلی گۆڕانە، بۆیە ئومید زیاترە لە جاران بە ئەوەی کورد لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوامی خۆی بە ئامانجەکانی بگات کە هیوادارم هەرچی زووتر خەباتی پڕتێچووی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

**کاروان مێراوی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە سەرەڕای پڕکارییەکانی ڕۆژانەتان کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

**مستەفا مەولوودی**: دەستی ئێوەش خۆش بێت و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## چرۆ ئەردەڵان: داخوازیی مامۆستایانی کورد جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ ناڕەزایەتیی مامۆستایانی ئێران هەیە



**بەرایی:**

**سالأنێکی زۆرە لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی داگیرکراو لە ئێرانی سیاسیی هەنووکەدا مامۆستایانی قوتابخانەکان لەسەر پرسە جیاوازەکان و بەتایبەت لەسەر نادادپەروەریی خوێندن بە شیوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و ئەم ناڕەزایەتییانەش لە کوردستاندا زۆرتر و بەرچاوتر بووە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش وەکوو نەریتی هەمیشەیی خۆی لەجیاتی گوێدان بە مامۆستایان و هەوڵی چارەسەریی کێشەکانیان، لە هیچ جۆرە سەرکوت و هێرشکردنە سەر مامۆستا ناڕازییەکان دەستپارێزیی نەکردوە. لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا کە ناڕەزایەتیی مامۆستایان جارێکی تر دەستی پێ کردۆتەوە، بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا دەستبەسەر کراون کە ڕێژەیەکی زۆریان کورد بوون. هەروەها بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانیش تەنیا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا) لە ٢٢ی جۆزەردان تاکوو ٢ی پووشپەڕ) ٤٨ مامۆستا لە شارەکانی سنە، سەقز، دیواندەرە و مەریوان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کران. "کوردستان" بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەم پرسە وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو "چرۆ ئەڕدەڵان"، مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:**

**کاروان مێراوی: خاتوو چرۆ باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ دەکەین؛ داخوازیی سەرەکیی مامۆستایان چییە و ئامانج لەم مانگرتن و ناڕەزاییەتییانە چین؟**

**چرۆ ئەردەڵان: سەبارەت بە داخوازیی مامۆستایان ئەبێ ئاماژە بە مێژووی ئەم خۆپیشاندانانە بکرێت. لە ساڵی ١٣٧٨ی**

هەتاویدا، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاری تاران لەسەر خراپیی بارودۆخی ژیان، کەمیی مووچە و بێبایەخکردنی جێگەوپێگەی مامۆستایان لە حکوومەتدا کانوونی سینفیی مامۆستایانیان دامەزراند کە لە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٧٨ی هەتاوی، توانییان لە وەزارەتی پەروەردە بەفەرمی مۆڵەت بۆ ئەو دامەزراوەیە وەربگرن. بەپێی ئەم مۆڵەت و ڕێپێدانە فەرمییە و هەروەها بەپێی بەندەکانی ٢٦ و٢٧ یاسای بنەڕەتیی ئێران، چالاکی و مافخوازیی مامۆستایان لەژێر چاودێریی شورای هاوئاهەنگیی کانوونی سینفیی مامۆستایانی ئێران دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، گەڵاڵەی پلەبەندیی مامۆستایان کە لە بڕگەی شەشی بەڵگەنامەی ئاڵوگۆڕی بونیادیی دەزگای پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمدا ئاماژەی پێ کراوە و لە پاییزی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویدا ڕادەستی مەجلیسی ڕێژیم کرا کە هەر لەو ساڵەدا پەسەند بکرێت، بەڵام مەجلیسی ڕێژیم ڕەتی کردەوە. بەم هۆکارەوە بزووتنەوەی سینفیی مامۆستایان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و لە هەموو ئێراندا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە ئەنجومەنە سینفییەکانی مامۆستایان بە مانگرتنەکان ناڕازیەتیی خۆیان لەسەر ئەم پرسە دەربڕی. ئەنجومەنە سینفییەکانی مامۆستایانی کوردستان لە چالاکترین دامەزراوەکانی مامۆستایانن و بەتایبەت ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی پارێزگای سنە لەو کاتەوە تاکوو ئێستە یەکێک لەو ئەنجومەنە چالاکانەیە کە هەموو کات لە بەڕێوەبردنی مانگرتن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی مامۆستایان بەردەوام بووە و پاشەکشێی نەکردووە.

ئێستا بێینە سەر ئامانجەکان. مامۆستایان لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتن و ناڕەزاییەتییانە ئامانجیان زۆرە، بەڵام دەتوانین بڵێین گرینگترینی ئەوانە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوییەوە هەتاکوو ئێستا لەسەری پێداگرن، بریتین لە:

**یەکەم**: جێبەجێکردنی بەندی ٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم کە ئاماژە بەوە دەکا کە خوێندن و پەروەردەکردن لەسەر بوودجەی دەوڵەت مافی هەموو منداڵانە لە ئێراندا.

**دووهەم**: جێبەجێکردنی گەڵاڵەی پلەبەندی و زیادکردنی مووچەی مامۆستایان کە دەیان ساڵە لە مەجلیسدا ماوەتەوە و و نەتەنیا پەسەند نەبووە، بەڵکوو بایەخیشی پێ نادرێ.

**سێهەم**: پەروەردە بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا بۆ هەموو منداڵان بەبێ جیاوازی، کە ئەم داخوازییە لە کوردستاندا بەرچاوترە. بەڵام دوای ئەوەی کە لەم ساڵانەدا زۆربەی چالاکانی سینفیی مامۆستایان بەردەوام دەستبەسەر ئەکرێن، یەکێک لە گرینگترین داخوازییەکانی ئەم ڕۆژانەی مامۆستایان، ئازادکردنی مامۆستا دەستبەسەرکراوەکانە؛ ئەویش بەبێ هیچ مەرجێک.

**کاروان مێراوی**: لەسەر سروشتی مانگرتن، ناڕەزایەتی و ڕێکخستنەکانی مامۆستایان بفەرموون. پێتان وایە چ هۆکارگەلێک ئەم ڕێکخستنانەی مامۆستایان لە ڕێکخستنە سینفییەکانی دیکەی کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە؟

**چرۆ ئەردەڵان**: مانگرتن، خۆپیشاندان و ڕێکخستنەکانی مامۆستایان، لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەستپێکردنیەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێکخستنە سینفییەکانی دیکەدا نەبوو، بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی زانیاریی مامۆستایان سەبارەت بە یاسای پەروردە و لە هەمانکاتدا دروستبوونی شوڕای هاوئاهەنگیی سینفیی مامۆستایان و پێوەندی لەنێوان مامۆستایانی سەرانسەری ئێراندا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ نارەزایەتی تر هێناوەتە ئاراوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم نارەزایەتییانەی مامۆستایان جیاواز نیشان دەدات، بایەخنەدان بە مامۆستایانە لەلایەن ڕێژیمەوە و بەدڵنیاییەوە تاکوو گەیشتن بە ئاکام ئەم خۆپێشاندان و نارەزایەتییانەش هەر بەردەوام دەبن، بەڵام نارەزایەتیی سینفەکانی تر لەم ئاستەدا کەمتر بەڕێوە دەچن. دەکرێت بێژم چالاکییەکانی مامۆستایان لە سێ ڕوانگەوە جیاواز و تایبەتە کە بریتین لە: یەکەم؛ مامۆستا نەتەنیا باری قورسی ژیانی خۆی لەسەر شانیەتی، بەڵکوو خەم و پەژارە و هەژاریی کومەڵگەش لە ڕێگەی قوتابییەکانییەوە بەباشی هەست پێ دەکات و ئازاری دەدات، بەتایبەت نەبوونی دادپەروەری و لاوازبوون و خراپیی سیستەمی پەروەردە، زۆرتر هانی مامۆستایان دەدات بۆ مانگرتن و مافخوازی. دووهەم؛ مامۆستایانی ئێستا هەموویان لە ئاستێکی باشدا خوێندەواری زانستگە و زانکۆکانن و زانیاریی باشیان لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە و زۆر بەباشی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگەن و هەست بە نادادپەروەرییەکان دەکەن، بۆیە نارەزایەتییەکانمان زۆر ئامانج و داخوازیی لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا. سێهەم؛ لەلایەن قوتابییان و بنەماڵەکانییانەوە پاڵپشتییەکی زۆر باش لە مامۆستایان دەکرێت کە ئەمە بۆ مامۆستایان هەم دڵخۆشییەکی یەکجار گرنگە و هەم هێز و وزەمان پێ دەبەخشێت بۆ بەردەوامبوونمان لەسەر داوا ڕەواکانمان. دەبێ ئەوەش ببینین کە بزاڤ و داخوازیی مامۆستایانی کوردستان جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ نارەزایەتیی مامۆستایانی ئێران هەیە.

**کاروان مێراوی**: وەک ئاماژەتان پێ کرد، داخوازیی مامۆستایانی کوردستان لە داخوازیی مامۆستایانی ئێران جیاوازترە، ئەم جیاوازییە لە چیدایە؟ مامۆستایانی کوردستان داڵغەی چییان هەیە کە ئەو جیاوازییەی دروست کردوە؟

**چرۆ ئەردەڵان**: مافخوازیی مامۆستایانی کوردستان زۆر پتەوتر لە مامۆستایانی ئێرانە کە خوێندن و پەرەوەردەکردنی منداڵانی کوردستان بە زمانی کوردی هەر لە دەسپێکی خوێندنەوە تاکوو بەرزترین ئاستەکانی خوێندن، گرنگرین و بنەڕەتیرین جیاوازیی هێناوەتە ئاراوە، ئەمەش بەڕاستی شتێکی قورس نییە و لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا خوێندن بە زمانی دایکی وەک ماف بۆ هەموو دانیشتووانی ئێران گونجێندراوە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و تۆتالیتێر بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا و بەتایبەت لە کوردستان، ئەو ماددەیە تاکوو ئێستەش دوای زیاتر لە ٤٣ ساڵ جێبەجێ نەکراوە و ئێمەش وەکوو مامۆستایانی کوردستان لەسەر ئەم مافە بنەڕەتییەی منداڵان و قوتابییەکانمان پێداگرین و ئیتر بێدەنگ نابین. جیا لەوەش، بە هۆکاری ئەوەی کە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران کوردستانی کۆلۆنیالیزە و هەموو مافە نەتەوەییەکانمانی پێشێل کردوە و بە بیانووگەلی جۆراوجۆری بێبنەما دەیان ساڵە سەدان



سەرچاوە
Serchawe

کێشەشی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە، مامۆستایانیش چونکە زۆربەی ژیانمان لەگەڵ قوتابییەکانمان تێپەڕ دەکەین، خۆمان بە بەشێک لەوان دەزانین و هەموو هەوڵێکیشمان بۆ گۆڕانی ئەو بارودۆخەیە. کەواتە ئێمەی مامۆستایانی کورد بە هەستکردنی بە بەرپرسیارەتی، بۆ گۆڕانی ئەم بارودۆخە و بەتایبەت بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی ڕێژیم بە مەبەستی لانیکەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی، هەوڵی خۆمان دەدەین.

جیاوازیی دیکە ئەوەیە کە لە پێکهاتنی ئەنجومەنی مامۆستایانی کوردستاندا، مامۆستایانی شارەزا بەشدارن کە بەباشی توانیمان ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە و بەخۆشییەوە زۆربەی مامۆستایان لە مانگرتنەکاندا بەشدار بوون. من پێم وایە گرینگترین جیاوازی، بارودۆخ و کەشی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی داگیرکەرە لە کوردستان و بەتایبەت لە پارێزگای سنە، ڕێژیم پێی خۆشە نییە هیچ کۆبوونەوەیەک لە کوردستان بەڕێوە بچێت. کاتێک بە پەروەندەسازی بەرانبەر بە مامۆستایانی کوردستان ڕادەوەستن، ئێمەش بۆ بەرگریکردن لە ئامانجەکانی خۆمان، قوتابییەکانمان و منداڵانی کوردستان زۆرتر کۆبوونەی ناڕەزایەتی ڕێک دەخەین و ئەمەش بە مافی خۆمان دەزانین.

**کاروان مێراوی**: لەم ماوەیەدا کە ناڕەزایەتیی مامۆستایان سەری هەڵ داوەتەوە، وەک باسیشتان کرد ڕێژیم وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ناڕەزایەتییانەی داوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ڕێژیم بۆچی لە ناڕەزایەتیی مامۆستایان ئەترسێت؟

**چرۆ نەردەڵان**: ئەگەر مێژووی ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە هەموو وڵاتاندا بخوێنینەوە، ئەو ترسە شتێکی تازە نییە، بەتایبەت لە ئێراندا کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دیکتاتۆر بەسەر خەڵکدا زاڵە. ناڕەزایەتیی مامۆستایان بە واتای ناڕەزایەتیی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگەیە، پێشتر باسم کرد کە ژیانی مامۆستایان لەژێر هێڵی هەژاریدایە و ئەمەش زەنگی مەترسییە، (هەژاری عەیب نییە، بەڵام ئەم هەژارییە بۆ ئێمە لەم ئێرانەدا بەو گشتە سامانەوە، بەڕاستی کارەساتە) ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوەی کە یەک شەمچە بۆ هەڵکردنی ئاگر بەسە. لەم سەردەمە سیاسییەی ئێراندا کە گەمارۆی لەسەرە و دەورانێکی دژوار تێپەڕ دەکات، پاڵپشتیی خەڵک زۆر بۆی گرینگە، بەڵام کاتێک دەبینێت بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە کە مامۆستایانن و پەروەردەکردنی مێشک و بڕوای دوو - سێ نەوەی کۆمەڵگە بەدەستیانە و ناڕازین و مانگرتن و کۆبوونەوەکانیان زۆرتر بۆتەوە، هەست بە مەترسی دەکات و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی مامۆستایان دەدات و ئەم سەرکوتانەش لەسەر مامۆستایانی کوردستان زیاتر، توندڕەوانەتر و بەرچاوترە.

**کاروان مێراوی**: وەک باستان کرد سەرکوتی مامۆستایانی کوردستان زیاتر و توندڕەوانەترە و لە ڕەوتی دەستبەرکردنی مامۆستایان، بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ؛ زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا گیراون کە ڕێژەیەکی زۆریان



سەرچاوە Serchawe

**کوردن و لە کوردستان بوون، هۆکاری ئەوەی کە ڕەشبگیریی مامۆستایانی کوردستان لە ئێران زیاترە، چییە؟**

**چرۆ ئەردەڵان**: هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران بۆ کوژاندنەوەی چرای ئەنجومەنە سینفییەکان و داخوازییەکانی مامۆستایانی کوردستان، مێژووی سیاسیی ڕەوای کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەییی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو دەگرێت و ئەمەش پێکەوە گرێ ئەدەن، لە کاتێکدا مامۆستا سیاسەتمەدار نییە و تەنیا ئەوە کە لە بواری کاری خۆیدا شارەزایە. ئێمەش داوای مافی ڕەوای خۆمان و قوتابییەکانمان دەکەین، ڕژێم بۆ سەرکوتکردن و لەنێوبردنی بزاڤی مامۆستایانی کوردستان، سیناریۆسازی و پەروەندەسازیی بێبنەما دەکات و بەم هۆکارەشەوە ڕەشبگیریی مامۆستایانی کوردستان زۆرتر و دڕندانەترە.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەنجومەنی مامۆستایانی کوردستان و بەتایبەت لە شارەکانی سنە، مەریوان، دیواندەرە و سەقز چالاکترین ئەنجومەنەکانی مامۆستایان لە ئێستای ئێرانن و ناڕەزایەتییەکانیان زۆرترە، هەرچەند لەم دوو مانگەدا زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا دەستبەسەر کراون، بەڵام مامۆستا دەستبەسەرکراوەکانی ئێمە لە کوردستان زۆرتر لە سەرجەم شوێنەکانی تری ئێرانە و گوشاری ڕەوانی و دەروونیی زۆریان خستووەتە سەر خۆمان و بنەماڵەکانمان، ئەمەش بۆ ترسی ڕێژیم لە خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە.

**کاروان مێراوی: لە بەیاننامەی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستاندا ئاماژە بە سیناریۆسازی، پەروەندەسازی و سیاسەتی دۆڕاوی ڕێژیم کراوە. پێتان وایە ئەم هەوڵانە ڕێژیم توانیویەتی کاریگەریی لەسەر بێدەنگکردنی مامۆستایان هەبێت؟**

**چرۆ ئەردەڵان**: وەک لە پرسیاری پێشتر باسم کرد؛ بۆ بێدەنگکردنی مامۆستایانی کوردستان سناریۆی زۆریان دروست کردوە، یەکێک لەو سیناریۆگەلە دیداری سینفیی مامۆستایانی مەریوان و فەرانسە بوو کە دیدارێکی یاسایی بووە و لە هەموو سینفەکاندا ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە هەیە، بەڵام ڕێژیم چونکە لە کوردستاندا لە سێبەری خۆشی ئەترسێت، ڕەنگی سیاسی و تۆمەتی جاسووسییان لەم دیدارە داوە. سیناریۆیەکی دیکە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بوو کە کاناڵی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگای سنە بڵاوی کردەوە و لەو فیلمەدا وەکوو نەریتی هەمیشەیی ڕێژیم مامۆستایانی ناڕازی بە مۆرەی بێگانە لەقەڵەم دراوە و پێوەندی دەدەن بە تێکدانی ئاسایشی بەناو نەتەوەیی ڕێژیمەوە کە لە بنەڕەتدا ئەمە تەنیا بیانووەکە بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی مامۆستایانی مافخواز و ناڕازی. لەکاتێکدا پێش لە سەرهەڵدانی بزاڤی مامۆستایان و وتار و دروشمەکان، ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایان ڕایانگەیاندووە کە داخوازیی ئێمە بەتەواوەتی سینفییە و تەنیا داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام بەداخەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە مامۆستا دەستبەسەرکراوەکان لە ناوەندە



سەرچاوە
Serchawe

سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی داگیرکەر، داوای دانپێدانانی زۆرەملێ دەکەن کە ئەنجومەنەکانی مامۆستایان گرێ بدەن بەو شتانەی کە لە مێشکی ڕزیوی خۆیاندایە، بەڵام بەختەوەرانە تاکوو ئێستە نەیانتوانیوە بە ئامانجی گڵاوی خۆیان بگەن و ناتوانن مامۆستایانی کوردستان بێدەنگ بکەن.

**کاروان مێراوی**: بۆچی تاکوو ئێستە بەرپرسانی ڕێژیم لە هەر ئاست و بەرپرسیارەتییەکدا نەهاتوونەتە سەرهێڵ بۆ گوێگرتن لە داخوازیی مامۆستایان، واتە بۆچی بایەخیان بەو ناڕەزایەتییانە نەداوە؟

**چرۆ ئەردەڵان**: پرسیارەکەتان جێگەی تێڕامانە، ئەوە کە بۆچی تاکوو ئێستا بایەخ بە ناڕەزایەتیی مامۆستایان نەدراوە؟ لەم ساڵانەدا هاواری مامۆستایان زیاتر بەرز بووەتەوە، بەڵام هیچ بەرپرسێک گوێی لێ نەگرتوە، ئەمەش بە چەند هۆکار: یەکەم؛ بەداخەوە لەنێوان مامۆستایاندا چەند دەستەیی هەیە، ئەوانەی کە هێشتا لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی فەرمی دانەمەزراون و نەبوونەتە مامۆستای فەرمی، لە ترسی ئەوەی کە دایاننەمەزێنن بەشدار نابن. دووهەم؛ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و جێگرەکانیان بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان کەمتر بەشدار دەبن. سێهەم؛ شارە چووکەکان چونکە کەشی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بەسەریاندا زاڵترە، بەشدار نەبوون. چوارەم؛ لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران جگە لە شیراز و ئەلبۆرز و لە پارێزگاکانی کوردستانیش جگە لە سنە، مامۆستایان یەکگرتوو نین و کۆبوونەوەکانیان زۆر کەمە. پێنجەم؛ لە هەمووی گرینگتر، پاڵپشتی‌نەکردنی هاوکارانی بەڕیوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و بەتایبەت وەزارەتی پەروەردەیە لە داخوازیی مامۆستایان. جگە لەمانەش تاکوو ئێستەش بۆمان ڕوون نەبووەتەوە کە بۆچی هیچ وڵاتێک و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش پاڵپشتیی مامۆستایان ناکەن! بەڵام ئێمەی مامۆستایانی کوردستان تاکوو گەیشتن بە ئامانجەکانمان بەردەوامین.

**کاروان مێراوی**: وەک ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان چ چاوەڕوانییەکتان لە توێژ، ڕێکخراو و ناوەندە مەدەنییەکانی تری کۆمەڵگە، هەروەها حیزبە سیاسییەکان و میدیاکان هەیە؟

**چرۆ ئەردەڵان**: هەر وڵاتێک وەکوو پازڵە و هەر کەس و گرووپێک لە جێگەی خۆیدا بێت، بە دڵنیاییەوە ئەو وڵاتە زۆر بەهێزتر و پێشکەوتووترە. مامۆستا لە هەموو کاتێکدا مامۆستایە، سەرەکیترین ئەرکی مامۆستاش ئەوەیە کە قوتابیی شارەزاو و بلیمەت بۆ کۆمەڵگە و داهاتووی گەل و نیشتمان بار بهێنێت و ئەمەش کاتێک ڕوو ئەدات کە خۆی کەمترین کێشەی هەبێت و هەموو بیر و هزری بۆ کارەکەی واتە پێگەیاندنی قوتابیی وریا دابنێت. مامۆستایانی کوردستان بە هۆی نادادپەروەری و سیستەمی نەخۆشی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە، ساڵانێکە گوشارگەلێکی زۆر و بەتایبەت گوشاری ئابووری لەسەرمانە و هێزی لە ئەژنۆی زانستیی خۆمان و قوتابییەکانمانی گرتوە، بۆیە ناڕەزایەتیی خۆمانمان دەربڕیوە و لەم



سەرچاوە Serchawe

ڕێگەیەشدا زۆر بووینەتە قوربانی. دڵنیا بن قەت دەست لەم ئامانجە پیرۆزە بەر نادەین و نابێت جیاوازی لەنێوان وزارەتی پەروەرە و فڵان وزارەتدا هەبێت. ئێمەش کە لە ئێستادا دانیشتووی ئەم جوغرافیا سیاسییەین و بە قەوڵی فارسەکان و بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەموومان ئێرانین، نابێت لەنێوان قوتابییەکی تاران و قوتابییەکی کوردستان یان بەلووچستاندا جیاوازی هەبێت و دەبێت هەموویان وەکوو یەک مافی یەکسانیان هەبێت، بەلام لە کردەوەدا جیاوازیی زۆر هەیە. نابێت کەرامەتی مامۆستا بە هۆی نەدارییەوە خەوشدار بکرێ و ڕێژیم نابێت یاری بە کەرامەتی مامۆستا بکات. بۆیە لە ڕێکخراو، ناوەند و دامەزراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان، حیزبە سیاسییەکانمان، میدیاکان و سەرجەم کۆمەڵگەی کوردستان داخوازین لەم بارودۆخە ناجێگیرەی ئێمەی مامۆستایاندا بە هەر شێواز و هەرجۆرێک کە دەتوانن پاڵپشتمان بن و ئامانجەکانی ئێمە بە ڕوونی بگەیەننە ناوەند و شوێنە پێوەدنیدارە نێونەتەوەییەکان تاکوو بتوانین ئەرکی خۆمان بە باشترین شێوە بەڕیوە ببەین و ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لەمە زیاتر کێشەمان بۆ دروست نەکات، چۆن مامۆستای کورد باشتر و دڵسۆزانەتر منداڵی کورد پەروەردە دەکات و هەموو هەوڵی خۆمان ئەخەینە گەڕ تاکوو منداڵانی کوردستانمان زیرەک، وریا، هۆشیار، چاوکراوە و نەتەوەیی بار بهێنین.

**کاروان مێراوی**: مامۆستا چرۆ سەرەڕای سەرجەم کێشە و گرفتەکانتان زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم هەڤپەیڤینە دانا، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ گوتن یان شتێک لەبیرمان چووە باسی بکەین، بفەرموون!

**چرۆ ئەردەڵان**: لە کۆتاییدا سپاستان دەکەین کە کێشە و گرفتی مامۆستایان بۆتان گرینگە و ئەم کاتەتان دانا کە باشتر ئامانجەکانمان ڕوون بکەینەوە. دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەرکی ئێمە ئەوەیە قوتابیی شارەزا، بلیمەت و نەتەوەیی پێشکەش بە داهاتووی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین، نەوەیەک پێ بگەیەنین کە هزری هەتاو بێت و خۆی، گەل و نیشتمانەکەی بەباشی بناسێت و لە دەوروبەرەکەشی تێ بگات، دڵنیاش بن هەموو هەوڵی خۆمان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە دەخەینە گەڕ و هەمووانیش دەبێ پشتیوانمان بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## شوان عەتۆف: نابێ لەسەر شاشەی تیڤییەکانمان دراما نامانجدارەکانی ڕێژیمە فاشیستەکانی فارس، تورک و عەرەب بڵاو ببنەوە




ڕۆژی هەینی، ١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی، بەبۆنەی ڕۆژی سینەمای کوردی و هاوکات لەگەڵ ٣٨ـەمین ساڵڕۆژی کۆچی دواییی "یەڵماز گونای"، نووسەر و سینەماکاری کورد، کۆمپانیای "هاواری فیلم" لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە سینەماکاران و کەسایەتییەکانی کوردستان، پێشانگەیەکی تایبەت بە کۆبەرهەمەکانی "یەڵماز گونای"ی کردەوە.

**لە دەسپێکی کاری پێشانگەکەدا "شوان عەتۆف"، دەرهێنەر و ئەکتەری سینەمای کوردی، چەند وتەیەکی لەسەر ڕۆژی سینەمای کوردی و جێگەوپێگەی "یەڵماز گونای" لەو سینەمایەدا پێشکەش کرد. ئەو گوتی:** "ئەمن حەز ناکەم یەڵماز گونای تەنیا بە باوکی سینەمای کوردیی ئەژمار بکەم، حەز دەکەم بە جوانترین سینەماکاری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی ئەژمار بکەم. ئێمە دەزانین کە زۆر کەسایەتیی سینەمای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵیدا کاریان کردووە."

**ناوبراو لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی سینەمای کوردی، گوتی:** "خۆشحاڵم بەوەی کە کۆمپانیای هاواری فیلم سێ ساڵە ڕۆژی ٩ی سێپتامبر کە ڕۆژێکی سیمبۆلیکە و ڕۆژی مردنی مرۆڤێکی مەزن و سینەماکارێکی گەورەیە، وەکوو ڕۆژی سینەمای کوردی

دیاری کردوە. یەڵماز گونای ئەو کەسایەتییە بوو کە گوشاریان بۆ دەهێنا تاکوو حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات و پێیان دەگوت بێژە تورکم، بەڵام ئەو شێلگیرانە پێداگریی لەسەر کوردبوونی خۆی دەکرد و دەیگوت من کوردم."

**شوان عەتۆف لە کۆتاییی قسەکانیدا ئاماژەی بە هێژمۆنی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی سینەمای داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرد و ڕایگەیاند:**"، نابێت لەمە زیاتر نەتەوەی کورد هونەرمەندەکانی خۆی لەبیر بکات و هونەرمەندانی بیانی بخاتە سەر شاشەی تیڤییەکانی، پێم وایە هیچ نەتەوەیەک ئەم کارە ناکات."

**لە بەشێکی تری بڕگەی یەکەمدا بەڕێز "هاوار مستەفا خان"، بەرپرسی کۆمپانیای "هاواری فیلم" وتارێکی لەسەر ڕۆژی سینەمای کوردی پێشکەش کرد** و سپاسی ئەو کەسانەی کرد کە پاڵپشیی کولتوور، هونەر و ڕۆژی سینەمای کوردی دەکەن. ئەو لە نێوئاخنی وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو جۆرە پاڵپشتیکردنە دەبێتە هۆکاری دڵگەرمیی هونەرمەندانی کورد بۆ کاری زیاتر و ئەمەش تەنانەت لە ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی بۆ کورد دەبێت، ڕایگەیاند: "من باوەڕم بە تواناسازیی هونەرمەندانی کورد هەیە، ئەگەر لەم بوارەدا ئەستێرەی کورد بژمێرین، یەکجارن زۆرن، بەڵام بەداخەوە پاڵپشتی ناکرێن."

**ناوبراو لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "کوردستان" لەسەر ئامانجی کردنەوەی ئەم پێشانگەیە لەو ڕۆژە دیاریکراوەدا وتی:**
"ئێمە سێ ساڵە ساڵانە لە ڕۆژی ٩ی سێپتامبردا یادی ڕۆژی سینەمای کوردی دەکەینەوە. ئەو ڕۆژەی کە یەڵماز گونای بەجێمانی هێشت، ئێمە بە ڕۆژی هەستانەوەی لەقەڵەم دەدەین. ئەم ڕۆژە لە مێژووی سینەمای ئێمەدا ڕۆژی باشترین فەیلەسووف، ئەکتەری سینەما، دەرهێنەر و نووسەر، یەڵماز گوناییە، نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا. یەڵماز پێنج ڕۆمانی نووسیوە، ئێمە ڕۆمانەکانیمان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و هەر ساڵێک یەکیان بڵاو ئەکەینەوە، ئەمساڵیش ڕۆمانێکیمان بڵاو کردەوە. نزیک بە ٦٠ سیناریۆی نووسیوە، لە ماوەی دوو ساڵدا ٧ سیناریۆیمان بڵاو کردۆتەوە. بە پێویستی دەزانین کە گەوهەرەکەی یەڵماز گونای بە زمانی کوردی بڵاو ببێتەوە. یەڵماز گونای ٣٨ ساڵە بەجێمانی هێشتووە، بەڵام کتێبەکانی بە زمانی کوردی نین، ئێمە یەکەم دامەزراوەین کە بڕیارمان داوە کار لەسەر بەرهەمەکانی بکەین. ئەمانەوێت هاوار بکەین، ئەو مێژووە دووباره بکەینەوە. دوو بەشی تایبەت بە سینەما لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانیدا هەیە کە پێویستیان بە سەرچاوەیە، سەرچاوە بە زمانی کوردی زۆر بەدەگمەن هەیە. لەڕاستیدا چەند ئامانجی سەرەکیمان هەیە، وەکوو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سینەمایی، بەرهەمهێنانی فیلم، پرۆژەیەکی گەشتیاریی سینەمایی بە ناوی یەڵماز گونای."

**هەندێک جار باس لەوە دەکرێت کە کورد سینەمای نییە. لەم پێوەندییەدا پرسیارمان لە بەڕێزیان کردوە کە ئایا**

بەڕاستی کورد سینەمای نییە؟ لەم قۆناغەی ئێستەدا سینەما چەندە بۆ کورد گرنگە؟ لە وەڵامدا گوتی: "بەدڵنیاییەوە سینەمامان هەیە، چونکە لە هەموو کوردستان ئەبێت حیسابی بۆ بکەین. سینەمای ئێمە وەکوو سیاسەت بە زەحمەت لە جووڵەدا بووە، بەڵام هەر کاتێک فیلمێکی کوردی بڵاو ئەبێتەوە، بە ڕادەیەکی باش لە جیهاندا بڵاو ئەکرێتەوە. یەڵماز گونای لە حەفتاکانەوە خەریکە کورد بە هەموو جیهان ئەناسێنێت. لەو کاتەدا کە زمانی کوردی قەدەغەیە، لە فیلمەکانیدا بە کوردی قسە دەکرا، گۆرانی بە کوردیی بڵاو دەکردەوە، چونکە دەیهەویست پەیامەکە بگەیەنێت."

لە بڕگەیەکی تری بەرنامەکەدا، پێشانگەکە لەلایەن سینەماکار "شوان عەتۆف" کرایەوە و سەرجەم بەرهەمە نووسراوەکانی "یەڵماز گونای" کەوتە بە سەرەنجی بەشداربووان و بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

کۆمپانیای "هاواری فیلم"، ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی، لە ٣٦ـەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی "یەڵماز گونای"، ڕۆژی ١٨ی خەرمانان (٩ی سێپتامبر)ی وەکوو ڕۆژی سینەمای کوردی ڕاگەیاند و لەلایەن سینەماکارانی کوردەوە پێشوازیی لێ کرا و ماوەی سێ ساڵە؛ ساڵانە لەو ڕۆژەدا هاوکات لەگەڵ یادکردنەوەی ساڵرۆژی کۆچی دوایی "یەڵماز گونای"، بە چالاکیی جۆراوجۆر ڕۆژی سینەمای کوردییش بەرز ڕادەگیردرێت.

یەڵماز حەمید ئۆغلوو، ناسراو بە یەڵماز گونای، ساڵی ٢٦٣٧ی کوردی، لە "ئەدەنە"ی باکووری کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵی ٢٦٥٨ی کوردی چالاکییەکانی خۆی لە سینەمادا بە نووسینی سیناریۆ و بەرهەمهێنانی فیلم دەست پێ کردوە و خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگەی کوردستان کردوە. ١٧ خەلاتی نێودەوڵەتیی بەدەست هێناوە کە بەناوبانگترینیان خەلاتی "چڵە خورمای ئاڵتونی"ـی فستیڤاڵی سینەمای "کان" لە ساڵی ٢٦٨٢ی کوردی بووە. لە ساڵی ٢٦٨٤ی هەتاوی لە پاریس کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین


**بۆ هاوڕێ کاروان مێراوی بۆ ئامادەکردنی دیمانەکان و وەڵامدانەوەی بەشدارانی هێژا.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**